

وەرگێڕانی: باوکی زانیار

# باخچەکانی تەبوك

## کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پێشبینی کردن

لــە صەحیحی ئیمامی موســلیمدا هاتووە:

عن مُعَاذَ بْنَ جَبَلٍ أَخْبَرَهُ قَالَ خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- عَامَ غَزْوَةِ تَبُوكَ فَكَانَ يَجْمَعُ الصَّلاَةَ فَصَلَّى الظُّهْرَ وَالْعَصْرَ جَمِيعًا وَالْمَغْرِبَ وَالْعِشَاءَ جَمِيعًا حَتَّى إِذَا كَانَ يَوْمًا أَخَّرَ الصَّلاَةَ ثُمَّ خَرَجَ فَصَلَّى الظُّهْرَ وَالْعَصْرَ جَمِيعًا ثُمَّ دَخَلَ ثُمَّ خَرَجَ بَعْدَ ذَلِكَ فَصَلَّى الْمَغْرِبَ وَالْعِشَاءَ جَمِيعًا ثُمَّ قَالَ « إِنَّكُمْ سَتَأْتُونَ غَدًا إِنْ شَاءَ اللَّهُ عَيْنَ تَبُوكَ وَإِنَّكُمْ لَنْ تَأْتُوهَا حَتَّى يُضْحِىَ النَّهَارُ فَمَنْ جَاءَهَا مِنْكُمْ فَلاَ يَمَسَّ مِنْ مَائِهَا شَيْئًا حَتَّى آتِىَ ». فَجِئْنَاهَا وَقَدْ سَبَقَنَا إِلَيْهَا رَجُلاَنِ وَالْعَيْنُ مِثْلُ الشِّرَاكِ تَبِضُّ بِشَىْءٍ مِنْ مَاءٍ - قَالَ - فَسَأَلَهُمَا رَسُولُ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- « هَلْ مَسَسْتُمَا مِنْ مَائِهَا شَيْئًا ». قَالاَ نَعَمْ. فَسَبَّهُمَا النَّبِىُّ -صلى الله عليه وسلم- وَقَالَ لَهُمَا مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَقُولَ - قَالَ - ثُمَّ غَرَفُوا بِأَيْدِيهِمْ مِنَ الْعَيْنِ قَلِيلاً قَلِيلاً حَتَّى اجْتَمَعَ فِى شَىْءٍ - قَالَ - وَغَسَلَ رَسُولُ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- فِيهِ يَدَيْهِ وَوَجْهَهُ ثُمَّ أَعَادَهُ فِيهَا فَجَرَتِ الْعَيْنُ بِمَاءٍ مُنْهَمِرٍ أَوْ قَالَ غَزِيرٍ - شَكَّ أَبُو عَلِىٍّ أَيُّهُمَا قَالَ - حَتَّى اسْتَقَى النَّاسُ ثُمَّ قَالَ « يُوشِكُ يَا مُعَاذُ إِنْ طَالَتْ بِكَ حَيَاةٌ أَنْ تَرَى مَا هَا هُنَا قَدْ مُلِئَ جِنَانًا) . رواه مسلم في صحيحه

لــە مەعــازی کــوڕی جەبەلەوە خــوا لێی رازیبێــت ...... دەیگێڕێتەوە:( لە ســاڵی غەزای تەبوکدا، لەگــەڵ پێغەمبەری خوادا (صلی الله علیه و سلم) ڕۆیشتینە دەرەوە بۆ ئەو غەزایە، لەو ماوەیەدا پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه و سلم) نوێژەکانی کۆدەکردەوە، نوێژی نیوەڕۆو عەسری بەیەکەوەکۆدەکردەوە، هەروەها نوێژی شــێوانو عیشــاش، هەتا ڕۆژێکیان پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) نوێژی دواخست، پاشان هاتە دەرەوە و نوێژی نیوەڕۆ و عەسری پێکەوە کردو پاشــان چووەوە ژوورەوە ،دوای ماوەیەك هاتەوە دەرەوەو نوێژی شێوانوعیشای پێکەوە کــرد ،فەرمــووی :ان شــاواللە ســبەینێ کاتی چێشــتەنگاو دەچنــە ســەر کانی تەبــوك، جا هەرکەس لە ئێوە گەیشتە ئەوێ، با هیچ دەست لە ئاوەکەی نەدات، هەتا منیش دەگەمە لای.

کاتێــك گەیشــتینە لای کانییەکــە، دوو پیــاو پێــش ئێمە کەوتبــوون و لــەوێ بوون، کانییەکــەش ئاوێکی کەمی هێنــدەی قەیتانی پێڵاوێکی لەبەردەڕۆیشت ...... پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) پرسیاری لە دوو پیاوەکە کرد: ئایا هیچ دەستتان لە ئاوی کانییەکە داوە؟ وتیــان بەڵــێ . پێغەمبەریش (صلــی الله علیه و ســلم) لۆمە و سەرزەنشــتی کردن و هێندەی خوا ویســتی لێبوو قسەی پێ گوتن ...... پاشان خەڵکەکە بەدەستیان کەم کەم ئاویان لەکانییەکە دەگرت، هەتا لە شــتێکدا ئاوەکەیان کۆکردەوە ...... پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه و ســلم )دەست و دەموچاوی تیادا شت و پاشان ئاوەکەی کــردەوە ناو کانییەکە، ئیــتر کانییەکە ئاوێکی خوڕ یان زۆر و لێشــاوی لەبەر ڕۆشــت ...، هەتا خەڵکەکە ئاویان خواردەوە ، پاشــان پێغەمبەر (صلی الله علیه و ســلم) فەرمووی : ئەی مەعاز نزیکە، ئەگەر خوای گەورە تەمەنت درێژ بکات، ئەوکاتە ئەم ناوچەیــە ببینیتەوە،کەهەمووی پڕ بووە لەباخو باخات) .

ئــەم فەرموودەیــە هــەروەك چــۆن باس لە دروســتیی کۆکۆدنەوەی نوێــژەکان دەکات، هاوکات باس لە هەندێك موعجیزەی پێغەمبەر (صلی الله علیەو سلم)دەکات.

### پێگەی تەبوك

میرنشــینی تەبــوك، دەکەوێتــە باکووری ڕوژئــاوای ســعودیە، ڕووی ســەرەوەی تەبوك بەرامبەر بە وڵاتی شامە و کەنارێکیشی لەسەر دەریای سوور هەیە،ناوچەی تەبوك لەسەردەمی پێغەمبەردا(صلی الله علیه وسلم) بیابانێکی کەم ئاو بوو، بەڵام بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ژینگە، کە ناوچەی تەبوك و گۆی زەویشی بەشێوەیەکی

گشتی گرتەوە، ڕێژەی بارانبارین لە ناوچەی تەبوكدا زیادی كردو بووە گرنگترین سەرچاوەی دەستكەوتنی ئاو لە میرنشینی عەرەبی سعودیدا، بەوەش تەبوك لە بیابانەوە گۆڕرا بە یەكێك لە ناوچە كشتوكاڵییەكان بەجۆرێك لە ساڵی ١٤٢٠ی كۆچیدا، پانتایی زەویی چێنراو نزیكەی٢٢٨٣٨٤٠ هكتار بوو، كە لە ٧٠٪ ی ئەو ڕێژەیە دەكەوێتە دەوروبەری شاری تەبوكەوە لەسەر ڕێی مەدینەی مونەوەرەو ڕێگای ئوردون ( ڕێگای مەلیك خالیدی پێشوو). ڕێژەی گەنم لە پێش هەموو بەرهەمە چێنراوەكانی تردا دێت، هەروەها (شركة تبوك للتنمية الزراعية ( تادكوا)،كە بە گەورەترین و زەبەلاحترین كۆمپانیای كشتوكاڵی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەند (جیهانی ئیسلامی)دا دادەنرێتو پسپۆرە لە بەرهەمهێنانی میوە و ئالیك ودانەوێڵە و پەتاتە و پیازدا، دەكەوێتە ناوچەی تەبوكەوە، كە نزیكەی ٤٥ كم بە ئاراستەی سنووری ئوردونی لە شاری تەبوكەوە دوورە. هەروەها لە تەبوكدا كۆمپانیای (ئەسترا)هەیە، كە پانتایی زەوییەكەی ٣٥كم دووجایەو گوڵی چنین بەرهەمدەیهێنێت، گوڵی جۆری مێخەك و لەیلیم وبەیبوون وجەربیراو ئەستر، كە تەنها بۆ بازارەكانی ناوخۆی سعودیە دەنێردرێت، هەروەها كێڵگەكانی تەبوك ترێ و زەیتوون و چەقاڵە و قۆخ و قەیسی ومزرەمەنییەكان و سێو بەرهەم دێنن.

## ئیعجازی غەیبی و زانستی

هەربە خوێندنەوەی فەرموودەكە ئاشكرایە، كەناوچەی تەبوك لە سەردەمی پێغەمبەردا (صلی الله علیه و سلم) سكاڵای لەكەمیی ئاو بووە، هەربۆیە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) بەریگرت لەوەی هاوەڵانی دەست لە ئاوی كانی تەبوك بدەن، هەتا خۆی دەگاتە لایان و نزایان بۆدەكات، بەڵام لەوە سەیرتر ئەوەیە، كە بە مەعازی فەرموو( ئەی مەعاز نزیكە، ئەگەر خوای گەورە تەمەنت درێژ بكات، ئەوكاتە ئەم ناوچەیە ببینیتەوە، كەهەمووی پڕ بووە لە باخو باخات). پێشبینییەكەی پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) هاتەدی، ئێستا كێڵگە كشتوكاڵییەكان لە ناوچەی تەبوكدا بڵاوبوونەتەوە، بەتایبەتی لە چواردەوری شارەكەدا، لە ساڵانی داهاتووشدا بەهۆی زیادبوونی ڕێژەی بارانبارین كێڵگە كشتوكاڵییەكان ڕوو لە زیادبوون دەكەن، بۆ نموونە لەم ساڵدا بارانبارینی زۆر بووەتە هۆی دروستبوونی لافاوی گەورە، كە ناوچەكە ساڵانێكی زۆرە لافاوی لەو جۆرەی بەخۆیەوە نەدیوە

ئەمەش وێنەی باخوباخاتەكانی تەبوكن، كە پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم پێشبینی كردن







ئەم وێنەی خوارەوەش ئەو لافاوەیە، كە لە تەبوك بەهۆی بارانبارینی زۆرەوە ڕوویدا



## تێبینییەكی گرنگ:

لەلای هەندێك كەس، بابەتی قسەوتنی پێغەمبەر(صلى الله عليەوسلم) بەو دووهاوەڵەی لە فەرموودەكەدا هاتووە سەخت ودژوارە ، وەڵامی ئەم گومانەش لە فەرموودەیەكی صەحیحی تردا هەیە، كە هەر ئیمامی موسلیم ریوایەتی كردووە

عن عَائِشَةَ قالت: دخل على رسول اللَّهِ صلى الله عليه وسلم رَجُلَانِ فَكَلَّمَاهُ بِشَيْءٍ لَا أَدْرِي ما هو فَأَغْضَبَاهُ فَلَعَنَهُمَا وَسَبَّهُمَا فلما خَرَجَا قلت: يا رَسُولَ اللَّهِ من أَصَابَ من الْخَيْرِ شيئا ما أَصَابَهُ هَذَانِ قال وما ذَاكِ قالت قلت: لَعَنْتَهُمَا وَسَبَبْتَهُمَا قال صلى الله عليه وسلم: « أَوَ ما عَلِمْتِ ما شَارَطْتُ عليه رَبِّي قلت اللهم إنما أنا بَشَرٌ فَأَيُّ الْمُسْلِمِينَ لَعَنْتُهُ أو سَبَبْتُهُ فَاجْعَلْهُ له زَكَاةً وَأَجْرًا» صحيح مسلم ج ٤ ص ٢٠٠٧ حديث رقم ٢٦٠٠ وهذا سنده حدثنا زُهَيْرُ بن حَرْبٍ حدثنا جَرِيرٌ عن الْأَعْمَشِ عن أبي الضُّحَى عن مَسْرُوقٍ

دایكی بڕواداران عائیشە ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت: دوو پیاو هاتنە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم) ، لەبارەی شتێكەوە لەگەڵیدا دوان و قسەیان كرد، نازانم چی بوو – شتێكیان بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)وت، كە من نەمزانی چییە - ئیتر پێغەمبەری خوایان تووڕە كرد و ئەویش نەفرەتی لێكردن و جنێوی پێدان!.كاتێكیش چوونە دەرەوە- ڕۆشتن- گوتم ئەی پێغەمبەری خودا(صلی الله علیه وسلم)، خۆ هەر كەسێك تووشی خێرێك بێت، یان شتێك لە خێری دەستبكەوێت، ئەوا ئەم دووانە هیچ خێرێكیان دەستناكەوێت و تازە تووشی خێر نابن. ( مەبەستی دایكی بڕواداران ئەوەیە،كە بەهۆی نەفرەتەكەی پێغەمبەرەوە لە هەموو خێرێك بێبەش دەبن).

پێغەمبەری خواش بە عائیشە دەفەرموێت: چ شتێكە ئەوەی تۆ باسی دەكەیت، یان مەبەستت لەو قسەیە چییە؟ عائیشە دەفەرموێت، گوتم: تۆ نەفرەتت لێكردن و جنێوت پێدان.

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)دەفەرموێت: نەتزانیوە،كە من لەگەڵ خوای خۆم لەسەر چی پێكهاتووم؟ گوتوومە خوایە پەروەدگارم من هەر مرۆڤم و ئەگەر نەفرەتم لەهەر یەكێك لەموسڵمانان كرد یان جنێوێكم پێدا، ئەوا بۆی بكە بە پاداشتو پاككەرەوەی گوناهەكانی.

فراس نور الحق

بەرێوەبەری پێگەی( موسوعة الاعجاز العلمي في القرآن و السنة)



و/ نەرمین عومەر

# نهێنییەکانی چارەسەر

# بە گوێگرتن لە قورئانی پیرۆز

گوێلێبوونی ئایەتە پیرۆزەکانی خوای گەورە چۆن کاردەکاتە سەر خانەکانی مێشك، شیکردنەوەی زانستیی بۆ دیاردەی چارەسەر بەقورئان چییە؟ ئایا وزەیەکی شاراوە لە قورئاندا هەیە؟.

**چیرۆکێك لەگەڵ خۆمدا ڕوویداوە:**

هۆکاری نووسینی ئەم وتارە، ئەزموونێکی خۆمە، کە لە ماوەی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزدا پێیدا تێپەڕیوم، بەدرێژایی ٢٤ کاتژمێر لە گەڵ قورئاندا بووم، تەنانەت لەکاتی نووستنیشدا ڕادیۆکەم لەسەر ئێزگەی دەنگی قورئان دەهێشتەوە، بە خەوتوویی گوێم لێدەگرت، بەدڵنیاییەوە ئەو کاتە ئەوەم نەدەزانی ، کە ڕێگایەکی نوێ بۆ فێربوون لە کاتی خەودا هەیە!

دوای چەند مانگێك، تێبینیم کرد، کە گۆڕانێکی گەورە لەناخمدا ڕوویداوە، هەستمدەکرد، کە هەموو خانەیەك لەخانەکانی مێشکم دەلەرێتەوە و وەڵامدانەوەی بۆ دەنگی ئەو قورئانە هەیە، کە گوێی لێدەگرم. من قورئانم بە ڕێگەی گوێگرتن و دووبارەکردنەوەی چەند جارەی سوورەتەکان لەبەردەکرد، بۆئەوەی هەستبکەم، کە بە ئاسانی لە بیرمدا دەچەسپێت.

ئەو کات بە هاورێیەکی خۆمم دەگوت، گوێگرتن لە قورئان بەرنامەڕێژیی خانەکانی مێشك بەتەواوی دەکاتەوە! ئەمەش پێش بیست ساڵ لەگەڵ خۆمدا ڕوویدا، بەڵام تووشی سەرسوڕمان بووم، کاتێك تەنها پێش ماوەیەك ئەوەم خوێندەوە، کە زانایان لە هەوڵی ئەوەدان، زۆر لە نەخۆشییە گرانەکان بەهۆی دووبارە بەرنامەڕێژکردنەوەی مێشکەوە چارەسەربکەن، بۆ ئەم چارەسەرەش لەرە دەنگییەکانی وەك دەنگی مۆسیقا بەکاردەهێنن!!

هەندێك لە چارەسەرکەران بە دەنگ، گەیشتنە ئەنجامی گرنگ، وەك چارەسەرکەری ئەمریکی (ئانی ویلیامز)،کە بە دەنگی مۆسیقا چارەسەردەکات، بەڵام ئەم ئەنجامانە تا ئێستا بە سنووردارێی ماونەتەوە، چونکە دەنگی مۆسیقا ناتوانێت وەك پێویست کاریگەریی لەسەر خانەکان دروستبکات.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چارەسەرکەرە ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەنجامی زۆری بەدەستهێناوە لە چارەسەری شێرپەنجەی کۆڵۆن و وەرەمی پیسی مێشك و چەند نەخۆشییەکی دیکە. هەروەها دووپاتیدەکاتەوە، کە هەرکەسێك گوێ لە دەنگی ئەو مۆسیاقیە بگرێت، کە تۆماری دەکات، ئەوە داهێنان تیایدا زیاد دەکات.

خوێنەری بەڕێز، دەمەوێت ئەوەت بیربخەمەوە، کە ئەو گۆڕانانەی لە ئەنجامی گوێگرتنی دوورودرێژ لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزەوە ڕوودەدەن زۆر زۆرن، من خۆم واملێهاتووە، کە هەست بە هێزێك دەکەم زیاتر لە هەموو کاتێکی پێشوو، هەستدەکەم بەرگریی لەشم بەشێوەیەکی گەورە زیادی کردووە، تەنانەت کەسێتیم لە مامەڵکردنم لەگەڵ خەڵکدا زۆر گەشەیکردووە، هەروەها قورئان داهێنانی لە ناخمدا زیندووکردەوە، ئەو لێکۆڵینەوەو وتارانەی لە ماوەیەکی کەمدا بەرهەمیاندەهێنم، هەر ئەنجامی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزن!!

هەروەها دەتوانم ئەوەتان پێ ڕابگەیەنم، کە گوێگرتن لە قورئان بەشێوەیەکی بەردەوام دەبێتە هۆی زۆربوونی توانای مرۆڤ بۆ داهێنان.

ئەمەش لەگەڵ خۆمدا ڕوویدا، بیرم دێت پێش لەبەرکردنی قورئان توانای ئەوەم نەبوو، تەنها دێڕێك بەشێوەیەکی ڕاست دابڕێژم، لەکاتێکدا ئێستا تەنها لە ماوەی ڕۆژێك یان دوو ڕۆژدا توێژینەوەیەکی زانستی دەنووسم.

کەواتە سوودەکانی گوێگرتن لە قورئان تەنها لە چارەسەر بە قورئاندا کورت نابێتەوە، بەڵکو یارمەتی گەشەسەندنی کەسایەتیی و باشکردنی پەیوەندیی لەگەڵ کەسانی تردا دەدات، جگەلەوەش توانای داهێنان و خستەڕووی بیری نوێ زیاد دەکات و ئەم قسەیەش لە ئەزموونی تایبەتی خۆمەوە دەخەمەڕوو.

خوێنەری بەڕێز تۆش دەتوانیت ئەمە تاقیبکەیتەوەو ئەنجامی سەرسوڕهێن بەدەستبهێنیت.

**چەند ڕاستییەکی زانستی**

لەساڵی ١٨٣٩ دا زانا (هنریك ویلیام دوف) ئەوەی دۆزییەوە، کە مێشك لە کاتی تووشبوونی بە لەرەی دیاریکراو بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ کاری تێدەکرێت.

کاتێك هەڵسا بە گوێگرتن لە لەرەی دەنگیی جۆراوجۆر، بینی کە خانەکانی مێشك لەگەڵ ئەم لەرانەدا وەڵامدانەوەی هەیە.

هەروەها ئەوە بۆ زانایان دەرکەوت، کە

خانەکانی مێشك لە باری لەرینەوەی بەردەوامدان بە درێژایی ژیانیان، هەر خانەیەك بەپێی یاسایەکی دیاریکراو دەلەرێتەوەو بەخانەکانی دەوروبەری کاریگەردەبێت.

ئەو ڕووداوانەی مرۆڤ پێیاندا تێپەردەبێت، کاریگەریی لەسەر خانەکانی مێشك جێدەهێڵن، بەجۆرێك تێبینی دەکەین، هەر ڕووداوێکی خراپ دەبێتە هۆی ناتەواویی لە سیستەمی لەرینەوەی ئەو خانانەدا.



خانەی دەماریی مێشك لەحاڵەتی لەرەی بەردەوامدایە، ئەم خانەیە پرۆگرامێکی ئاڵۆزی تێدایە، لەرییەوە کارلێك لەگەڵ بلیۆنان خانەی دەوروبەریدا دەکات، ئەمەش بە ڕێککەوتنێکی سەرسوڕهێن، کە گەواهیی لەسەر گەورەیی خوای بەدیهێنەر دەدات، هەروەها هەر ناتەواوییەکی دەروونیی دەبێتەهۆی ناتەواویی لەم پرۆگرامەدا و ئەمەش دەبێتە هۆی کەموکورتیی لە بەرگریی خانەکاندا و نەخۆشیی بەئاسانی هێرشی بۆدەهێنێت.

کاتێك ڕووداوە نێگەتیڤەکان کەڵەکەدەبن، وەك ئەو خورپانە(صدمة)ی مرۆڤ لە ژیانیدا تووشیاندەبێت، هەندێك هەڵوێستی شەرمەزارکەرو ناچارکەر(محرج) و ئەو کێشانەی دەبنە هۆی جۆرێك لە پشێویی بۆ خانەکانی مێشك، ئەم پشێوییە ماندووکەرە، چونکە مێشك بەکارێکی سەربار هەڵدەستێت، کە هیچ سوودێکی لێوەرناگرێت.



منداڵ پێش لەدایکبوون خانەکانی دەست

بە لەرینەوە دەکەن! مێشکی هاوسەنگ دەبێتو خانەکانی هاوئاهەنگ و ڕێکخراون لە کارکردن و لەرینەوەیاندا. بەڵام پاش هاتنەدەری لە سکی دایکی، هەموو ڕووداوێك کە دێتەرێگەی ئەو منداڵە کاردەکاتە سەر خانەکانی مێشکی. بەهەمان شێوە ئەو ڕێگایەی ئەم خانانەی پێدەلەرێتەوە کاریان تێدەکرێت. زیاتر لەوەش هەندێك خانە ئامادەیی بۆ بەرگەگرتنی دەنگدانەوە بەرزەکان تێدانییە. ڕەنگە ئەم دەنگدانەوە بەرزە ببێتە هۆی ناتەواویی لە سیستەمی لەرینەوەکەیدا، ئەمەش دەبێتە هۆی زۆرێك لە نەخۆشیی دەروونیی و جەستەیی .

زانایانی ئەمرۆ دووپاتیدەکەنەوە، کە هەرجۆرێك لە جۆرەکانی ڕەفتار لە جۆرێك لەرینەوەی دیاریکراوی خانەکانەوە دێتەبەرهەم. ئەوەش دووپاتدەکەنەوە، بەرکەوتنی مررۆڤ بە لەرینەوەی دەنگ بە شێوەی بەردەوام و دووبارە، دەبێتە هۆی دروستکردنی گۆڕان لەو شێوازەی خانەکە پێی دەلەرێتەوە. بە گوزارشتێکی دیکە دروستکردنی گۆڕان لە دەنگدانەوەی لەرە خانەییەکاندا. هەندێك دەنگدانەوە هەن وا لە خانەکانی مێشك دەکەن، کە بەشێوەیەکی چالاك و پۆزەتیف بلەرێنەوە، هەروەها وزەی پۆزەتیڤی خانەکان زیاددەکەن، لەبەرامبەردا هەندێك دەنگدانەوە هەن، کە وا لە خانەکان دەکەن، کە ئازاریان پێبگات و ڕەنگە ببنە هۆی مردنیشی! لەبەرئەوە دەنگدانەوە ڕاستەکانن، کە زانایانی ئەمرۆیان سەرقاڵکردووە. چۆن دەتوانن ئەوە بزانن، کە کام دەنگدانەوەو لەرەی دەنگیی بۆ مێشك گونجاوە؟

زانایان ئەوەیان بۆدەرکەوتووە، کە شریتی DNA ناو هەر خانەیەکیش بەرێگایەکی دیاریکراو دەلەرێتەوە، ئەم شریتە زانیاریی پێویست بۆ ژیانی تێدا هەڵگیراوە، تووشی گۆڕان دەبێت لەکاتی هەر ڕووداوێك یان کێشەیەك یا ڤایرۆسێك یان نەخۆشییەك کە هێرش دەباتە سەرجەستە. زانایان دەڵێن ئەم شریتەی ناوخانەکان، لەکاتی تووشبوونی بە هێرشی ڤایرۆس ئەوا لەرینەوەکەی کەمدەبێتەوە! ڕێگەی نموونەیی بۆ ئەوەی ئەم شریتە بەکاری خۆی هەڵبستێت، ئەوەیە کە ئەم شریتە بەرنامەرێژبکرێتەوە لەرێگەی کارتێکردنی بە شەپۆلە دەنگییە دیاریکراوەکان. هەروەها زانایان دووپاتیدەکەنەوە، کە شریتەکە لەگەڵ ئەم شەپۆلانەدا کارلێکدەکات و دەستدەکات بە چالاکبوون و لەرینەوە، بەڵام هەندێك شەپۆل هەن، ڕەنگە ببنە هۆی ئازاردانی ئەم شریتە بۆماوەییە.

زۆر لە چارەسەرکەرانی ئەمرۆ لەرەدەنگییەکان بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی شێرپەنجەو نەخۆشییە درێژخایەنەکانی، کە زانستی پزیشکی دەستەوسان بووە لەبەردەمیاندا، بەکاردەهێنن. هەروەها سوودە زۆرەکانی ئەم چارەسەریان بۆ نەخۆشییە دەروونییەکانی وەك شیزۆفرینیاو بێئارامیی و کێشەکانی خەو بۆدەرکەوت، بەهەمان شێوە چارەسەری خووڕەوشتە خراپەکانی وەك جگەرەکێشانو خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکانەوە و ... هتد

## کامەیە چارەسەر؟

باشترین چارەسەر بۆ هەموو نەخۆشییەکان قورئانە، ئەم قسەیە ئەنجامی ئەزموونێکی دووردرێژە، بەڵام دەتوانم شاهیدی لەسەر زۆر حاڵەتیش بدەم، کە بەهۆی قورئانەوە چارەسەرکراون، دوای ئەوەی زانستی پزیشکی دەستەوسان بوو لەبەردەمیاندا. چونکە کاریگەریی خوێندنەوەی قورئان و گوێگرتن لە ئایەتە پیرۆزەکان، لەوەدایە، کەهاوسەنگیی بۆ خانەکان دەگێڕێتەوە، هەروەها توانای زیاددەکات بۆ ئەنجامدانی کاری بنەرەتیی و سەرەکیی خۆی بەشێوەیەکی زۆر باش .

لەناو هەر خانەیەکدا سیستەمێکی لەرینەوە هەیە، کە خوای گەورە پێی بەخشیوە بۆ ئەوەی کاری خۆی ئەنجامبدات، خانەکان زمانی قسەکردن بەئاگایان ناهێنێتەوە ، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ لەرەو جووڵە دەنگییەکاندادەکات، بەتەواویی هەروەك ئامێری مۆبایل وایە، کە شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان وەردەگرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. پاشان هەڵدەستێت بە ناردنی شەپۆلی دیکە، بەمشێوەیە هەر خانەیەك لە خانەکانی ئامێری مۆبایل زۆر ئاڵۆزن.

خوێنەری بەڕێز هەزاران ملیۆن لە خانەکانی مێشکت بهێنەبەرچاوی خۆت، چۆن لەگەڵ یەکدا بە ڕێککەوتوویی دەلەرێنەوە، کە مرۆڤ ناتوانێت تێیان بگات، یان لاساییان بکاتەوە. ئەگەر تەنها یەك خانە تووشی ناتەواویی و لەنگیی بوو، ئەوە دەبێتە هۆی ناتەواویی لەهەموو جەستەدا، ئەمەش بەخششێکی خوای گەورەیە بۆ ئەوەی سوپاس و ستایشی بکەیت، ئایا ئێمە ڕێز لەم نیعمەتەی خوای گەورە دەگرین و پێی دەزانین؟



ئەمە وێنەی خانەیەکی مێشکە، بەشە زیانپێکەوتووەکانی بەرەنگی سوور دەردەکەون، ئەم ناوچانە چالاکیی کەم و وزەیەکی کەمیان هەیە و لەسەرلێواری مەرگن، بەڵام کاتێك ئەم خانانە شەپۆلە دەنگییەکانیان پێدەگات، ئەوا دەستدەکەنەوە بە لەرینەوەو چالاکیی (سەرچاوە - NATIONAL RESEARCH COUNCIL OF CANADA)

## ئایەتە قورئانییەکان چارەسەر هەڵدەگرن!

زانایانی ئەمڕۆ دەڵێن بەپێی نوێترین دۆزینەوەکان، هەموو نەخۆشییەك دەبێتە هۆی گۆران لە پرۆگرامی خانەکاندا، هەموو خانەیەك بەپێی پرۆگرامێکی دیاریکراو کاردەکات لەو کاتەوە کە خوای گەورە بەدیهێناوە و هەتا کاتی مردن. ئەگەر ناتەواوییەکی دەروونیی یان فیزیایی روویدا، ئەم ناتەواوییە پەشێویی لەسیستەمی لەرینەوەی خانەکاندا دروستدەکات، بەمشێوەیەش لەم ناتەواویی و لەنگییەوە ناتەواویی و لەنگیی لە پرۆگرامی خانەکەدا روودەدات. بۆ چارەسەری ئەم نەخۆشییەش پێویستە بە رێگایەکی گونجاو پرۆگرامەکە چاکبکرێتەوەو ڕاستبکرێتەوە.

لەکاتی تێڕامانم لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، هەستم بە بوونی یاساو سیستەمێکی وردی ژمارەیی لە ئایەتە قورئانییەکاندا کرد، بەڵام زمانی ژمارەکان تەنها سیستەم نییە، کە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لەخۆیاندا هەڵیدەگرن، بەڵکو ئەوەی ئایەتەکان لەناو خۆیاندا هەڵیانگرتووە دەتوانین ناوی بنێین (پرۆگرام یان داتاکان- زانیارییەکان)، ئەم داتایانە دەتوانن مامەڵە لەگەڵ خانەکاندا بکەن، واتە قورئان زمانی خانەکانی لەخۆیدا هەڵگرتووە!!

ڕەنگە خوێنەران بڵێن ئەم قسەیە نازانستییە، بەڵام من زۆر لەو ئایەتانەم دۆزییەوە، کە جەخت لەوەدەکەنەوە، کە قورئانی پیرۆز داتای زۆر لەخۆدەگرێت، بەتەواویی هەروەك شەپۆلی رادیۆ، کە خۆی لە شەپۆلێکی ئاسایی پێکهاتووە، بەڵام ئەم شەپۆلە بار دەکەن بە زانیاریی و مۆسیقاو ...هتد.

خوای گەورە دەفەرموێت:(وَلَوْ أَنَّ قُرْآنًا سُيِّرَتْ بِهِ الْجِبَالُ أَوْ قُطِّعَتْ بِهِ الْأَرْضُ أَوْ كُلِّمَ بِهِ الْمَوْتَى بَلْ لِلَّهِ الْأَمْرُ جَمِيعًا) [الرعد: ٣١]

ئەگەر بە قوڵیی لەم ئایەتە رابمێنیت، دەتوانین بپرسین: چۆن چیاکان بە قورئان دەڕۆن، چۆن دەتوانێت زەوی ببڕێت، یان چۆن لەگەڵ مردوودا دەدوێت؟ کەواتە ئەوە زانیاریی و داتاکانی ناو قورئانن، کە مردوو دەدوێنن و لەو زمانەیان تێدەگەن، کە لە قورئاندا هەیە، ئەمەش فەرمانی خوای گەورەیەو خوای گەورە تەنها ئەو کەسانەی پێ ئاشنادەکات لە بەندەکانی، کە زاتی خۆی ویستی لەسەرە.

سەبارەت بە چیاکان، ئێمە لە ئەمڕۆدا دەزانین، کە تەختاییەکانی زەوی بە جوڵەیەکی هێواش بە بڕی چەند سەنتیمەترێك لە هەمووساڵێکدا دەجوڵێتەوەو چیاکانیش لەگەڵیاندا دەجوڵێنەوە، ئەم جوڵەیەش ئەنجامی شەپۆلی گەرمییە، کە ناوچەی تواوەی ژێر توێکڵی زەوی بەرهەمی دەهێنێت. کەواتە دەکرێت بڵێین قورئان ئەو داتایانەی تێدایە، کە دەتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەم شەپۆلە گەرمییانەدا بکەن و بیجوڵێنن و جوڵەی زیادبکەن ، درزو بوومەلەرزە لە زەویدا ڕووبدات و یاخود توێکڵی زەوی بقڵشێت و بەش بەش ببێت بۆ بەشی بچووك. ئەم هێزە گەورەو باڵایە قورئان هەڵیدەگرێت، بەڵام خوای گەورە ڕێگەی لەوە گرتووە، کە ئێمە پێی بگەین، بەڵام باسی لە هێزی قورئان بۆ کردووین، تا گەورەیی ئەم کتێبەمان بۆ ئاشکرابێت، پرسیارەکە ئەوەیە: ئەو کتێبەی تایبەتمەندە بەم هێزە گەورەو سەرسوڕهێن و ناسروشتییە ، ئایا ناتوانێت چارەسەری نەخۆشیی بەدیهێنراوێکی لاواز بکات؟

بۆیە خوای گەورە کاتێك پێمان ڕادەگەیەنێت، کە قورئان چارەسەرە، ئەمە بەو واتایە دێت، کە قورئان پرۆگرام و داتای تەواوی بۆ چارەسەری خانە زیانپێکەوتووەکانی جەستە هەڵگرتووە، بەڵکو تەنانەت بۆ چارەسەری ئەو حاڵەتانەش، کە زانستی پزیشکی نەیتوانیوە چارەسەریان بکات.

## ئاسانترین چارەسەر بۆ هەموو نەخۆشییەکان

خوێنەری بەڕێز! بە بڕوایەکی تەواوە و لە ئەزموونەوە ئەوەت پێدەڵێم ، کە دەتوانیت بە گۆرانێکی کەم لە ژیانتدا ئەنجامی زۆر گەورەو پێشبینی نەکراو بەدەستبهێنیت، ڕەنگە ژیانت بەتەواوی بگۆڕێت، هەروەك چۆن ژیانی من پێش ژیانی تۆ گۆڕا. کاری پێویست ئەوەیە، کە بەپێی توانا گوێ لە قورئان بگیرێت، بەیانی ، نیوەڕۆ، ئێوارە، تەنانەت لەوکاتەشدا، کە نووستوویت، هەروەها کاتێك لەخەوهەڵدەستیت، پێش خەوتن، لەهەموو کاتەکانی ژیانتدا.

گوێگرتن لە قورئان هیچی تێناچێت تەنها ئەوە نەبێت، کە هۆکارێك یان ئامێرێکت لەبەردەستدا بێت وەك کۆمپیوتەرێکی لاپتۆپ، یان تۆمارکەری کاسێت (مسجلة کاسیت)یان فلاشێکی بچووك یان لە تەلەفزیۆن یان لە رادیۆوە، بەشێوەیەك هەر ئایەتێکت کەوتەبەرگوێ، نەهێڵیت لەکیست بچێت و گوێی لێبگریت.

## کاریگەریی سەرسوڕهێنەری گوێگرتن لە قورئان

گوێگرتنی بەردەوام و دووبارەی ئایەتەکانی قورئان، بەدڵنیاییەوە ئەم سوودانەی خوارەوە دەبەخشێت:

١- زیادکردنی بەرگریی لەش.

٢- زیادکردنی توانای داهێنان.

٣- زیادکردنی توانای تەرکیزکردن.

٤- گۆڕانی بەرچاو لە ڕەفتارداو پێبەخشینی توانای مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی دیکەداو بەدەستهێنانی بڕوایان .

٥- پێبەخشینی ئارامیی دەروونیی و چارەسەری شڵەژان و نائارامیی.

٦- چارەسەری کاردانەوەو تووڕەبوونی خێراو هەڵچوون.

٧- توانای بڕیاردانی دروست.

٨- هەموو شتێك لەبیردەکەیت، کە پەیوەندیی بە ترس و دوودڵییەوە هەبێت.

٩- گەشەی کەسێتی و بەدەستهێنانی کەسێتییەکی بەهێز.

١٠- چارەسەری زۆرێك لە نەخۆشییە ئاساییەکانی وەك هەستیاریی و سەریەشەو هەڵامەت ...هتد

١١- باشبوونی توانای قسەکردن و خێرایی قسەکردن.

١٢- پاراستن لە نەخۆشییە ترسناکەکانی وەك شێرپەنجەو ..هتد.

١٣- گۆڕانی خووڕەوشتە خراپەکانی وەك زۆرخۆریی و هەروەها وازهێنان لەجگەرەکێشان.

خوێنەری خۆشەویست: ئەم شتانە لەگەڵ خۆمدا ڕوویانداوە، ڕۆژێك لە ڕۆژان من جگەرەکێش بووم و هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات واز لە جگەرە بێنم، بەڵام دوای بەردەوامبوون لە گوێگرتنی قورئان، خۆم بینییەوە کە جگەرەم وازلێهێناوە بێ هیچ ئەرك و خۆماندووکردنێك، بەڵکو خۆم لام سەیرە، کە چۆن ئاوا هەموو ژیانم گۆڕاو بۆچی؟

بەڵام پاش ئەوەی زانیارییم دەربارەی شێوازو هۆکارە نوێیەکانی چارەسەرکردن خوێندەوە، وەك چارەکردن بە دەنگ و لەرە دەنگییەکان ، ئەوکاتە نهێنیی گۆڕانی ژیانی گەورەی خۆمم بۆ ئاشکرابوو، کە ئەویش گوێگرتن لە قورئان بوو، چونکە من هیچ شتێکی دیکەم نەدەکرد، جگە لە گوێگرتن لە قورئان.

ئەم لێکۆڵنەوە ئیمانییە، بە ڕاستییەك کۆتایی دەهێنم، کە خۆم هەستمپێکردووەو تیایداژیاوم، ئەویش ئەوەیە، کە هەرچەند کاتت بدەیت بە قورئان، ئەو کاتەت هیچی لێ کەمنابێتەوە! بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەت بۆ دەردەکەوێت، کە هەمیشە کاتی زیادت هەیە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: خێروخێرات هیچ لە سەروەت و سامان کەمناکاتەوە، بۆیە دەتوانیت بڵێین: گوێگرتن لە قورئان هیچ لەکات ناگرێت و کەمی ناکاتەوە، واتە ئەگەر هەموو کاتەکانمان بە گوێگرتن لە قورئان سەرفکرد، دەبینین خوای گەورە بەرەکەت دەخاتە ئەو کاتانەوەو کاری خێرمان بۆ ئاساندەکات و ئەوکارەی پێشتر چەند ڕۆژێك پێویست بوو بۆ ئەنجامدانی، دەبینیت، کە دوای بەردەوامبوون لەسەر گوێگرتن لە قورئان، هەمان کار بەچەند دەقەیەکی دیاریکراو ئەنجامدەدەیت!!

داوا لەخوای گەورە دەکەین، کە قورئانی پیرۆز بکاتە چارەسەری دڵمان و ڕووناکیی بێت بۆمان لە دنیاو لە قیامەتدا، با بە میهرەبانی و ڕەحمەتی خوای گەورە و فەزڵەکانی دڵخۆش بین، کە کتێبێکی پێبەخشیووین، هەمووی شیفاو ڕەحمەتە، خوای گەورە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَتْكُمْ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَشِفَاءٌ لِمَا فِي الصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ ★ قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُوا هُوَ خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ) [يونس: ٥٧-٥٨]

نووسینی : عبدالدائم الکحیل

ئامادەکردنی: ئەندازیار عادل لەتیف مەولەوی

بەشی دووەم

# شوێنەواری گەلە لەناوچووەکان

﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ﴾

وەك لە بەشی یەکەمی (شوێنەواری گەلە لەناوچووەکان) دا ئاماژەمان پێکرد، کە ئیعجازی مێژوویی و پەنهانی بە یەکێك لە گرنگترینی بوارەکانی دەرئاسا(موعجیزە) قورئانییەکان دێتە ژماردن, بێگومان لەناو ئەمانیشدا پلەبەندی هەیە و بە گوێرەی گرنگی پێدانی خودی قورئانی پیرۆز بۆ بابەتەکە لە لایەك و درکپێکردن و دۆزینەوەی ئیعجازەکەش لە لایەن مرۆڤەوە لە لایەکی ترەوە، دەرئاساکە زیاتر لە بواری (باوەڕ بە پەنهان) و (دوو دڵ نەبوون لە ڕاستیی قورئانی پیرۆز) ەوە دەخاتە سەر شانۆی واقیع و ئەوکات باوەڕداران باوەڕیان پێی بەهێزتر دەبێت و بێباوەڕانیش دەخاتە بەر بەرپرسێتییەکی گەورەترەوە.

(گەلی عاد)، (گەلی هود —سەلامی خوای لەسەربێت-), (ئۆبار)، (دورگەی لمین)، (الأحقاف)، (ئیرەم) و کۆمەڵێك دەستەواژە و زاراوەی  تر کە هەمووان ئاماژە بە گەلی (عـــاد) دەکەن، ئەو گەلەی خوای گەورەو میهرەبان پێغەمبەرێکی بۆ ناردبوون بە ناوی (هــود) —سەلامی خوای گەورەی لێبێت-و بانگی دەکردن بۆ یەکخوا پەرستی و دورکەوتنەوە لە هاوەڵپەیداکردن بۆ زاتی پەروەردگار.

(وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُوداً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ إِنْ أَنْتُمْ إِلَّا مُفْتَرُونَ) هود:٥٠

واتە (بۆگەلی عاد هــودی برایانمان بۆناردن، پێی گوتن ئەی خزمینە خودای تاك و تەنها بپەرستن، هیچ خودایەکی تر نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە زاتی ئەو، ئێوەش کە خوای تر دەپەرستن و هاوەڵ بۆ خوا دادەنێن، ئەوا تەنها درۆیەکە لە گەڵ خوای گەورەدا دەیکەن و جگە لەدرۆ هیچی تر نییە).




خوای گەورە خۆی دەفەرموێت وسوێندی لەسەر دەخوات، کە ئەو دەستەڵاتو توانایەی بەخشی بووم بە گەلی عاد بە ئێوەمان نەبەخشیوە، هەروەها هۆکاری بیستن و بینین و لێکدانەوەکە سودی پێ نەگەیاندن.

(وَلَقَدْ مَكَّنَّاهُمْ فِيمَا إِن مَّكَّنَّاكُمْ فِيهِ وَجَعَلْنَا لَهُمْ سَمْعاً وَأَبْصَاراً وَأَفْئِدَةً فَمَا أَغْنَى عَنْهُمْ سَمْعُهُمْ وَلَا أَبْصَارُهُمْ وَلَا أَفْئِدَتُهُم مِّن شَيْءٍ إِذْ كَانُوا يَجْحَدُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُون) الأحقاف: ٢٦

دیارە گەلی عاد ڕویانکردووەتە بتپەرستی و خوای تاك و تەنهایان لەیادکردووە، هود پێغەمبەریش-سەلامی خوای لەسەر بێت- ئامۆژگاری کردوون و بانگی کردوون بۆ خواپەرستی, بەڵام ئەوان بە سەرلێشێوا و نەفام و درۆزنیان داوەتە قەڵەم. ئەم پێغەمبەرە بەرێزەش هەر بەردەوام لەگەڵیان دەدوێت و دەفەرموێت من نەفام نیم من پێغەمبەرم، بەڵام بێسودە، تا ئەوکاتەی خوای گەورە عەزاب و خەشمی خۆیان دەخاتە سەر و موجادەلە و زۆربلێی ئەوان لەسەر کۆمەڵێك بت، کە خۆیان و باو باپیرانیان ناویان لێنابوون هیچ سودێکی پێنەگەیاندن. خوای گەورە هود پێغەمبەر و ئەوانەی لەگەڵیدابوون ڕزگاری کردن  و گەلی عادیشی  لەناو برد.

هەروەك لە مێژوو ناسی ناسراو (الطبري) ەوە وەرگیراوە مێژووناسان دەڵێن گەلی عاد سێ بتیان پەرستووە کە ناویان (صداء)، (صمود) و (الهباء) بووە .

لەراستیدا باسکردن لە گەلی عاد و هەوڵی بێوچانی هود پێغەمبەر -سەلامی خوای لێبێت-  هەموو ئەو زانیارییانەی لە بواری بیروباوەڕ و بانگەواز و بوارە ئیمانییەکاندا وەریدەگرین زۆرن و بێشومارن، چونکە خوای گەورە جگە لە هەردوو سورەتی (هود) و (الأحقاف) لەچەندین سورەتی تردا باسی ئەم گەلە لەناوچوەمان بۆدەکات و وەك پەندێك دەیخاتەوە پێش چاومان.

### دۆزینەوەی شوێنەواری شاری ئیرەم:

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ز دا هەموو ڕۆژنامە جیهانییە گەورەکان بە ڕیپۆرتاژ و نووسراوی سەرنجڕاکێش هەواڵی دۆزینەوەی (شارێکی

عەرەبی ئەفسانەیی) ونبویان دایە جیهان و بەمەش بۆ یەکەمجار شوێنەواری گەلی عاد ئاشکرابوو.

خوای گەورە دەفەرموێت (وَاذْكُرْ أَخَا عَادٍ إِذْ أَنْذَرَ قَوْمَهُ بِالْأَحْقَافِ وَقَدْ خَلَتِ النُّذُرُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا اللَّهَ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ) الأحقاف:٢١

واتە (یادی براکەی عاد، کە هود پێغەمبەرە (سەلامی خوای لەسەر) بکەرەوە کە نیشتەجێی ناوچەیەك بوون بە (ئەحقاف) ناسرابوو- ناوچەیەکی لمینە دەکەوێتە خواروی دورگەی عەرەبییەوە- کە ئەو قەومە پێش هود و دوای هودیش کۆمەڵێك نێردراوی تر ئینزاری کردن، کە جگە لە خوای تاك و تەنها خوایەکی تر نەپەرستن، هود فەرمووی من لە عەزابی خوای گەورە دەترسم بکەوێتە سەرتان لە ڕۆژی قیامەتدا ).

پێش ئەوەی باس لە دیاری کردنی ناوچەی (الأحقاف) بکەین، پێویستە شیکارییەك بۆ مانای وشەی (الأحقاف) بکەین: ابن کثیر) لە تەفسیرەکەیدا وشەی (الأحقاف)ی بە کۆمەڵە شاخێکی لمین لێکداوەتەوە، بەڵام (الماوردی) پێناسەیەکی زۆر وردی بۆ کردووە، کە لە ڕاستیدا زۆر دەگونجێت لە گەڵ وێنەکانی (Google Earth)دا و دەڵێت (الأحقاف) کۆی وشەی (حقف)ە بریتییە لە لمێکی زۆر و درێژ و لار، کە نەگەیشتبێتە ئاستێك پێی بگوترێت شاخ. هەروەها لە بارەی پێگەی ناوچەی (الأحقاف) لە لایەن ڕاڤەکارانی قورئانەوە جۆرەها بۆچوون هەیە، کە زۆرینەیان پێیان وایە دەکەوێتە خواروی دورگەی عەرەبییەوە.

لەم وێنانەی لای خوارەوەدا وینەی هەندێك لە ناوچەی ئەحقاف دەرکەوتووە :






وەك لە نەخشەکەدا دیارە ناوچەی (چارەکی خاڵی) –Empty Quarter- دەرکەوتووە.




لەم وێنەیەدا کە لە Google Earth وە وەرگیراوە ناوچەی ئەحقاف بەرەنگە قاوەیی باوەکە ی جیادەکرێتەوە.

زانایانی جیۆلۆجی پێیان وایە ئاوی ژێرزەوی لەژێر شاخە لمینەکانی ئەم ناوچەیەدا بەرێژەیەکی زۆر هەیە و بە هۆی بوونی لێژییەکی لەبەرچاوی زەوییەکان هەموو ئاوی ژێرزەوی ئەحقاف بەرەو ئەو ناوچەیە دەهێنێتەوە، کە ئێستا زانایان پێیان وایە گەلی عادی لێ نیشتەجێبوون .

ساڵی ١٩٩٠ هەواڵی دۆزینەوەی (شارێکی عەرەبی ئەفسانەیی) ڕووپەڕی ڕۆژنامە جیهانیەکانی داگیر کرد و ئەو هەواڵە دونیای ڕۆژنامەگەری ئەوکاتەی هەژاند شاری (ئیرەم)، (ئۆبار)، (عبار) یان (دورگەی لمین).

ئەوشارەی کە پێش ١٤ سەدە لەقورئانی پیرۆزدا باسی لێوەکراوەو زۆر لە بێباوەڕان، یان ئەوانەی پێیان وابوو، کە پێگە و شاری گەلی عاد تەنها ئەفسانەیە و پشتاو پشت لە عەرەبی دەشتەکی ئەوناوچانەوە وەرگیراوە و گومانیان لە قورئانیش هەبوو، یان دەیانگوت ئەگەر ڕاستە،بۆچی ئەوشارە هیچ شوێنەوارێکی دیار نییە و تەنانەت شوێنەکەشی نازانرێت کوێیە .

پاك وبێگەردیی بۆخوای گەورە، کەپاش چواردەسەدە ئەو جێگایە دۆزرایەوە و پەردە لەسەر شارێکی ونبوو لادرا، کە قورئان لە چەندین جێگادا باسی لێوە کردووە.

زانای لاوی شوێنەوارناس (Nicholas Clapp) ئەو زانایە بوو لە ساڵی ١٩٩٠ز دا ئەم شارە ونبووەی دۆزییەوە، ئەم زانایە لە هەواادارانی مێژووی عەرەبی و لەهەمانکاتدا دەرهێنەری فیلمی دۆکیومێنتەری بوو . نیکۆلاس کلاپ لە میانەی ئەو توێژینەوانەی لەم ناوچەیەدا دەیکرد کتێبێکی زۆر گرنگی زاناو توێژەری ئینگلیزی (Bertram Thomas)ی دۆزییەوە کە بەناوی (Arabia Felix) لەساڵی ١٩٣٢ز دا دایبابوو. ناونیشانی کتێبەکەی (بێرتڕام تۆماس) بریتتیە لەو نازناوە ڕۆمانییەی کە بۆ بەشی باشوری دورگەی عەرەبی داندراوە – شایەنی باسە یەمەن و عومانیش لەو ناوچەیەدان- .

یۆنانیەکان بەم ناوچەیەیان گوتووە (Eudaimon Arabia) واتە ناوچەی عەرەبی بەختەوەر)، بەڵام توێژەرانی عەرەب لەچاخەکانی ناوەڕاستدا بەم ناوچەیەیان گوتووە (یەمەنی بەختەوەر).

بەواتایەکی تر بەگشتی لەلایەن عەرەب و یۆنان و ڕۆمانییەکانیشەوە ئەم ناوچەیە بە (ناوچەی عەرەبی بەختەوەر ) ناوبراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی لە سەردەمی خۆیدا لەم ناوچەیەدا ژیاون خەڵکێکی زۆر بەختەوەر و خۆشگوزەران بوون لە کاتێکدا کەوتونەتە سەر ڕێگای بازرگانی بەهارات کە شوێنێکی ستراتیجی بووە لە نێوان وڵاتی هیند و دورگەی عەرەبیدا لە باشور، هەروەها خاوەنی درەختێکی زۆر بەنرخ بوون، کە (بخور) یان لێبەرهەم دەهێنا و جۆرە بۆنێك بوو لە دابوو نەریتە ئاینییەکانی عەرەبەکاندا بەکار دەهێنراو نرخی ئەوجۆرە بەرهەمە لەوسەردەمەدا هیچی وای لە ئاڵتون کەمتر نەبوو .

بەڵێ (بێرتڕام تۆماس)،کە ئەم بابەتەی زۆر بەگرنگ گرتبوو خودی خۆشی سەردانی مەیدانیی بۆ ناوچەکە کردووە و لەسەر زاری عەرەبە دەشتەکییەکان سۆراغی شارێکی بەناوی (ئۆبار) یان (عبار) کردووە و لەوپەڕی کارکردندابووە بۆ گەیشتن بە ئامانج ، بەڵام مەرگ مۆڵەتی ئەم زانایەی نەداوەو توێژینەوەکەی نەگەیاندە پایان.

(نیکۆلاس کلاپ) پاش ئەوەی کتێبەکەی ئەم توێژەرە ئینگلیزەی بینی هێندەی نەخایاند دەستیکرد بە توێژینەوەکەی و بڕوای بە بوونی ئەوشارە ونبووە هەبوو، بۆ سەلماندنی هەبوونی شاری (ئۆبار) یان (عبار) کلاپ دوو ڕێگای گرتە بەر:

یەکەم: کاتێك بۆی دەرکەوت ئەو شارەی دەشتەکییەکان باسی لێوە دەکەن ڕاستە و هەیە ڕاستەوخۆ داوای لە ئاژانسی ئاسمانی و فەزایی ئاسا ی ئەمریکی کرد بۆ دەستخستنی وێنەیەکی ئەوناوچەیە لەڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە، دیارە ئەمەش بەهەوڵێکی بێوچان و لێبڕانێکی زۆر هەتا توانی دەستەڵاتداران ڕازی بکات بەگرتنی ئەو وێنەیە.

دووەم: کلاپ هەستا بە خوێندنەوە و توێژینەوە لە سەر ئەو دەستنووس و نەخشە کۆنانەی کە لە کتێبخانەی (هانتینگتۆن) لە ویلایەتی کالیفۆرنیا بە مەبەستی ئەوەی نەخشەیەکی ناوچەکەی دەست بکەوێت.

پاش ماوەیەکی کورت نەخشەیەکی دۆزیەوە کە لەلایەن (بتلیمۆس)ی زانای جوگرافیناسی مصری – ئیغریقی یەوە ساڵی (٢٠٠) ز کێشرابوو، کە لەو نەخشەیەدا

پێگەی شارەکە وئەو ڕێگایانەی دێن بۆ شارەکە ڕونکراوەتەوە، لەمکاتەدا هەواڵی تەواوبوونی وێنەکانی ئاژانسی ناسا هاتەوە، کە لە وێنە کەدا هەندێك ڕێگای کاروانچییان دەرکەوتووە ، زۆر ئەستەمە لە سەر زەوی ئەوڕێگایانە جیا بکرێتەوە مەگەر لە ئاسمانەوە کاتێك تەماشای هەموو ناوچەکە دەکرێت لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە ئەو ڕێگایانە جیابکرێنەوە.

کلاپ نەخشە کۆنە مصرییەکەی لەگەڵ وێنەکەی ناسادا بەراوردکردو بۆی دەرکەوت هەردووکیان لە ڕێگاکاندا لێکدەچن و کۆتا وێستگەی ڕێگاکانیش کە شوێنێکی بەرفراوانە ئەوە شارێکی گەورە و کۆنە.




لەرێگەی وێنەی مانگی دەستکردەوە ڕێگاکانی کاروانچیانی کۆن دەرکەوتووە.

کلاپ دڵنیابوو لە دروستی کارەکەی خۆی و هەمووی چەند ڕۆژێکی نەخایاند دەستی بە هەڵکەندن کرد و ورده ورده شت لەدوای شت لە شوێنەواری ئەو شارە ونبووەی، کە لە زاری دەشتەکییەکانەوە دەبیسترا دەدۆزرایەوە و شاری (ئۆبار- دورگەی لمین-) کە تا دوێنێ شارێکی ئەفسانەیی بوو ئێستا گومانی تێدا نەماو شوێنەوارەکەی وەدەرکەوت.



وێنەی هەندێك لە شوێنەواری گەلی عاد و تیمی هەڵکەندن بۆ دۆزینەوەی شوێنەواری ئەو ژیارە کە لەراستیدا وەك لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێفەرمووە تەنها شوێنەوارەکەی ماوە و کارە هونەرییەکانی ئەو ژیارە لەسەر زەویدا سڕاوەتەوە.

**بەڵام بەڵگە چییە ئەم شارەی کلاپ دۆزییەوە پێگەی ئەوگەلی (عـــاد)ە یە کە قورئانی پیرۆز باسی لێوە دەکات؟**

دکتۆر زارینز یەکێك لە ئەندامەکانی ئەوتیمە توێژەرەوە لێپرسراوی تیمی هەڵکەندنی ئەم شوێنەوارە بووە دەڵێت :پایەی زۆر گەورە یەکێکە لە نیشانە زۆر دیارەکانی شاری (ئۆبار)،لەهەمانکاتدا شاری (ئیرەم) پش بە خاوەن پایە ناودەبرێت، جۆرە پایە و کۆڵەکەیەك کە نموونەی لە ناوچەکەدا نەبووە، ئەمەش باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم شارەی دۆزراوەتەوە ئەو شارەیە، کە قورئان باسی لێوە فەرمووە لە سورەتی (الفجر) داو دەفەرموێت: (أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ (٦) إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ (٧) الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلَادِ (٨)) (الفجر)

واتە: (ئایا نەتزانیوە ئەی موحەمەد پەروەردگارت چی کردووە بە گەلی عاد-٦- ئیرەم کە خاوەنی هێز و تەلاری بەرز و پایە و کۆڵەکەی ناوازەبوون-٧- لەسەردەمی ئەواندا لە هیچ شوێنێکدا کۆشك و تەلار و پایەی وەك ئەوەی ئەوان دروستنەکرابوو-٨- )

یەکێکی تر لەو بەڵگانەی ، وامان لێدەکات بڵێین ئەم شارەی دۆزراوەتەوە شاری (ئیرەم) ە ئەوەیە، کە شارێکی بازنەییە و ڕارەوەکانی بە شێوەی بازنەییە و پایەی خر یان بازنەیی تێدایە، کە لەراستیدا ئەم جۆرە پایانە تایبەتن و هەموو شارە دێرینەکانی تری ناوچەکە بگەڕێیت تەنها پایەی چوارگۆشە دەبینیت و پایەی خر تەنها لەم شارەدا بەدیدەکرێت، هەروەها دەشڵێن پایەکانی ئەم شارە بە ئاڵتون ڕوکەشکراون، یان لە زیو دروستکراون، ئەمەش جوانییەکی کەموێنەی داوە بە پایەکان، ئەمەی باسکرا دەبێتە ڕاڤەیەکی واقیعی فەرموودەکەی خوای گەورە کە دەفەرموێت (الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلَادِ) الفجر:٨.

ئەمە وێنەی یەکێك لە قەڵاکانی شاری (ئیرەم) ە کە (١٠) م لەژێر چینەکانی لمی بیابانەوە بوو لەرێگەی مانگی دەستکردی پێشکەوتوی ئەمەریکییەوە گیراوە، لەراستیدا ئەم قەڵایە بە گەورەیی و تایبەتمەندی پایەکانی جیادەکرێتەوە .




١- وێنەی شاری ئۆبار پێش هەڵکەندن کە ئاستەمە جیابکرێتەوە چونکە بەتەواوی لم دایپۆشیوە.




٢- دەرکەوتنی شاری ئۆبار پاش هەڵکەندن و لابردنی ١٢ م لم .

کە خوای گەورە لە بارەی توانای بیناسازی ئەم گەلەوە لەسەر زاری هود پێغەمبەرەوە - سەلامی خوای لەسەر بێت- پێیان دەفەرموێت: (أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ آيَةً تَعْبَثُونَ {١٢٨} وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ {١٢٩} وَإِذَا بَطَشْتُم بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ {١٣٠} فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ {١٣١} وَاتَّقُوا الَّذِي أَمَدَّكُم بِمَا تَعْلَمُونَ {١٣٢} أَمَدَّكُم بِأَنْعَامٍ وَبَنِينَ {١٣٣} وَجَنَّاتٍ وَعُيُونٍ {١٣٤} إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ {١٣٥} قَالُوا سَوَاءٌ عَلَيْنَا أَوَعَظْتَ أَمْ لَمْ تَكُن مِّنَ الْوَاعِظِينَ {١٣٦} ) —الشعراء-

واتە: (ئایا ئێوە لە هەموو شوێنێکی بەرزدا بینای بڵند دروستناکەن؟ و گاڵتە بە خەڵکانی ڕێبواریش ناکەن؟ ئەمەش زیادەڕەوییەو هیچ سودێکی بۆ دین و دونیاتان نییە-١٢٨- لەڕێی کارگەکانتانەوە هەر خەریکی دروستکردنی قەڵا و باڵەخانەی بەرزن، یان خەریکی کۆگای ئاون لە ژێر زەویدا وادەزانن ئیتر نامرن-١٢٩- کاتێك دەست دەوەشێنن بە مەبەستی کوشتن یان لێدان زۆر بە ستەمکارانە ئەنجامی دەدەن-١٣٠- لەخوابترسن و گوێڕایەڵم بن لەوە باشترە بۆتان-١٣١- لەخوابترسن لەو هەموو نازو نیعمەتەی پێی بەخشیون و لێیشتان شاراوانییە-١٣٢- ئاژەڵی پێبەخشیون لە وشتر و مانگاو مالاّت... و مندال و نەوەیشی پێبەخشیون-١٣٣- هەروەها باخچە و باخات وبێستانی زۆر لەگەڵ کانی و ڕوبار و سەرچاوەی ئاو-١٣٤- هود پێغەمبەر —سەلامی خوای لەسەر بێت — فەرمووی من لەوە دەترسم، ئەگەر ئێوە سوربن لەسەر کوفر و باوەڕنەکردن و ستەم و پێنەزانینی نیعمەتەکان ئەوا سزای گەورەی دونیاو ڕۆژی دواییتان بکەوێتە سەر-١٣٥- گوتیان لای ئێمە یەکسانە بیرمان بخەیتەوە و بمانترسێنیت، یان وازمان لێبهێنیت و قسە نەکەیت، چونکە ئێمە باوەڕت پێناهێنین-١٣٦-)

تۆمارە مێژووییەکان دەریانخستووە، ئەم ناوچەیە سەوز و تەڕو پاراو و بەبەرهەم

بووە، هەروەك لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژەی پێكراوە، بەڵام توشی گۆڕانكاری ئاووهەوا هاتووە و بووە بەناوچەیەكی بیبان و وشك و بێبەرهەم .

هەروەك لە وێنەكانی یەكێك لە مانگە دەستكردەكانی سەر بە ئاژانسی ئاسمانی و فەزایی ناسای ئەمەریكییەوە دەبینرێت، كە لە ساڵی ١٩٩٠ ز دا گیراوە دەریخستووە، كە ئەم ناوچەیە كۆمەڵێك زۆر بەندا و كەناڵ و جۆگای ئاودێرییان هەبووە و سیستمێكی ئاودێری ڕێكخراویان هەبووە، كە توانای فەراهەم هێنان و كۆكردنەوەی ئاوی بۆ ٢٠٠،٠٠٠ كەس هەبووە. هەروەها وێنەی دوو ڕوبار گیراوە كە لە ئێستادا تەنها شوێنەكەیان لە ئاسمانەوە دەردەكەوێت و وشكیان كردووە ، لێكۆڵەوران پێیان وایە ئەم ناوچەیە ناوچەیەكی سەوز و كشتوكاڵی بووە.



وێنەی دوو ڕوبار كە گەلی عاد سودیان لێبینەوە و لە ئێستادا وشكیان كردووە.

ئەوەی كە مایەی سەرسامییە ئەوەیە، وەك لەسەرەوە باسمانكرد قورئانی پیرۆز لە لایەك و تۆمارە مێژووییەكانیش لە لایەكی تر ئاماژە بە ئاو و باخ و باخاتی ئەم ناوچەیە دەكەن، بەڵام لە ئێستادا دەبینین ناوچەیەكی وشك و بیبانە!. بەڵێ ئەمە ئەو خاڵەیە كە گرنگە باسی لێوە بكەین، وەك گۆڤاری (Am`interesse) ی فەرەنسی ئاماژەی پێكردووە، شاری ئیرەم یان (ئۆبار) توشی ڕەشەبا و گەردەلولێكی لمین هاتووە چین بەچین بووەتە هۆی داپۆشینی شارەكە و بەرزی ئەو لمەش كە داباریوەتە سەر ئەو شارە بە (١٢)م مەزەندەكراوە.

خوای گەورە باس لە چركەساتی دەست پێكردنی لەناوبردنی ئەو شارەو گەلەكەی ناویمان بۆ دەكات و دەفەرموێت: (كَذَّبَتْ عَادٌ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ{١٨} إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحاً صَرْصَراً فِي يَوْمِ نَحْسٍ مُّسْتَمِرٍّ{١٩} تَنزِعُ النَّاسَ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ مُّنقَعِرٍ{٢٠} ) –القمر-

واتە (گەلی عادیش بڕوایان بە هود پێغەمبەر نەكرد- سەلامی خوای لەسەر بێت- تۆڵەی ئێمەش لەسەر كوفر و ئینزاركردنیان بۆ بڕوانەكردنیان بە پێغەمبەرەكەیان، باوەڕنەهێنان پێی بێگومان بەهێز و بە ئازار بوو-١٨- بێگومان بایەكی زۆر سارد و دەنگ بەرزمان هەڵكردە سەریان لەڕۆژێكی شومدا كەبەردەوام بوو لەسەریان -١٩- خەڵكی لە ڕەگ دەردەهێناو لە سەر سەر دەیدان بە زەویدا و سەریان لەلاشە دەبووەوە، هەروەك چۆن دارخورما لە قەدەكەی جیادەبێتەوە-٢٠-). هەروەها لە شوێنێكی تردا قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: (وَأَمَّا عَادٌ فَأُهْلِكُوا بِرِيحٍ صَرْصَرٍ عَاتِيَةٍ{٦} سَخَّرَهَا عَلَيْهِمْ سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَانِيَةَ أَيَّامٍ حُسُوماً فَتَرَى الْقَوْمَ فِيهَا صَرْعَى كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ{٧})- الحاقة- واتە: (گەلی عاد بە بایەكی زۆر سارد و دەنگ بەرز و بەهێز بە هیلاكدا بران و لە ناو بران -٦- لەگەڵ توڕەیی خۆیدا بۆی ناردن حەوت شەو و هەشت ڕۆژی یەك لەدوای یەكی خایاند بێ پشوو و بێ وەستان، لەوشەو و ڕۆژانەدا دەتبینی ئەوخەڵكە مردون و هەروەك قەدی دارخورمای ناوكلۆر لێی دەكەوتن-٧- ).

ئەوەی لەم وتارەدا دەرفەتمان مابێت باسی لێوە بكەین دواین تابلۆی قورئانییە، كە بە وشە پیرۆز و پر ڕەوانبێژییەكەی باس لە تەنها ساتە وەختێكی زۆر كەممان بۆدەكات پێش ڕووداوەكە، كە دەفەرموێت: (فَلَمَّا رَأَوْهُ عَارِضاً مُّسْتَقْبِلَ أَوْدِيَتِهِمْ قَالُوا هَذَا عَارِضٌ مُّمْطِرُنَا بَلْ هُوَ مَا اسْتَعْجَلْتُم بِهِ رِيحٌ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٌ{٢٤})- الأحقاف-

واتە: (جاكاتێك هەورێكیان بینی ڕووەو دۆڵ و ناوچەكەیان دێت، گوتیان ئەوە هەورێكی باراناوییەوە بارانمان بۆ دەبارێنێت، نەخێر ئەوە ئەو كارەسات و بەڵایەیە كە پەلەتان دەكرد بۆتان بێت، ئەوە بایەكی بەهێزە و سزایەكی بە ئێش بەئازاری لە خۆگرتووە).

لەو ئایەتانەی سەرەوە بۆمان دەردەكەوت، كە جۆری ئەو بایەی هەڵیكردووەتە سەریان یەكەم (ریح صَرْصَر) بایەكی زۆرسارد بووە كەواتە بایەك بووە لە باكورەوە هاتووەو لە بیبانی چارەكی خاڵییەوە(ربع الخالي) كە خۆڵێكی زۆر وردی هەیە ، دووەم (عاتیە) واتە خێراییەكەی زۆر زۆر بەهێز بووە، كە سەدان كیلۆمەتر بووە لە كاتژمێرێكدا بێگومان بایەكی تێكدەرە و هەرچی بەر دەكەوێت لە مرۆڤ و ئاژەڵ و دارو درەخت لولیدەكات و دەیفەوتێنێت هەروەك لەگەردەلولەكاندا (إعصار) دەیبینین. كەواتە گەردەلولێكی لمینی زۆر گەورە بووە لەم وێنەیەدا تەماشای ئەم گەردەلولە لمینە بكە بۆ تێگەیشتنت لە باسەكە.

بۆیە جێی خۆیەتی بە بێباوەران بڵێینن كە قورئان فەرموودەی خوایە و خوای گەورە خۆی مرۆڤ و بونەوەری فەراهەمهێناوە هەرخوای گەورەش گەلی عادی دروستكردووە و لەناویشی بردوون خۆیشی لەڕێگەی قورئانەوە ئاماژەی بە شوێن و شێوازی لەناوچونەكەشیان كردووە. ئێمەی مرۆڤیش پاش چواردە سەدە لە دوای هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتانە و بەبەكارهێنانی ئەم هەموو تەكنەلۆجیاو مانگی دەستكردو ئامێرە پێشكەوتووانەوە، ئینجا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی كە كۆمەڵێك ڕاڤە بۆ ئەو گەلە و شوێنەوارەكانیان بكەین لە كاتێكدا خوای گەورە لە قورئاندا باسی لێوە فەرمووە و پێغەمبەرەكەشی سەرووەرمان موحەمەد- درودی خوای لەسەر بێت- بە ئەمانەتەوە ئەو قورئانەی پێگەیاندوین و ئێمەش جارێكی تر بەم بەڵگە ڕوونانە و چەندین و هەزاران بەڵگەی تری ئاوا بەهێزیش بەوانە دەڵێین كە گومانیان لە بێگەردی قورئانی پیرۆز هەیە، دەڵێین قورئان فەرمودەی خوایە، بێگەردیشە و بە بێگەردیش دەمێنێتەوە بۆیە خۆشبەختی بۆ ئەو كەسەی دەیكاتە دەستوری ژیانی و نێردراوەكەشی كە دواین پێغەمبەرە دەكاتە ڕابەر و ڕێگای بەرەو بەهەشت دەگرێت.



ئەو جێگایەی گەلی عادی تێدا ژیاوە ئێستا پڕبووە لە لم و بووەتە شاخی لەلم پێكهاتوو.

سەرچاوەكان:
١- قورئانی پیرۆز
٢- تەفسیری الجلالین .
٣- تەفسیری المیسر.
٤- Google Earth.
٥- الأمم البائدة: هارون یحیی.
٦- وتارێكی فراس نور الحق - كە لە پێگەی –موسوعة الإعجاز العلمي في القران و السنة وەرگیراوە.
٧- وتارێكی دكتۆر منصور أبو شریعة العبادي -جامعة العلوم و التكنلوجیا الأردنیة- كە لە پێگەی –موسوعة الاعجاز العلمي في القران والسنة-وەرگیراوە.



ئامادەکردنی: د.کاوە فەرەج سەعدون



# هەستکردن بە ئازار لەنێوان قورئان و زانستی پزیشکیدا

لە چەندین سەدە لەمەوپێشەوە و تا ماوەیەکی نزیك لە ئێستا بیروباوەڕی خەڵکی وەهابوو، کە هەموو ئەندامەکان و پارچەکانی لەشی مرۆڤ بۆ ئازار هەستیارن، وایاندەزانی کە لە سەری مرۆڤ بدەیت، ئەوا هەموو سەری دێشێت، ئەگەر لە چاوی بدەیت هەموو بەشەکانی چاوی ئازاریان پێدەگات!! لای هیچ کەسێك ئەو راستییە نەزانرابوو، کە لە لەشدا چەند دەمارێکی تایبەت بە گواستنەوەی جۆرە جیاوازەکانی ئازار هەن، تاوەکو زانستی توێکاری (علم التشریح Anatomy) پەردەی لەسەر رۆڵی کۆتاییە دەمارییەکان و دەمارەکان خۆیان لادا، لە هەست پێکردن و گواستنەوەی جۆرە جیاوازەکانی ئازاردا.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا چەندین راستیی زانستی روووندەکەینەوە، کە ئەو بیروباوەڕە کۆنە هەڵدەوەشێنێتەوە و بە بەراورد کردنی ئەم راستییە زانستییانە لەگەڵ ئەوەی، کە لە قورئاندا هاتووە دەربارەی پێست و تایبەتمەندیی پێست لە گواستنەوەی هەستە جیاوازەکاندا، دەگەینە ئەو راستییەی، کە ئەم قورئانە وتەی خوای دروستکەری بوونەوەرە و هەر ئەویشە ئەم راستییانەی لە نیگاکەیدا بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) ناردووە.

با سەرەتا ئەو ئایەتانە بهێنین، کە باس لەم بابەتە دەکەن:

- خوای گەورە لەبارەی سزای بێباوەڕان لە رۆژی دواییدا دەفەرموێت:(إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِآيَاتِنَا سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَارًا كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُمْ بَدَّلْنَاهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا لِيَذُوقُواْ الْعَذَابَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَزِيزًا حَكِيمًا) (النساء:٥٦). دەربارەی هەمان بابەت لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت:(وَسُقُوا مَاء حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَاءهُمْ) (محمد:١٥).

## راڤەی ئایەتەکان

-سەبارەت بە ئایەتی یەکەم، (الطبري) لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: فەرموودەی (سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَارًا) واتای ئەوەیە، کە ئێمە بێباوەڕان لە ئاگری دۆزەخدا دەکوڵێنین و دەیان برژێنین، (كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُمْ) واتە هەر کاتێك پێستی لەشیان ببرژێت، تا بە تەواوەتی دەسووتێت، (بَدَّلْنَاهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا) ئێمە پێستەکانیان بۆ دەگۆڕین بە پێستی تر لەجیاتی ئەو پێستەیان کە سووتاوە، (لِيَذُوقُواْ الْعَذَابَ) واتە ئێمە وایان لێدەکەین بۆ ئەوەی ئازاری سزادان و پیسترین شێوەی ببینن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، ئەوان لە دونیادا باوەڕیان بە ئایەتەکانی خودا نەهێناوە و پشت گوێیان دەخستن و بەدرۆیان دەخستنەوە.

- (الزمخشري)یش لە تەفسیرەکەیدا (الكشاف) دەڵێت: بۆ ئەوەیە، کە ئەو سزایە بۆیان بەردەوام بێت و لێیان نەبرێت.

- دەربارەی ئایەتی دووەم (القرطبي) لە تەفسیری (الجامع لأحكام القرآن)دا دەڵێت: (وَسُقُوا مَاء حَمِيمًا) واتە: ئاوێکی لەکوڵ و زۆر زۆر کوڵاویان بۆ دەهێنرێت، کە لێیان نزیك دەکرێتەوە، دەموچاویان دەبرژێنێت و دەبێتە هۆی وەرینی تووك و پێستی سەریان، کاتێك دەرخواردیان دەدرێت ناوسك و ریخۆڵەکانیان پارچە پارچە دەکات و لە کۆمیانەوە دێتە دەرەوە.

-(الطبري) دەڵێت: ئەو کەسانەی کە لە دۆزەخدا بە هەمیشەیی دەمێننەوە ئاوێکیان دەرخوارد دەدرێت، کە گەیشتووەتە ئەوپەڕی گەرمیی و دەبێتە هۆی پارچە پارچە کردنی ریخۆڵەکانیان و ناوسکیان، هەردوو زانا (الشوكاني) لە تەفسیری (فتح القدير)دا و (ابن كثير) لە تەفسیرە بەناوبانگەکەیدا (تفسير القرآن

العظيم)دا هەمان تەفسیریان بۆ ئەم ئایەتانە کردووە.

## پێست و ئازاردانی بەناگر

باشە دەبێت نهێنیی هەستکردن لە پێستدا چی بێت؟ چۆن ئێمە هەست بە ئازار و ساردیی و گەرمیی دەکەین؟ چۆن دەتوانین ئەو شتەی پەنجەی لێدەدەین یەکسەر بیناسینەوە؟ چۆن ئێمە هەست بە ئازارەکانی ناو لەشمان دەکەین؟

ڕاستییە زانستییەکان لەم بارەوە چەند ساڵێکی کەم دەبێت دۆزراونەتەوە، ئەویش لەڕێی هەردوو زانستی توێکاری و زانستێکی نوێتر، کە پێی دەگوترێت شانەزانی (علم الأنسجة Histology)، کە پاش دۆزینەوەی وردبینە زۆر بەهێزەکان نهێنییەکانی پێست و ژێر پێستی مرۆڤی بۆ ئاشکرا کردووین و میکانیزمی هەستکردنی لە پێستدا بۆ ڕوونکردووینەتەوە.



(وێنەی چەند ڕاستییەکی زانستی دەربارەی پێست)

پێستی مرۆڤ لە دوو چینی سەرەکیی شانە (چینی سەرەوە، یان چینی ڕوویی Epidermis، و چینی خوارەوە Dermis) و چینێکی هاوپێچ لەژێریانەوە (Subcutaneous Layer)، یان چینی (Hypodermis) پێکهاتووە.

پێستی مرۆڤ شانەکانی ناوەوە لە وشکبوونەوە، یان لەدەستچوون و فەوتانی شلەمەنی دەپارێزێت، هەروەها لە مادده زیانبەخشەکان و لە گۆڕانکارییەکانی پلەی گەرماش.

بەشی خوارەوەی پێست ئەم پێکهاتووانەی تێدایە: ئەو ڕژێنانەی ئارەق دەردەدەن، یان ئارەقە ڕژێنەکان (sweat glands)، لوولەکانی خوێن، کۆتاییە دەمارییەکان یان هەستەوەرەکان (sensory receptors) و بنی مووەکان و نینۆکەکان. هەریەکێك لە پێکهاتووەکانی پێست بۆ پاراستنی لەش و بارە ئاساییەکەی بە کارێکی گرنگ هەڵدەستێت. ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە لە پێکهاتووەکانی پێست، لە کۆتاییە دەمارییەکان و خانە و تەنۆلکەکانی هەستکردنن لە پێستدا، کە بۆ لەش لەهەر بارێکی نائاساییدا، وەك زەنگی ئاگادارکەرەوە وان.

زانایان بۆیان دەرکەوتووە، کە هەستکردن لە پێستدا بەهۆی تۆڕێکی ناکۆتا لە کۆتاییە دەمارییەکانەوە دەبێت، کە لە کۆتاییەکانیاندا چەندین جۆر خانە و تەنۆلکە هەیە، کە هەر یەکێکیان بە جۆرێکی دیاریکراوی هەستکردنەوە تایبەتن، ئەمانە پێیان دەگوترێت (سەنتەرەکانی هەستکردن لەپێستدا).



(وێنەی چین و پێکهاتەکانی پێستی مرۆڤ)

ئەگەر بڕوانینە نەخشەی پێکهاتنی پێست دەسەڵاتی گەورەی پەروەردگارمان بۆ دەردەکەوێت، سەرەتا لە ڕەنگینی شێوەکەی،کە بۆمان ڕووندەکاتەوە، چۆن هەستە دەمارەکان لە پێستی مرۆڤدا دابەشبوون، دەبینین کە نزیکەی ١٥جۆر سەنتەری جیاواز بۆ هەموو جۆرەکانی هەستی دەماریی لەلایەن پزیشکان و زانایانی توێکارییەوە دۆزراونەتەوە، کە هەندێکیان بەناوی ئەو زانایەوە ناونراون، کە یەکەمجار دۆزیویەتەوە، شێوەی ئەم تەنۆلکانە زۆر جیاواز و تایبەتین: هەندێکیان لە شێوەی سەبەتەدان و هەندێکی تریان لە شێوەی کۆمەڵێك هێڵی یەك سەنتەردان، وەك شێوەی پیاز، یان لەگەڵ کۆتاییە دەمارییەکاندا درێژ بوونەتەوە.

زانایان هەستکردنیان لەلایەن مرۆڤەوە بەهۆی ئەم تەنۆلکانەوە بۆسێ ئاست دابەشکردووە:

أ- هەستکردنی سەر ڕوویی (سطحي).

ب- هەستی قووڵ.

ج- هەستی تێکەڵاو (مرکب).

هەستی سەر ڕووی پێست (سطحي) چوار جۆرە( بەرکەوتن و پەستان، ئازار، هەستکردن بە گەرمیی، هەستکردن بە ساردیی)،

هەستی قووڵیش تایبەتە بە جومگە و ماسولکەکان و بریتییە لە هەستەکانی: (هەستکردن بە باری لەش، ئازاری قوڵی ماسولکەکان، هەستکردن بە لەرینەوە)

میکانیزمی هەستکردن و بەیەکەوە کارکردن لە هەردوو هەستەکەدا (ڕوویی و قووڵی) (یان هەستی تێکەڵاو) بریتییە لە ناسینەوە و ناوانی شتە ناسراوەکان و ئەوانەی دەخرێنە ناو دەستەوە، واتە هەستی ناسینەوەی شتەکان بەدەستلێدانیان (Stereognosis). هەروەها توانای دیاریکردنی شوێنی بەرکەوتن لەسەر پێست، هەستی بەرکەوتنیش، واتە ناسینەوەی تەنەکان بە دەست لێدانیان، بۆ ئەم هەستەیان، دەبێت توێکڵی مێشك سەلامەت بێت بۆ ئەوەی بوونی هەبێت و ڕووبدات.



(دەمارەکانی هەستکردن)

## ناوسك و سزای ڕۆژی دوایی

هەروەك چۆن بێباوەڕان لە دۆزەخدا لەڕووی دەرەوەی لەشیان و لەڕێی پێستیانەوە تووشی سزای ئاگر دەبن، بە هەمان شێوە تووشی سزایەکی ناوەکیش دەبن، کە لە جۆرێکی ترە، ئەویش لەڕێی دەرخواردنەوەی ئاوێکی ئەوەندە کوڵاو، کە ئەویش وەك ئاگر وایە، کاتێك کە لێیان

نزيك دەكرێتەوە دەموچاويان دەبرژێنێت و پێستی سەريان هەڵدەوەرێنێت و كە دەيخۆنەوە ناوسك و ريخۆڵەكانيان پارچە پارچە دەكات و لە كۆميانەوە دێتە دەرەوە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: (وَسُقُوا مَاءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَاءَهُمْ) (محمد:١٥).

بۆشايی ناوسكی مرۆڤ بە گشتی بە پەردەيەك ناوپۆشكراوە، كە بە پريتۆن (Peritoneum) ناسراوە، كە قەبارەكەی دەگاتە (٢٠٤٠٠ سم سێجا) و يەكسانە بە هەمان قەبارەی پێستی دەرەوەی مرۆڤ، ئەم پريتۆنەش لە دوو بەش پێكهاتووە: بەشێكيان ناوپۆشی هەموو ديواری ناوسكی كردووە و ناسراوە بە پريتۆنی ديواريی، يان دەرەوە (Parietal Peritoneum)، بەشەكی تريش ئەندامەكانی ناوسكی داپۆشيوە و ناسراوە بە پريتۆنی ناوەوە (Visceral Peritoneum)، پريتۆنی ديواری زۆر هەستيارە، چونكە پڕە لە تەنۆلكەكانی هەستكردن بە ئازار و كۆتاييە دەمارەكان، كاتێك كە دەهەژێنرێت ئازارێكی زۆر قورس و بەهێز دروستدەكات.

بە پێچەوانەوە پريتۆنی ناوەوە زۆر كەمتر ئەم كۆتاييە دەمارييانەی تێدايە و كە دەهەژێنرێت ئازارێكی نەناسراو دروستدەكات، لە نێوان پريتۆنی ديواری و ڕووپۆشی ريخۆڵەكاندا پێكهاتوويەكی پەردەيی تر هەيە، كە پێی دەگوترێت مێزەنتری (Mesentery) كە لە ناويدا ژمارەيەكی زۆر لە تەنۆلكەكانی پاسينی (Pacinian corpuscles)ی هەستيار هەن. وەرگرەكانی ئازار (Pain Receptors) و يەكە هەستييەكان، كە تەنيا لە پريتۆنی ناوپۆشی هەناودا هەن، (بە تايبەتی پريتۆنی ديواری)، هەمان ئەوانەن، كە لە پێستدا هەن، بەڵام لەگەڵ جياوازيی لە دابەشبوونياندا، بە تايبەتی يەكەكانی هەستيار بۆ ئازار و گەرميی لە پريتۆنی ديواريدا، هەر بۆيە كاتێك كە ديواری سك سڕدەكرێت بە (بەنجێكی مەوزيعی) و سك دەكرێتەوە، ئەگەر ريخۆڵەكان دەربهێنين، يان تەنانەت پارچە پارچەيان بكەين، يان بيانسووتێنين ئەو كەسە هيچ ئازارێكی نابێت، يان هەست بە نارەحەتی ناكات، چونكە وەك باسمان كرد هەستەوەرەكان بۆ ئازار لەناو ئەندامەكانی سكدانين.

بەڵام كاتێك، كە ريخۆڵەكان بە هۆی خواردنەوەی ئاوی لەكوڵ يان ئاوی (حەميم)ەوە پارچە پارچە دەبن، ئەم ئاوە زۆر گەرمە لە ريخۆڵەكانەوە دەگاتە بۆشايی ناوسك و پاشان پريتۆن و مێزەنتری، كە بە كۆتاييە دەمارييە هەستەوەرەكانی ئازار دەوڵەمەندن، دەبنە هۆی ئاگادار كردنەوەيان و دروستكردنی سكێشە و ئازارێكی ئێجگار زۆر، كە ئەو كەسە پێوەی دەتلێتەوە، لێرەدا ئازاری ئەو ئاوە داخبووە دەگاتە ئەوپەڕی.

## ڕووی ئیعجازی ئایەتەكان:

١- خوای گەورە بۆی ڕوونكردووينەتەوە، كە پێست شوێنی هەستكردنە بە ئازار، ئەويش بەوەی پەروەردگار پێستی بە هەستكردن بە ئازارەوە بەستووەتەوە، لە ئايەتی: (كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُم بَدَّلْنَاهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا لِيَذُوقُوا الْعَذَابَ)، لێرەوە ڕووندەبێتەوە، كە پێست بۆ بێباوەران لە دۆزەخدا هۆكاری هەستكردن بە ئازارە و كاتێك كە پێستيان دەبرژێت و دەسووتێت و پێكهاتنەكەی و ئەركەكەی لەدەست دەدات، سەرەنجام هەستكردن بە ئازار نامێنێت.

هەر بۆيە خوای گەورە ئەم پێستە فەوتاوەيان بۆ دەگۆڕێت بە پێستێكی نوێ لە پێكهاتن و ئەركەكانيدا، كە كۆتاييە دەمارييەكانی (كە تايبەتن بە هەستی ئازار و گەرميی) ئەم پێستە نوێيە هەڵدەستن بە ئەركەكانيان لە دروستكردنی ئەم ئازارە جەرگبڕانەدا، ئەمەش هەمووی بۆ ئەوەيە كە ئەو بێباوەڕانە لە ئازار چەشتندا بەردەوامبن.

هەروەها زانستی نوێش بۆی ڕوون كردووينەتەوە، كە كۆتاييە دەمارييەكان و تەنۆلكەكانی تايبەت بە هەستكردن بە ئازاری گەرمی و سووتان، تەنيا لە پێستدا بە شێوەيەكی چڕ كۆبوونەتەوە.

هيچ مرۆڤێك نەيدەتوانی پێش دۆزينەوەی وردبين و پێشكەوتنی زانستی توێكاری لە پێش ١٤سەدە لەمەوبەر ئەم ڕاستييانە بزانێت، لێرەوە موعجيزەكە ئاشكرا دەبێت و بەڵگەكانی پەروەردگار بەڕوونی دەردەكەون.

٢- قورئانی پيرۆز هەرەشە لە كافران دەكات بە سزادانيان بە ئاوی (حەميم)، بەوەی كە ناوسك و ريخۆڵەكانيان پارچە پارچە دەكات، نهێنی ئەم هەرەشەيە لەم دواييیانەدا ڕوون بووەتەوە بە دۆزينەوەی ئەوەی، كە ريخۆڵەكان هەست بە گەرمی ناكەن، بەڵام كاتێك كە پارچە دەبن ئاوە كوڵاوەكە دەڕژێتە ناوسك و بەر پريتۆنی ديواری دەكەوێت، كە زۆر هەستيارە بۆ ئازاری گەرميی و سووتان و دەبێتە هۆی دروستبوونی بەرزترين پلەی ئازار و بەردەوامبوونی، بەڵام لە پێستدا بەم شێوەيە نييە، چونكە بەردەوامبوونی هەست بە ئازار بە نوێبوونەوەی پێست دوای برژان و لەناوچوونيەوە بەندە.

ئەو وەسفەی، كە قورئان بۆ دروستبوونی ئازار بە ئاگر كردوويەتی، كە لە دەرەوە بەهۆی گۆڕين و نوێبوونەوەی پێست دوای برژانی و لە ناوەوە بە پارچە پارچە كردنی ريخۆڵەكان بە ئاوی كوڵاوە، زۆر گونجاوە و لە شوێنی خۆيدايە و بە تەواوەتی لەگەڵ ڕاستييە زانستييە دۆزراوەكانی ئەم دوو بوارە لەئەمڕۆدا يەكدەگرێتەوە ، ئەمەش لەبەر ئەوەيە كە قورئان وتەی ئەو خودا زانا و بەدەسەڵاتەيە، كە هەموو نهێنييەكان و وردەكارييەكانی دروستبوونی مرۆڤ دەزانێت، چونكە هەر ئەوە بەديهێنەری ئەو مرۆڤەيە.

لێرەدا بە تەواوەتی ئيعجازی زانستی قورئان لە باسكردنی هەستكردن بە ئازار بە پشتيوانی ڕاستييە زانستييە پزيشكييەكان ئاشكرا دەبێت و وەك خۆر دەدرەوشێتەوە.

## سەرچاوەكان:

١-تەفسيرەكانی: الطبري، الزمخشري، القرطبي، إبن كثير، الشوكاني.
٢-كتێبی: الإعجاز العلمي في الإرتفاعات العالية والإحساس بالألم، بەرهەمی (الهيئة العالمية للإعجاز العلمي في القرآن والسنة).
٣-گۆڤاری: (الإعجاز)، ژمارە ٢ی ساڵی (١٤١٧ك - ١٩٩٦ز)، بەرهەمی(الهيئة العالمية للإعجاز العلمي في القرآن والسنة).
٤-الطب محراب للإيمان (١-٢): د.خالص جلبي كنجو.
٥-ئينتەرنێت: www.tasabeeh.com
٦- Bailey & Love's: Short Practice of Surgery، 21st Edition، Chapman & Hall، UK، ١٩٩١.
٧- Andrews' Diseases of the skin، ١٩٨٢، W.B. Saunders، USA.
٨- Encyclopedia Britannica - ٢٠٠٩.



# ڕەمەزان و بینینی مانگ

ئا / جەمال موحەممەد ئەمین

سالانە و بە بەردەوامی لەگەڵ نزیکبوونەوەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەدا ئەم پرسیارە دووبارەدەبێتەوە: کەی ڕەمەزانە ؟ فلان ئێوارە سەیری ئاسمان دەکرێت بۆ بینینی مانگ، مانگ بینراوە، یان نا، لە فلان ولات بوو بە ڕەمەزان لە فیسار ولات ڕەمەزان نییە و زۆری تر لەو کێشانە، هەروەها هەمان سیناریۆ لە کۆتایی مانگی ڕەمەزاندا و لە چاوەڕوانیی هاتنی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزدا دووبارەدەبێتەوە.

دەمانەوێت لەم وتارەدا لە ڕووی زانستی و شەرعییەوە تیشکێك بخەینە سەر ئەو بابەتە، بە تایبەتی لە ڕۆژانێکی وەك ئەمرۆدا ئەم بابەتە بووەتە چەکێکی کوشندە بە دەست ناحەزانی ئیسلامەوە و بەئاگاداریی بێت یان بێ ئاگاییان لە ڕووی زانستی و شەرعییەوە، بەراست و بە چەپدا تیری ژەهراوی خۆیان دەهاوێژن.

خوای گەورە دەفەرموێت : ( يَسْأَلونَكَ عَنِ الْأَهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَنْ تَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ ظُهُورِهَا وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَى وَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ) (البقرة:١٨٩) واتە: (پرسیارت لێدەکەن دەربارەی قۆناغەکانی، کە مانگی پێدا تێپەڕ دەبێت، تۆ ئەی پێغەمبەری خوا پێیان بڵێ: کە ئەوە بۆ زانینی کاتەکان و کاتی حەج کردنە و ...تا کۆتایی ئایەتەکە))، هەروەها پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لێبێت) دەفەرموێت: ( بەڕۆژوو مەبن تا مانگ نەبینن و مەیشکێنن و جەژن مەکەن تا نەیبیننەوە، خۆ ئەگەر هەوربوو نەتانتوانی بیبینن ئەوا خۆتان مەزەندەی بکەن ). هەموو ساڵێك جیاوازییەکی زۆر لە کاتی هاتنی ڕەمەزان و جەژنی ڕەمەزاندا لە نێو ولاتە ئیسلامیەکاندا ڕوودەدات، هەندێك جار ئەو جیاوازییە دەگاتە چوار ڕۆژ، کە ئەوەش جیاوازییەکی زۆرە !

**بینینی مانگ لە ڕووی گەردوونزانییەوە :**

مانگ لە جولە بەسوورەکەیدا یەك سوور بە دەوری زەویدا تەواودەکات لە ماوەی بە نزیکی ٢٩,٥(بیست و نۆ ڕۆژو نیوەڕۆژێك)داو لە میانەی ئەو جولە بە سوورەیدا مانگ بە چەند قۆناغێکی جیاجیادا تێپەڕ دەبێت، کە بەم شێوەیە :

بە قۆناغی پەناگرتن دەست پێدەکات، ئەنجا دەمەداسی (هلال ) زیادبوو، دووجای یەکەم قۆقزی زیادبوو، چواردەشەوە، قۆقزی کەم بوو، دووجای دووەم، ئینجا دەمەداسی کەم بوو و پاشان جارێکی دی دەگەڕێتەوە باری پەناگرتنی و ئیتر، هەروەها هەموو مانگێك ئەو قۆناغانە دووبارە دەبێتەوە.هەروەك چۆن خۆر هەڵدێت و ئاوا دەبێت بە هەمان شێوەش مانگ هەڵهاتن و ئاوابوونی هەیە.

بەلام مانگ هەموو کاتێك بەشەو هەڵنایەت و بە ڕۆژ ئاوابێت، وەك هەندێك لێی تێگەیشتوون! هەموو ڕۆژێك مانگ هەڵدێت لەو کاتەدا، کە پەیوەستە بە ئەو قۆناغەی کە تێیدایە. کاتێك مانگ لە باری پەناگرتندا دەبێت لەگەڵ خۆردا هەڵدێت و لەگەڵیدا ئاوا دەبێت بە نزیکی و کاتێك لە باری دووجای یەکەمدا دەبێت لە نیوەڕۆدا هەڵدێت و لە نیوەشەودا ئاوا دەبێت بە نزیکی، لە کاتێکدا مانگ لە باری چواردەشەویدایە، لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا هەڵدێتو لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا ئاوادەبێت، کاتێکیش دەگاتە قۆناغی دەمەداسی کەم بوو، یان نوێ. ئەوا مانگ هەڵدێت پاش کەمێك لە هەڵهاتنی خۆر و ئاوا دەبێت پاش ئاوابوونی خۆر بە کەمێك.

بۆ بینینی دەمەداسی مانگی نوێ لە خۆرئاوای ئاسماندا ئێمە وا ڕاهاتوین، کە لە ڕۆژی ٢٩ ی مانگی کۆچی ( عەرەبی ) بە دواییدا دەگەڕێین بۆ ئەوەش دوو مەرج پێویستە، کە بە نەمانی مەرجێکیان زۆر ستەمە لەو ڕۆژەدا مانگ ببینرێت، کە ئەو دوو مەرجەش ئەمانەن:

**یەکەم :** دەبێت مانگ گەیشتبێتە قۆناغی پەناگرتنی پێش خۆرئاوابوون، چونکە ئێمە بە دوای دەمەداسدا دەگەڕێین، کە ئەویش

بە دوای پەناگرتندا دێت. خۆ ئەگەر مانگ نەگەیشتبێتە قۆناغی پەناگرتنی، ئەوا بینینی ستەم دەبێت .

**دووەم:** مانگ ئاوابێت پاش ئاوابوونی خۆر، چونکە گەران بە دوای دەمەداسدا یەکسەر لە رۆژی تازەی کۆچی یان عەرەبیدا دەست پێدەکات لە کاتی خۆرئاوابووندا، خۆ ئەگەر مانگ ئاوا بێت پێش خۆرئاوابوون، یان لەگەڵ خۆرئاوابووندا، ئەوا مانای وایە، کە دەمەداسی مانگ لە ئاسماندا نییە و پێویست ناکات بە دوواییدا بگەرێین .

ئەگەر یەکێك لەو دوومەرجانە بەدی نەهاتن، ئەوا بینینی مانگ کارێکی ستەم دەبێت، بەلام رووданی پەناگرتن پێش خۆرئاوابوون و ئاوابوونی مانگ دوای خۆرئاوابوون بەس نابێت تا دەمەداسی مانگ ببینرێت. ئایا دەکرێت مانگ ببینرێت، ئەگەر بە چەند خولەکێك پاش خۆرئاوابوون ئەویش ئاوا ببێت ؟ بیگومان نەخێر لەبەر چەند هۆیەك لەوانە:

یەکەم :ئاوابوونی مانگ پاش ئاوابوونی خۆر بە ماوەیەکی زۆر کەم مانای وایە، کە هێشتا مانگ نزیکە لە پەپکەی خۆرەوە و کاتی پەناگرتنی مانگ کەمێك پێش خۆرئاوابوون بووە. بۆیە لەکاتی خۆرئاوابووندا مانگ ئەوەندە لە پەپکەی خۆر دوور نەکەوتووەتەوە، تا بتوانرێت لە ئاسماندا ببینرێت لەبەر کەمیی رووناکییەکەی .

دووەم: لەکاتی خۆرئاوابووندا، کە سەیری خۆرئاوا دەکەین رووناکی توندی خۆر دەبینین لەو ناوچەیەدا، کە ئەوەش دەبێتە هۆی کەمبوونی شەوقی مانگ و لەویشەوە نەبینینی.

سێیەم: نزیکیی پەپکەی مانگ لە پەپکەی خۆرەوە لەکاتی خۆرئاوابووندا مانای نزیکی مانگە لە ئاسۆوە، کە ئەوەش دەبێتە هۆی کەمبوونی رووناکی مانگ و نەبینینی بە ئاسانی هەروەك چۆن رووناکی خۆر کەمیکردووە، کە لە ئاسۆدا بێت و ئێمە دەتوانین سەیری بکەین لە کاتێکدا ناتوانین لە نیوەرواندا سەیری پەپکەی خۆر بکەین .

لەوانەی پێشووەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە پێویستە مانگ لە بەرزاییەکی دیاریکراودا بێت لە ئاسۆوە و ماوەیەکی دیاریکراو لە پەپکەی خۆر دووركەوتبێتەوە، تا توندی رووناکییەکەی ئەوەندە ببێت بتوانرێت بە روونی بەچاو ببینرێت.

خۆ ئەگەر باری پەناگرتن پێش خۆرئاوابوون روویدا و مانگ ئاوابوو پاش خۆرئاوابوون، بەلام نەتوانرا مانگ ببینرێت لەبەر یەکێك لەو هۆیانەی پێشەوە، ئەوا بینینی دەمەداسی مانگ زۆر ستەم دەبێت واتە هەرگیز نابینرێت!.

## هۆکانی جیاوازیی لە نێوان ولاتە ئیسلامییەکاندا :



ولاتە ئیسلامییەکان لە دیاریکردنی سەرەتای مانگە کۆچییەکاندا و بەتایبەتی مانگی رەمەزان و مانگی شەوال بۆ دیاریکردنی یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزانی پیرۆز جیاواز دەبن لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :

١) هەندێك لە ولاتە ئیسلامییەکان خۆیان بانگەشەی هاولاتیان دەکەن، کە بە دوای بینینی مانگدا بگەرێن و هەرکەس بروات و سوێند بخوات، کە مانگی دیوە ئەوە ئیتر رەمەزانە، هەرچەندە هەژماردنە گەردوونییەکانیش جەخت لە سەر ستەمی بینینی مانگ بکەنەوە! ئەوە ئێستا لە زۆربەی ولاتە ئیسلامییەکاندا روودەدات.

٢)لە هەندێك لە ولاتە ئیسلامییەکاندا شایەتی بینەر رەتدەکرێتەوە،ئەگەر بینینی مانگ ستەم بێت، بەلام شایەتیەکە وەرگیراو دەبیت، ئەگەر بینینەکەش زەحمەت بێت (واتە لەوانەیە ببینرێت و ستەم نەبێت بینینی )،بۆ نموونە ولاتی سعودیە کە لە سالی ١٤١٩ کۆچییەوە کار بەوە دەکات .

٣)هەندێك ولاتی ئیسلامی دیکەدا پشت بە بینینی مانگ نابەستن، ئەوەندەی پشت بە هەندێك هەژماردنی گەردوونیی دەبەستن، بۆ نموونە لیبیا، کە لای ئەوان مانگی نوێی عەرەبی دەستپێدەکات ئەگەر باری پەناگرتن پێش گزنگ روویدا .

٤) هەندێك لە ولاتە ئیسلامییەکانی تر بە شێوەی فەرمی بە دوای بینینی مانگدا ناگەرێن، بەلکو داوا لە هاولاتیان دەکرێت، کە بە دوای بینینی مانگدا بگەرێن بۆ نموونە ولاتی مەغریب، کە بۆ بینینی هەموو مانگە کۆچییەکان هەمان شێواز بەکاردەهێنن، نەك تەنها هاوولاتیان، بەلکو هەتا هێزی سەربازیش بەشداری لەو گەرانەدا دەکات لە نزیکەی ٢٧٠ شوێندا، کە بەسەر هەموو ولاتی مەغریبدا دابەشبوون بە دوای بینینی مانگدا دەگەرێن.لە ولاتی عومانیش هەمان شێواز بەکاردەهێنرێت، بەلام ئەوەی مەغریب پێشکەوتووترە .

لەوانەیە پشتبەستن بە بینینی مانگ و شایەتیدانی بینەر زۆر وورد نەبێت، چونکە زۆر جار ئەو بینەرە هەرتەنێکی ئاسمانی لەو کاتانەدا ببینێت وابزانێت مانگە و واش نەبێت وەك ئەوەی لە سعودیە لە سالی ١٩٨٤ روویدا، کە ٢٨ رۆژ رەمەزان بوو، چونکە یەکێك لە شایەتەکان هەسارەی عەتارد، یان زوهرەی لێ بووەبە مانگ، بۆیە لەوانەیە بینینی مانگ بە شێوەی کۆمەل پێویست بێت، تا دلنیابن لەوەی کە ئەوەی بینیویانە مانگە .

٥)هەندێك لە ولاتانی دی پشتدەبەستن بە هەمان کاتی دەرکەوتنی دەمەداسی مانگی نوێی کۆچی لە یەکێك لە ولاتەکاندا، واتە ئەگەر زانییان ولاتێك رایگەیاند مانگ لای ئەوان بینراوە، ئیتر ئەوانیش یەکسەر بینینی مانگ لای خۆیان رادەگەیەنن، بە بێ ئەوەی دلنیابن لەوەی کە مانگ لای ئەوان، یان لای خۆیان بە دلنیایی بینراوە، بۆ نموونە ئەردەن و ولاتانی دیکەش، لە بەرامبەردا ولاتانی تر هەن، کە لە سەر بنچینەی جیاوازیی کاتی دەرکەوتنی مانگ دەرۆن و هاتنی مانگی رەمەزان راناگەیەنن، تا لە ناو ولاتی خۆیانەوە مانگ نەبینن، وەك ولاتی سعودیە، بۆنموونە لە رۆژی ٧/ ١٢ / ١٩٩٩ ولاتی یەمەن بە شایەتیدانی چەند کەسێك کە لە نێویاندا ئەهلی مزگەوت هەبوو، رایانگەیاند کە مانگیان دیوە بۆیە رۆژی ٨ / ١٢ / ١٩٩٩ دەبێتە یەکەم رۆژی رەمەزان، بەلام سعودیە گوێی بەو دراوسێیەی نەداو رۆژی ٩ / ١٢ /١٩٩٩ ی کرد بە رەمەزان.هەمان دیاردە لە سالی ١٤٢٤ ك روویدایەوە، کە رۆژی ٢٠٠٣/١٠/٢٦ یەکەم رۆژی رەمەزان بوو لە یەمەن و ئەردەن و فەلەستین و میسر، بەلام سعودیە رۆژی دواتری کرد بە رەمەزان واتە ٢٧ /٢٠٠٣/١٠ .

## بۆچوونە فیقهییەکان:

ئەوانەی پێشتر باسکران هەندێك لەو هۆ سەرەکییانەن، کە ئەو جیاوازییەی لە نێو ولاتە ئیسلامییەکاندا لە دیاریکردنی سەرەتای مانگە کۆچییەکاندا دروستکردووە. هەندێکیش لەو جیاوازییانە بۆ جیاوازیی فیقهی دەگەرێنەوە. زۆر جار ئەوە دووبارە دەکرێتەوە، کە ئاخۆ دوای هەژماردنی گەردوونی بکەوین یان بینینی مانگ بە چاو ؟ ئەو بابەتە زۆر بە چری و پری گفتوگۆی لەسەر کراوە لە نێوان فەقیهەکان و زانا گەردوونییەکاندا، هەندێك لە فەقیهییەکان پێیان باشە، کە پشت بە هەژماردنە گەردوونییەکان ببەسترێت، بەلام هەریەکەیان بۆچوونی تایبەتی خۆیان لەو رێپێدانەدا هەیە، وەك لای خوارەوە هەندێك لەو بۆچوونە فیقهیانە دەخەینەروو:

١) بەشێك لەو فەقیهانە رێگەیان داوە بە پستبەستن بە هەژماردنی گەردوونی، تەنها لە کاتی نەرێیدا (نفي) بە واتایەکی دی، ئەگەر کەسێك هات و شایەتی بینینی مانگی دا، بەلام بە پێی هەژماردنی گەردوونی

بینینی مانگ ستەم بوو، ئەوا لەو بارەدا ئەو شایەتییە ڕەتدەکرێتەوە. لە بەناوبانگترینی ئەو فەقیهانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە(تقي الدين السبكي)یە، کە لە فەقیهە شافیعییەکانە و لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، ئەو لەو بارەوە دەڵێت: ئەگەر هەژماردنی گەردوونی بینینی مانگی ڕەتکردەوە، ئەوا لەسەر دادوەرە، کە ئەو شایەتییە ڕەتبکاتەوە، چونکە هەژماردنی گەردوونی دابڕکارە، بەڵام شایەتیدان هەواڵدانە و جێگای گومانە و هەمیشە دابڕکاری پێش گومان دەکەوێت، هەروەها دەڵێت : بۆ دادوەر هەیە کە چاو بخشێنێتەوە بە شایەتیدانێك بۆ هەر پرسێك و ئەگەر بینی، کە هەست و بینین بەدرۆی دەخاتەوە بۆی هەیە ڕەتیبکاتەوە بێ هیچ سڵەمینەوەیەك !هەروەها مەرجی بەڵگە ئەوەیە، کە ئەوی شایەتی لەسەر دراوە شیاوبێت لە ڕووی هەستکردن و ژیری و شەرعەوە، خۆ ئەگەر بەڵگەی هەژمارکردنە گەردوونییەکە بینینەکەی بە ستەم دانا ئەوا لە ڕووی شەرعیشەوە ئەوە ستەم دەبێت و شایەتیدانەکە ڕەتدەکاتەوە، چونکە شەرع لە سەر ستەمەکان (نەشیاوەکان ) دانامەزرێت، بەڵام شایەتیدان شیاوی هەڵە و درۆ و خەیاڵە. ئەوانەی پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەن لە زانایانی ئەم دواییانە :

(موحەمەد مستەفا المراغي) کە شێخی ئەزهەر بووەو (شێخ علي تەنتاوی)ن.

شایانی باسە کە شێخی ئیسلام( ئیبن تەیمیە) و قوتابیەکەی ئیبن قەیم و قیراقی وئیبن روشد، هەمان بۆچوونیان هەبووە .

٢) هەندێکی تر لە فەقیهەکان ڕێگایان داوە بە پشتبەستن بە هەژماردنە گەردوونییەکان، لە باری ئەرێ و نەرێداو جیاوازیی ئەمان لەگەڵ گروپی پێشوودا تەنها لەوەدایە، کە ئەمان ئەگەر بە پێی هەژماردنە گەردوونییەکان بشێت، کە مانگ ببینرێت لەو ئێوارەیەدا ئەوا ئیتر ڕۆژی دوایی دەبێتە یەکەم ڕۆژی مانگی نوێی کۆچی بەبێ ئەوەی کەس مانگی دیبێت. لەوانەی کە پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەن لە کۆندا (موتریف کوری عەبدوڵڵا)بووە، هەروەها(ئەبو عەباس کوری سریج) کە لە گەورە شافیعییەکانە لە سەدەی سێی کۆچیدا ژیاوە و (ئیبن قوتەیبەی دەینوری)بوون، بەڵام لە ئێستادا (شێخ ئەحمەد شاکر، شێخ مستەفا زەرقا، دکتۆر یوسف قەرزاوی) هەمان بۆچوونیان هەیە.

٣) گروپێکی تر لە فەقیهەکان بە هیچ جۆرێك ڕێگانادەن بە پشتبەستن بە هەژماردنە گەردوونییەکان، نە لە باری ئەرێداو، نەلە نەرێیدا، تەنها لای ئەوان پشت دەبەسترێت بە شایەتیدانی بینەر، بەوەی کە مانگی دیوە،

هەتا ئەگەر بە پێی هەژماردنی گەردوونی ئەو بینینە شیاو نەبێت. هۆی ئەوەش دەگێڕنەوە بۆ ناوردیی هەژماردنە گەردوونییەکان، یان تێکەڵبوونی ئەو زانستە لەگەڵ ئەستێرەوانی و یان هەردووکیان لەوانەی ئەو بۆچوونەیان هەیە (شێخ ئیبن باز)ە .

٤) هەندێکی تر لە فەقیهەکان پشتگیری هەژماردنی گەردوونی دەکەن، خۆ ئەگەر بینیان مانگ ئاوا دەبێت پاش خۆرئاوابوون هەتا ئەگەر بە یەك خولەکیش بێت و باری پەناگرتنیش ڕوویدابێت پێش خۆرئاوابوون، با بە یەك خولەکیش بێت ئیتر ئەوە بەسە بۆ ئەوەی ڕۆژی دادێت ببێتە سەرەتای مانگی نوێی کۆچی، بۆ ئەوەش دەگەڕێنەوە بۆ بۆچوونی ئەوانەی، کە ڕێگایان داوە بە پشتبەستن بە هەژماردنی گەردوونی لە باری ئەرێی و نەرێیدا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو گەرانەوەیەی ئەوانە ڕاست نییە، چونکە ئەوانەی ئەو ڕێگایەیان داوە بۆ پشتبەستن بە هەژماردنە گەردوونییەکان، ئەوە بۆ ئەو کاتەیە کە مانگ لەدایکبووبێت، واتە دەمەداسی مانگ (هلال) نەك مانگ لە قۆناغی پەناگرتندا بێت، چونکە ڕوودانی پەناگرتن مەرج نییە بۆ لەدایکبوونی هیلال !مانگ پێویستی بە ١٢ تا ١٨ کاتژمێر دەبێت تا لە قۆناغی پەناگرتنەوە بچێتە قۆناغی دەمەداسییەوە (هلال)و لە ڕاستیدا هیچ فەقیهێك سەرەتای مانگی کۆچی بە تەنها ڕوودانی پەناگرتنەوە نەبەستووەتەوە، چونکە مانگەکانی کۆچی بە بینینی هیلالەوە بەندن، وەك خوای گەورە دەفەرموێت :(يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَنْ تَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ ظُهُورِهَا وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَى وَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ) (البقرة:١٨٩).

## هەژماردنی گەردوونی، یان بینین؟

لە کۆتایدا پرسیاری ئەوە دێتە پێشەوە، کە ئایا ئێمە لە دیاریکردنی سەرەتای مانگە کۆچییەکاندا دوای بینینی مانگ بکەوین، یان بە پێی هەژماردنە گەردونییەکان بڕۆین ؟؟

ئەگەر مەبەست لە بینینی مانگ (هلال) ئەوە بێت، کە هەر کەس هات و شایەتی دا کە مانگی دیوە لە کاتێکدا بە دڵنیایی نادروستی ئەو شایەتیدانە ڕوونبێت، وەك ئەوەی لە ٢٨ ی یەکێك لە مانگە کۆچییەکانی ساڵی ١٩٨٤ دا لە سعودیە ڕوویدا، ئەوە بۆ خۆی پێچەوانەی فەرموودەی پێغەمبەری ئیسلامە کە دەفەرموێت : (لا تصوموا حتى تروا الهلال، ولا تفطـروا حتى تروه فإن غُمّ عليكم فاقدروا له)، واتە (بەڕۆژوو مەبن تا مانگ نەبینن و جەژن مەکەن، تا نەیبیننەوە، خۆ ئەگەر هەور بوو ئەوا خۆتان مەزندەی بکەن)، واتە بینینەکە مەرجە بۆ سەرەتای مانگی کۆچی، خۆ ئەگەر

ئەو بینینە ستەم بوو ئەوا ئیتر مەرجەکە بەتاڵدەبێتەوە و ئەو شایەتیەش ڕەتدەکرێتەوە دوورنییە کەسی بینەر هەسارەیەکی وەك زوهرە یان عەتاردی نەبینیبێت!

لە بەرامبەر ئەوەدا چۆن دەبێت پشت بە هەژماردنە گەردوونییەکان ببەسترێت، کە ڕوودانی پەناگرتن دادەنێت بە سەرەتا بۆ مانگە کۆچییەکان، لەکاتێکدا خوای گەورە کاتی موسڵمانەکان بە هیلالەوە دەبەستێتەوە، نەك پەناگرتن! لێرەوە گرنگی پەیوەندیی نێوان بینین و هەژماردنە گەردوونییەکان دەردەکەوێت، کە ناکرێت لێك جیابکرێنەوە، چۆن دەبێت شایەتی کەسێك وەربگیرێت بۆ بینینی مانگ لە کاتێکدا مانگ پێش خۆرئاوابوون ئاوا بووە؟ چۆن سەرەتای مانگی کۆچی دیاری دەکرێت لە کاتێکدا مانگ لە هیچ شوێنێك نەبینراوە؟

بۆ ئەوەی ئەو هەڵانە ڕوونەدەن پێویستە:

١) پرۆسەی گەران بە دوای دەمەداسیی مانگ، پرۆسەیەکی فەرمی کۆمەڵی بێتو میری چەند ناوچەیەکی جیا جیا دیاریبکات لە وڵاتەکەدا و کۆمەڵێك شارەزا تایبەت بکات بە گەران بە دوای مانگدا لەو ناوچانەدا، کە هەر کۆمەڵەو کەسێکی شارەزایان لەگەڵدا بێت، کە شارەزابێت لە چۆنییەتی گەران بە دوای مانگ و هەژماردنە گەردوونییەکاندا، تا ژمارەی ئەو کۆمەڵانەش زۆرتر بێت ئەگەری هەڵە کەمتر دەبێت بۆ نموونە لە کۆماری باشووری ئەفەریقیا نزیکەی ٣٠٠٠ کەس لەو گەرانەدا بەشداریی دەکەن ! .

٢) کاتێك کەسێك شایەتی بینینی مانگ دەدات، وا باشە هەندێك پرسیاری ئاراستە بکرێت بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی شایەتیدانەکەی وەك کات و شوێنی بینینەکە و ئاراستەی دەمەداسەکە و بەرزی لە ئاسۆوە و چۆنیەتی جوڵەی مانگەکە لە کاتی چاودێریکردنیدا و .....هتد ئەوانە پرسیاری سادە و ساکارن زیاتر دڵنیامان دەکەن لە ڕاستی شایەتیدانەکە، چونکە ئەمڕۆ وەك سەردەمی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت) نییە و زانستی گەردوونی زۆر پێشکەوتوە یارمەتیمان دەدات بۆ دڵنیابوون لە ڕاستیی شایەتیدانەکە .

### سەرچاوەکان :

١- قضاة، شرف ١٩٩٩. ثبوت الشهر القمري بين الحديث النبوي والعلم الحديث. دراسات، علوم الشريعة والقانون ٢٦. ٤٤٧-٤٥٨.
٢- منيع، عبد الله ٢٠٠٤. التحديد الفلكي لأوائل الشهور القمرية
٣- (http://www.islamtoday.net/ ).
٤- إسلام أون لاين ٢٠٠٤، الحساب الفلكي وإثبات الصيام والفطر.

و/ هەیڤ



# قورئان وێنەی شەوو ڕۆژ دەگرێت

لەرێگـەی زنجیرەیـەك وێنـەوەی گـۆی زەوییەوە، كە مانگەدەسـتكردەكان گرتوویانە، بە تایبەت بۆ ناوچەی بەناویەكداچوونی شەوو رۆژ، گەورەیی و جوانیی ئەم دیاردەیەو وردیی سەرسورهێنەرانەی قورئانمان لە وێناكردنیاندا بۆ دەردەكەوێت.

بۆ چەند سەدەیەكی دووروودرێژ خەڵك لەو باوەرەدابوون، كە زەوی رووویەكی تەختە، هیچ زانیارییەكیان لەسـەر شێوە گۆیی زەوی نەبوو، بەڵام قورئانی پیرۆز لـە ئایەتێكدا ئاماژەی بۆ ئەم راسـتییە گەردوونییە كـردووە، ئەمەش لە رێـی وێناكردنی دیـاردەی شـەوو رۆژەوە، كە لەوێدا وشەی (یكور)، واتە (دەسورێتەوە لەگشت لایەكەوە)ی بەكارهێناوە.

پشتبەسـت بەم وێنانەی خـوارەوە، چەند راسـتییەك دەردەكەوێـت، سـەرنجراكێش ئەوەیە، كە قورئان هەموو ئەم راستییانەی بۆ وێناكردوین، وەك ئەوەی لەبەرچاوماندا بن.

### شەو لە ئاسماندا مەلەدەكات

شـەوو رۆژ بە هەمان خێرایی دەجولێنەوە لە ئەنجامی سورانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا، بـە دەروی زەویـدا مەلەدەكەن. خـوای گەورە دەفەرموێـت: (وَهُوَ الَّـذِي خَلَقَ اللَّيْـلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ) «الأنبياء: ٣٣»

((هـەر ئەو زاتەیە، كە شـەوو رۆژو خۆرو مانگی بەدیهێناوە، هەریەكەیان لە خولگەیەكدا دەسـورێنەوە، یان مەلەدەكەن))، لەم گوزارشتە رابمێنن (كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْـبَحُونَ) (هەریەكەیان لە خولگەیەكدا دەسورێنەوە، یان مەلەدەكەن). چۆن خۆر خولگەیەكـی تایبەتی هەیەو تێیدا دەسورێتەوە، هەروەها مانگیش، شەوو رۆژیش جولەیەكی بـەردەوام و رێكخراویان هەیە، ئەم جولەیە بەڵگەیە لەسەر شێوە گۆیی زەوی.



هەروەها مانگ بەدەوری زەویدا دەسورێتەوە لـە خولگەیەكی دیاریكراودا، زەویش بە دەوری خۆردا لە خولگەیەكی دیاریكراودا دەسورێتەوە، شـەویش بـە دەوری زەویـدا دەسـورێتەوە و لەهەمـوو لایەكـەوە دەوری رۆژ دەگرێت، بەم شـێوەیە خێرایـی جولەی شـەو و رۆژ هەمان خێرایی جولەی زەوییە بە دەوری خۆیدا.

### شەووڕۆژ بەناویەكدا دەچن (تێهەڵكێش دەبن):

شـەوو رۆژ بـە درێژایـی بازنەیـەك، كە دەوری زەوی داوە، بەناویەكداچـوون، ئەمـە ئەو ناوچەیەیە، كە لە رووبەكیدا رۆژئاوابوون روودەداتو لـە رووەكـەی تریـدا رۆژ هەڵاتن روودەدات، خـوای گەورە دەفەرموێت: (أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُولِـجُ اللَّيْـلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِـجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَسَـخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى وَأَنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ) «لقمان: ٢٩»

((ئایا سـەرنجت نـەداوە، كە بەراسـتی خـوا شـەو تێهەڵكێشـی رۆژ دەكات و رۆژیش تێهەڵكێشی شەو دەكات، خۆرو مانگی بۆملكەچ و تەرخانكـردوون، هەریەكەیـان تـا كاتێكـی دیاریكراو لە سـورانەوەیاندا بـەردەوام دەبن، بە راسـتی خـوا بـەكارو كردەوەكانتـان زۆر ئاگادارە)).




لەم وێنەیە رابمێنین، شـەوو رۆژ لە سـەر رووی زەوی دەنوێنێـت، تێبینـی بكـەن، كـە هێڵی جیاكـەرەوە لە نێوان شـەوو رۆژدا ئەو بازنەیەیە، كە گۆی زەوی داپۆشیوە و دەوریداوە. ئـەم بازنەیە بەهـۆی سـورانەوەی زەوییەوە دەجولێـت، بەجۆرێـك رۆژ لـە خاڵێكەوە بۆ خاڵێكی تر دەگوێزرێتەوە، هەتا زەوی لە ماوەی ٢٤ كاتژمێـردا دەخولێتـەوە، ئـەم كردەیەش هەموو رۆژێك دووبارە دەبێتەوە.

### شـەو بەشـێوەیەكی بازنەیـی دەوری رۆژدەدات

ناوچـەی بەیەكداچـوون نـە رێكـەو نە تێكشـكاوە، بەڵكو لـە شـێوەی بازنەیەكدایە، كـە دەوری گـۆی زەوی داوە، قورئانـی پیرۆز گوزارشـتی لەم دیاردەیە كردووە ، خوای گەورە دەفەرموێت: (يُكَوِّرُ اللَّيْلَ عَلَى النَّهَارِ وَيُكَوِّرُ النَّهَارَ عَلَى اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُسَمًّى أَلَا هُوَ الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ)الزمر:٥

((بەشێوەی كەوانەیی (بازنەیی) شەو بەسەر رۆژدا دەهێنێت، بە هەمان شـێوەی كەوانەیی رۆژیش بەسەر شەودا دەهێنێت، رۆژو مانگیشی رامكـردووەو رایهێناون و هەریەكەیان لە چەرخ و خولـدان تا كاتێكی دیاریكراو ، ئاگاداربن ئەو خوایە زۆر بەدەسەڵاتە....)) وشەی (يُكَوِّرُ)واتا شەو دەچێتە ناو رۆژەوە بە شێوەیەكی بازنەیی، كە لە گۆ دەچێت، ئەم ئایەتەش بەڵگەیە لەسەر شێوە گۆیی زەوی.




شەو بە ئاراسـتەی رۆژئاوا (چەپ) دەروات و لەهەموو لایەكەوە بـە درێژایی ئەم بازنەیە دەوری رۆژ دەدات، وا دەردەكەوێت، كە پێشبركێی لەگەڵ دەكاتو دوایدەكەوێـت، بەڵام لە لاكەی دیكەی وێنەكەوە پێچەوانەی ئەمە روودەدات، بەجۆرێـك كـە رۆژ دەجولێـت و هەوڵدەدات دوای شەو بكەوێت، بەدەوریدا دەخولێتەوە بە درێژایـی هێڵی جیاكەرەوەی نێوان شـەووڕۆژ، ئەم كردەیە بەردەوام دەبێت.

### ناوچەی جیاكەرەوەی نێوان شەوو ڕۆژ:

ئەو ناوچەیەیەی دەكەوێتە ناوراستی شەوو

ڕۆژەوە لە وێنەکەدا وا دەردەکەوێت،، کە هێڵێکی بەرزە ڕووناکی و تاریکی لەیەکجیادەکاتەوە وەك دەیبینین، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ) «البقرة: ١٨٧».((بخۆن و بخۆرنەوە هەتا بەرەبیان و سپێدەتان بۆ دەردەکەوێت، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دیاریدەدات و تاریکیی شەو لادەبات)).

ئەم ئایەتە باس لە بوونی ناوچەیەکی جیاکەرەوە لە نێوان شەوو ڕۆژدا دەکات، کە کاتی بەرەبیان (فەجر) لە نێوانیاندایە، لەم وێنە جوانەی شەووڕۆژ ڕابمێنن:



ئەو ڕووەی کە لەبەرچاوماندایە هێڵێکی جیاکەرەوەی نێوان شەوو ڕۆژی تێدا دەبینین، ئەم هێڵە دەوری گۆی زەوی داوە، بەهەردوو جەمسەرەکەدا تێپەڕدەبێت، لەم ناوچەیەدا کە شەوو ڕۆژ بەناویەکداچوون سنورێکی بەرز هەیە ڕووناکی و تاریکی لەیەکجیادەکاتەوە.

## جیاوازیی زۆری نێوان شەووڕۆژ

زانایان لەسەر ئەوە کۆکن، کە جیاوازیی زۆر هەیە لە نێوان ناوچەی شەوو و ناوچەی ڕۆژ لە سەر ڕووی زەوی، جیاوازیی لە پلەی گەرما، لە چەندیەتی ئەو تیشکە گەردوونییەی کەوتوتە سەر هەر یەکێکیان، جیاوازیی لە کارتێکردنی مانگ ( هەڵکشان و داکشان)، جیاوازی لە شێوازی ژیانی زیندەوەرەکان و ڕووەکان لەهەریەکێکیاندا، چەندین جیاوازیی دیکە کە لە ژماردن نایەن، ئەگەر ئەم جیاوازییانە نەبوونایە، ژیان لەسەر زەوی بەردەوام نەدەبوو، ڕووەکان گەشەناکەن ئەگەر بەدوایەکدا هاتنی شەوو ڕۆژ نەبێت، هەر بەو شێوەیەش ئەگەر جیاوازیی شەوو ڕۆژ نەبووایە ژیان لەسەر زەوی نەدەما.

قورئانی پیرۆز باسی لەم دیاردە گرنگە کردووە، کە جیاوازیی زۆری نێوان ناوچەی شەوو ناوچەی ڕۆژە لەسەر ڕووی زەوی، خوای گەورە دەفەرموێت (إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ) «آل عمران: ١٩٠».

((لە خەلقکردنی ئاسمانەکان و زەویداو لە جیاوازیی شەوو ڕۆژدا بەڵگەو نیشانەی زۆر بۆ کەسانی ژیرو هۆشمەند هەن)).

لەبەرئەوە، ئەم جیاوازییە نیعمەتێکە لە نیعمەتەکانی خوای گەورە، لەبەرئەوەی لە چێوەی بەردەوامیی ژیاندایە:

ئەگەر بوونی شەوو ڕۆژ نەبوایە لەسەر زەوی، ڕووەك نەیدەتوانی گەشەبکات، لە بنچینەدا ژیان هەر نەدەبوو!

## شەو ڕۆژ دادەپۆشێت

ئەو کەسەی لە دەرەوە سەیری زەوی دەکات تاریکییەك دەبینێت، کە لەسەر ڕووەکەی ڕۆژی داپۆشیوە، بەڵکو زەوی بەتەواویی بە تارکیی دەوردراوە، خوای گەورە دەفەرموێت (يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا) «الأعراف: ٥٤» ئەگەر ئێمە خێرایی زەویمان زیادکرد بە فلیمێکی ڤیدۆیی وێنەمان گرت دەبینین وەك ئەوە وایە، کە شەو دوای ڕۆژ کەوتووەو دەیەوێت بیگرێت، بەڵام بێ ئەوەی پێشی بکەوێتەوە!

ئەو کەسەی لە هەسارەی زەوی دەچێتە دەرەوە بە ئاراستەی ئاسمانی دەرەوە، یەکەم




شت کە تێبینی دەکات ، تاریکییەکی چڕە، کە هەموو شتێکی داپۆشیوە.

## ڕۆژ چینێکی زۆر تەنکە

چینی ڕۆژ زۆر تەنك وناسکە لە چینی پێست دەچێت، کە لەشی مرۆڤی داپۆشیوە، خوای گەورە دەفەرموێت:(وَآيَةٌ لَهُمُ اللَّيْلُ نَسْلَخُ مِنْهُ النَّهَارَ فَإِذَا هُمْ مُظْلِمُونَ) «یس: ٣٧»

((هەروەها بەڵگەونیشانەیەکی ئاشکرای تر بۆیان شەوە، کە پۆشاکی ڕووناکی ڕۆژی لەبەرداداماڵین، بەو هۆیەوە دنیایان لێ تاریك دەبێت)).

لەم وێنەیە ڕابمێنن ، کە ئەستوریی چینی ڕۆژ دەردەخات، ئەو چینەیە، کە لا ڕووناکەکەی گۆی زەوی داپۆشیوەو بەرزییەکەی لە ١٠٠ کیلۆمەتر تێپەڕناکات، لە کاتێکدا ناوچەی زەوی ١٢٥٠٠ کیلۆمەترە، واتە چینی ڕۆژ کەمتر لە سەدا یەکی ناوچەی زەوییە.




لەم چینە زۆر تەنك و ناسکە ڕابمێنن، کێ لە سەردەمی دابەزینی قورئاندا ئەوەی دەزانی، کە ڕۆژ بە داماڵین لەزەوی دادەماڵرێت ، ئەمەش بەهۆی سورانەوەی زەوییەوە؟!

## شەوو ڕۆژ خزمەتگوزاریی بێبەرامبەر پێشکەشدەکەن

زانایان باس لە سوودە زۆرەکانی بەدوایەکدا هاتنی شەوو ڕۆژ دەکەن، لە ڕووی چەسپاویی پلەی گەرمای سەرزەوی، کە بە شێوەیەکە بۆ ژیان گونجاوە، ڕوودانی شەوو ڕۆژ بۆ گەشەی ڕووەك پێویستە..... کەواتە شەوو ڕۆژ خزمەتگوزاریی بێبەرامبەرمان پێشکەشدەکەن، کە لە ژماردن نایەن. بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت (وَسَخَّرَ لَكُمُ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ دَائِبَيْنِ وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ) «إبراهيم: ٣٣». ((خۆرو مانگی بۆ ڕامهێناون لە چەرخ و خولدان، شەوو ڕۆژیشی بۆ خزمەتگوزاریی ئێوە ڕامهێنا )) وشەی (سَخَّرَ)واتای کارێکی پێسپاردووە بێ بەرامبەر، ئەمەشە، کە خۆر ئەنجامی دەدات و کارێکی بێبەرامبەرمان پێشکەشدەکات.

کە لە بەشەکانی دیکەی گەردوون ورددەبینەوە، وەك مانگ ، تێبینی دەکەین لەسەر ڕووی مانگ بەدوایەکدا هاتنی شەوو ڕۆژ نییە، لایەکی تاریکی زۆر سارد دەبینین، لاکەی دیکەش ڕووناك و پلەی گەرمیی زۆر بەرزە.

سورانەوەی زەوی بە دەوری خۆیداو بە دەوری خۆردا بە شێوەیەکی ڕێکخراو ڕوودەدات. پچوکترین کەلێن و ناتەواویی نییە، کە ببێتە هۆی تێکچوونی کات، یان بەدوایەکدا هاتنی شەوو ڕۆژ، قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی بۆ ئەمەکردووە، خوای گەورە دەفەرموێت:(وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ) «یس: ٤٠»

((نە شەویش پێش ڕۆژ دەکەوێت، هەر یەکەیان لە خولگەی تایبەتی خۆیاندا مەلەدەکەن و بە ئاسانی دەسوڕێنەوە)).

لە کۆتایدا دەکرێت بڵێین: هەموو ئەو ئایەتانەی وەسفی شەوو ڕۆژ دەکەن، لەگەڵ دەستکەوتە زانستییەکانی ئەمڕۆدا یەکدەگرنەوە، هیچ دژایەتییەك لە نێوان ئەوەی قورئان باسی کردووەو ڕاستییە زانستییەکاندا نییە، ئەمەش بەڵگەی ڕاستیی پەرتوکی خوداو ئیعجازەکانیەتی، بە تایبەت ئەم ڕاستییانە، تەنها پێش چەند ساڵێك دەرکەوتوون، پاش داهێنانی مانگە دەستکردەکان.

سەرچاوە : کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە لە پێگەی (NASA)ەوە.

نووسینی د. عطية فتحي البقري




# سوودەکانی شەونوێژ لە ڕووی تەندروستییەوە

وەرگێڕانی بە دەستکارییەوە: د. ئەفرام محمد حسن پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان

پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت:( عَليكُم بقيام الليل، فإنه دأبْ الصالحين قبلكم، وقُربةٌ إلى الله تعالى، ومنهاةٌ عن الإثم، وتكفير للسيئات ومگردهٌ للداو عن الجسد).

لەم فەرموودە پیرۆزەی سەروەرمانەوە گرنگیی و سوودەکانی شەونوێژمان چ لە ڕووی ئیمانیی، چ لە ڕووی تەندروستییەوە بۆدەردەکەوێت، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوودە تەندروستییەکانی شەونوێژ دەخەینەڕوو:

خەو بەشێکی گەورەی ژیانی مرۆڤ پێکدەهێنێتو پێویستی مرۆڤ بۆ خەو بەپێی تەمەن دەگۆڕێت، لە سەرەتای تەمەندا نزیکەی ١٨ کاتژمێر دەبێت، لە لاویدا نزیکەی ٨ کاتژمێرو دواتر نزیکەی ٦-٧ کاتژمێر دەبێت.

**خەو دەکرێت بە دوو قۆناغی سەرەکییەوە:**

❖ قۆناغی نەبوونی جوڵەی خێرای چاو: ئەم قۆناغەش لەسەرەتای نووستنەوە، نزیکەی ٩٠ خولەك دەخایەنێت.

❖ قۆناغی جوڵەی خێرای چاو: بەوە جیادەکرێتەوە، کە چاو بەخێرایی دەجولێت.

**قۆناغی یەکەم دەکرێت بە چوار پلەوە:**

**پلەی یەکەم:** نزیکەی لە ٢٪ - ٥٪ی خەوی شەو پێکدەهێنێتو مرۆڤ لە نێوان خاوبوونەوەو بەئاگاییدایەو زۆر بە ئاسانی بەخەر دێت، هەندێك جار نکوڵی لەوە دەکات کە نوستبێت. وەك ئەوەی لە کاتی سەیرکردنی تەلەفزیۆندا بۆ چەند چرکەیەك، یان خولەکێك خەو دەیباتەوە.

**پلەی دووەم:** نزیکەی لە ٤٥٪ -٥٥٪ی خەو پێکدەهێنێت، لەم قۆناغەشدا مرۆڤ بە ئاسانی لە کاتی بوونی هەر دەنگە دەنگێکدا بە ئاگادێتەوە.

**پلەی سێیەم و چوارەم:** کە پێیان دەڵێن خەوی شەپۆلی خاو، یان لەسەرخۆ. نزیکەی لە ١٠٪ - ٢٣٪ی خەو پێکدەهێنێت، لەم قۆناغەدا مرۆڤ بەئاسانی بەئاگا نایەت، خەو قورس دەبێت و زیندەچالاکییەکانی لەش خاودەبنەوەو پلەی گەرمی لەش دادەبەزێت، شەپۆلەکانی دەلتا بەدەردەکەون و لە ٥٠٪ زیاتری لە قۆناغی چواردا دەبێت.

**قۆناغی دووەم (قۆناغی جوڵەی خێرای چاو)**

ئەم قۆناغە نزیکەی لە ٢٠٪- ٢٥٪ ی خەو پێکدەهێنێتو قۆناغی خەوی قورسە و ماسولکەکان لە باری پشوو دان، بەڵام میشك زۆر چالاکە و بڕێکی زۆر خوێنی بۆ دەچێت و پلەی گەرمییەکەی بەرزدەبێتەوە. ئەم قۆناغە بەوە جیادەکرێتەوە، کە مرۆڤ تێیدا (جەستەیەکی ئیفلیج و مێشکێکی بە ئاگا)ی هەیە.

لە سێیەکی یەکەمی شەودا زیاتر قۆناغی یەکەمی خەو هەیە و لە سێیەکی کۆتایی شەودا زیاتر قۆناغی دووەم هەیە، لە ماوەی ٨ کاتژمێر خەودا نزیکەی (٤ - ٥) جار ئەم سورە دووبارە دەبێتەوە، واتە گۆڕانکارییەکانی جەستە زیاتر لە سێیەکی کۆتایی شەودا

ڕوودەدەن.

## گرنگترین سوودەکانی شەونوێژ:

### ❖کاریگەری لەسەر سیستمی بەرگری:

دڵەراوکێ و فشار دەبنە هۆی وروژاندنی ژێرلانکە ڕژێن، کە ئەمیش کاردەکاتە سەر ڕژێنی سەر گورچیلە و دەبێتە هۆی زۆردەردانی مادەی کۆرتیزۆل، ئەمیش کاریگەریی گەورەی لەسەر جەستە، بە تایبەت سیستمی بەرگری هەیە، کە ڕێ لە ڕۆیشتنی خڕۆکە سپییەکان بۆ شوێنی هەوکردن دەگرێت (واتە ئەو شوێنەی کە تەنی بیانی تێدایە)، هەروەها دەبێتە هۆی کەمتر ڕژاندنی مادەی لایزۆزایم، کە بکوژی بەکتریایە و کار دەکاتە سەر چالاکیی (ماکرۆفەیج)، کە یەکێکە لە خڕۆکە سپییە گەورەکان و ئەرکی سەرەکیی قوتدانی تەنەکانە.

دیارە نوێژکردن دەبێتە هۆی ئارامی و هێمنی دەروون (الا بڕگر الله تگمئن القلوب)، بەمەش مرۆڤ لە فشار ڕزگاری دەبێت، سیستمی بەرگری بە تواناییەکی باشەوە کاردەکات، لە نەخۆشی بەدوور دەبێتو گەر توشیشی بوو ئەوە زوو چاکدەبێتەوە.

## گۆڕانکارییەکانی سێیەکی کۆتایی شەو:

### ❖ گۆڕانکارییەکانی کۆئەندامی سووڕان:

بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و نارێکیی لە لێدانی دڵدا: دیارە گەر مرۆڤ لە خەوهەڵسا و بە زکرو نوێژکردن دڵی خوای ئاودا، ئەوا لەبەرزبوونەوەی پەستانی خوێنو نارێکیی لێدانی دڵ بەدوور دەبێت، بەهۆی ئەمەشەوە لە سنگە کوژێ و جەڵتە بەدوور دەبێت.

### ❖ گۆڕانکارییەکانی کۆئەندامی هەناسە:

زیادبوونی ژمارەی هەناسە لە خولەکێکدا و نارێکیی لەهەناسەداندا،هەروەهاکەمبوونەوەی جووڵەی ئەو کوڵکانەی بۆرییەکانی هەوایان ناوپۆش کردوە، کە بەرپرسیارن لە ڕێگرتن لە کۆبوونەوەی تۆزو بەکتریا لە سییەکاندا. هەروەها تەسکبوونەوەی بۆرییەکانی هەواو زیادبوونی دەردراوەکانی ناوپۆشی بۆری هەواو سییەکان. بۆیە ئەوانەی کە نەخۆشی ڕەبۆ یان هەیە لە سێیەکی کۆتایی شەودا زیاتر ئەگەری نەوبەیان هەیە، بە بەراورد بە سێیەکی یەکەمی شەو. هەروەها گەر مرۆڤ دەستنوێژی گرت و ئاوی لەدەمی ڕاداو بەلووت ئاوی هەڵمژی و کردیەوە دەرەوە،کە پێی دەگوترێت «استنشاق»، ئەوا بەشێکی زۆر لەو ماددە زیانبەخشانە دەکاتە دەرەوە لە هەوکردنی سییەکان و گیرفانە هەواییەکانی لوت بەدوور دەبێت.

### ❖ گۆڕانکارییەکانی کۆئەندامی هەرس:

لە کاتی خەوتندا بە تایبەتی لە قۆناغی خێرای چاودا، ترشەڵۆکی گەدە، بەهۆی دەردانی هەردوو ترشی (هایدرۆکلۆراید و گاسترین)ەوە، زۆر دەبێت و دەگاتە لوتکە. بە لەخەوهەڵسانی مرۆڤ لەو قۆناغەدا، بڕی ڕژانی ئەو ترشە کەم دەبێتەوە، بەمەش گەدەو دوانزە گرێ لە هەوکردن و برینداری بەدوور دەبن. هەروەها ترشی ناو گەدە ناگەڕێتەوە بۆ سورێنچك، کەزۆرجار دەبێتە هۆی بریندار بوون و هەوکردنی سورێنچك.

هەروەها سەبارەت بە خەویش، ئەو خەوانەی لە قۆناغی یەکەمی خەودا دەبینرێن، زۆربەی وەبیر نایەنەوە، بەڵام ئەو خەوانەی لە قۆناغی دووەمدا دەبینرێن، زۆربەیان دێنەوە یاد، گەر ناخۆش بن مرۆڤ بێزار دەکەن و تووشی هەناسە تەنگی و خێرا لێدانی دڵ و ترسی دەکەن.



لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمویەتی: (یعقد الشیطان علی قافیة رأس أحدکم إذا هو نام ثلاث عُقَدٌ یضرب علی کل عُقْدَة: علیك لیل طویل فارقد، فإن استیقظ فذکر الله انحلت عُقْدَة، فإن توضأ انحلت عُقْدَة، فإن صلی انحلت عُقَدُهُ کلها فأصبح نشیطاً طیب النفس، وإلا أصبح خبیث النفس کسلان) (رواه البخاري ومسلم) . واتە ( کاتێك دەخەون، شەیتان لەسەر سەرتان سێ گرێ دەدات و لەسەر هەر گرێیەك دەڵێت شەوێکی درێژت هەیە ڕاکشێ هەر کاتێك لەخەوهەڵسان و زکری خواتان کرد گرێیەك دەکرێتەوە، گەر دەستنوێژتان گرت گرێیەکی تر، گەر نوێژتان کرد هەموو گرێکان دەکرێنەوە، بەمەش چالاك و دەروون دروست دەبن، ئەگەر نا تەمەڵ و دەروون پیس دەبن.

ئەمانەی خوارەش هەندێك ئایەتن، کە باس لە گرنگیی و خێری شەونوێژ دەکەن:

خوای گەورە لە سورەتی (الاسراء)دا دەفەرموێت: (وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَّكَ عَسَى أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا) (الإسراء: ٧٩)، واتە (لەبەشێکی شەوگاردا خۆت بە دوورکردنەوەی قورئانەوە ماندووبکە لە شەونوێژدا، کە زیادە ئەرکێکە لەسەر تۆ، ئەی پێغەمبەر بۆ ئەوەی پەروەردگارت بتخاتە شوێن و جێگەی بەرێزەوە، کە تیایدا سوپاسکراوبیت.

هەروەها خوای بەخشندە دەفەرموێت : (تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ . فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّا أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) (السجدة: ١٦ ، ١٧).

(ئەو ئیماندارە بەختەوەرانە) نێوانیان لەگەڵ ڕاکشان خۆش نییە، لە جێگەو ڕێگەی گەرم و نەرمدا (واتە بە نوێژو خواپەرستی بەشێکی شەو دەبەنە سەر) هەمیشە نزاو پاڕانەوەیان ڕوو بە پەروەردگاریانە لە خەشم و قین و دۆزەخ دەترسن، ئاواتی ڕەزامەندی و بەهەشتیان هەیە و لەو ڕزق و ڕۆزی و و زانیاریانەی پێمان بەخشیوون دەبەخشن. جا هیچ کەس لەو بەختەوەرانە نازانێت چی بۆ هەڵگیراوە و شاراوەتەوە لە نازونیعمەتی جۆراوجۆر لای پەروەردگاری ، کە چاوان پێی گەش دەبنەوە و بە دیتنی شاد دەبن ، لە پاداشتی کاروکردەوەی چاك و پاکیاندا کە ئەنجامیان داوە).

هەروەها( لە ئایەتی ١-٦ سورەتی المزمل)دا دەفەرموێت: (یا أَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ . قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا . نِّصْفَهُ أَوِ انقُصْ مِنْهُ قَلِيلًا . أَوْ زِدْ عَلَيْهِ وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلًا . إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلًا ثَقِيلًا . إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ هِيَ أَشَدُّ وَطْئًا وَأَقْوَمُ قِيلًا . (المزمل: ١ -٦)

واتە (ئەی ئەو کەسەی خۆت داپۆشیوە، شەو هەستە نوێژ بکە، مەگەر کەمێکی نەبێت، نیوەی، یان کەمتر لە نیوەی کەم بکەرەوە، یاخود زیاتری بکەو بە وردی و لەسەرخۆ دەوری قورئان بکەرەوە، چونکە بە ڕاستی ئێمە فەرموودەو گوفتارێکی سەنگین دادەبەزێنینە سەرت بە ڕاستی خۆ پێگەیاندن لە شەودا قورسترە لەڕووی کردارەوە و باشترە لەڕووی ڕەفتارەوە.

تەفسیری ئایەتەکان لە تەفسیری ئاسانی مامۆستا بورهان محمد ئەمین وەرگیراوە.

ئا/ هامنۆ هاشم

# موعجیزەکانی قورئان‌و سوننەت بەناوبانگترین زانای کۆرپەلەزانی سەرسامدەکەن

بێگومان خوای گەورە، موحەممەدی (صلی اللّه علیه وسلم )، وەك پێغەمبەری جیهانیان ناردووە. خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ ) (سورة الأنبياء ، الآية : ١٠٧).

ئەو زاتە، پێغەمبەرە بۆ دەشتەکییەك، بۆ زانا هاوچەرخەکانی پشت تاقیگەکان، پێغەمبەرە بۆ گشت کات و سەردەمەکان. پێغەمبەرانی پێشین هەریەکەیان بە گەلێکەوە تایبەتبوون: (وَلِكُلِّ قَوْمٍ هَادٍ ) (سورة الرعد، الآية ٧:)، بەلام پەیامی پێغەمبەر موحەممەد(صلی اللّه علیه وسلم) جیاواز لە پەیامی پێغەمبەرانی پێشین بۆ هەموو کۆمەڵی ئادەمیزادە، لەبەرئەوە موعجیزەکەشی لە هەموو موعجیزەکانی پێغەمبەرانی پێشوو جودایە، بەوەی کە موعجیزەی پێغەمبەرانی پێشوو, تەنها هاوسەردەمانی ئەو پێغەمبەرەو چەند نەوەیەکی نزیکی دوای خۆی دەیانبینی. پاشان پێغەمبەرێکی تر دەنێردرا، تا ئایینەکەو موعجیزەکەش نوێبکاتەوە.

بەڵام لەبەرئەوەی پێغەمبەر موحەممەد (صلی اللّه علیه وسلم) تا ڕۆژی دوایی کۆتا پێغەمبەرە، خوای گەورە موعجیزەکەشی تا ڕۆژی دوایی هێشتووەتەوە .

خۆ ئەگەر لە مەسیحییەك، یان جولەکەیەك داوابکەین، موعجیزەی عیسا یان موسا (سەلامی خوایان لێبێت)مان پیشانبدەن، ئەوا مەسیحی، یان جولەکەکە دەڵێت، من ئەو توانایەم نییە، ناتوانم گۆچانەکەی موسا بێنم، یان ناتوانم عیسا بێنم تا مردوو لەبەردەمتاندا زیندوو بکاتەوە، ئێمە تەنها هەواڵێکی مێژوویی لەبارەی ئەم شتانەوە دەزانین.

بەڵام ئەگەر پرسیار لە موسڵمانێك بکرێت دەربارەی گەورەترین موعجیزەی پێغەمبەر موحەممەد(صلی اللّه علیه وسلم) وەڵامدەداتەوە و دەڵێت: ئەوە موعجیزەیە موعجیزەی قورئانی پیرۆزە، لەبەرئەوەی موعجیزەیەکی بەردەوامە و تائێستا لەبەردەستماندایەو خەڵکی دەتوانن بەدوای ئەو شتانەدا بگەڕێین، کە تێیدایە. خوای گەورە دەفەرموێت: (قل أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادةً قُلِ اللّهِ شَهِيدٌ بِيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَذَا الْقُرْآنُ لأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ (سورة الأنعام، الآية: ١٩)

سروشتی موعجیزەی ئەم پەرتووکە، ئەو زانستەیە، کە تێیدایە: (لَّكِنِ اللّهُ يَشْهَدُ بِمَا أَنزَلَ إِلَيْكَ أَنزَلَهُ بِعِلْمِهِ )

لەبەرئەوە خەڵکی ئەم سەردەمە, توێژەرەوان, مامۆستایانی زانکۆ, پێشەواکانی بیری مرۆڤایەتی، هەموو دەتوانن زانستەکانی ئەم پەرتووکە خواییە بپشکنن، لە کاتێکدا ئەوان لەم سەردەمەدا لە دۆزینەوە گەردوونییەکاندا بۆچوونی جیاواز لەیەکیان هەیە.

**قورئان باسی گەردوون و مرۆڤی کردووە، کەواتە ئەنجامەکان چی بوون؟**



ئەمە پرۆفیسۆر (کیث ل. مور)ەو یەکێکە لە گەورەترین زاناکانی جیهان لە بواری (توێکاری‌وکۆرپەلەزانی)دا.

داوا لەم پرۆفیسۆرە کرا، ببێتە ڕاوێژکاری زانستی, بەمەستی خستنەڕووی بۆچوونی خۆی لە ڕوانگەی زانستییەوە, دەربارەی هەندێك ئایەتی قورئانی‌و فەرمودەی پێغەمبەر(صلی اللّه علیه وسلم)، کە بە پسپۆرییەکەی خۆیەوە پەیوەستبوون.

ئەم زانایە دانەری پەرتووکی (The Developing Human- قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤ)ە، ئەم پەرتووکە بە لە هەشت زمان بلاوکراوەتەوە: (ئینگلیزی- ڕووسی – یابانی – ئەڵمانی – چینی – ئیتالی – پورتورغالی —— یوغوسلافی).

کاتێك داوا لەم پرۆفیسۆرە کرا، بۆچوونی خۆی لەبارەی ئەو ئایەتەقورئانی و فەرموودانەی پێغەمبەر(صلی اللّه علیه وسلم)ەوە دەرببڕێت، کە گوێی لێیان بوو. سەرسامیی خۆی دەربڕی و ئەم سەرسامییەی خۆشی بەوە ڕاگەیاند، کە چۆن موحەممەد (صلی اللّه علیه وسلم) پێش ١٤٠٠ ساڵ، توانیویەتی بەوشێوە ورد و تەواوە وەسفی کۆرپەلەو قۆناغەکانی گەشەکردنی بکات، لەکاتێکدا زانایان تەنها لەم (٣٠)ساڵەی دواییدا توانیویانە ئەو ڕاستییانە بزانن؟!

بۆیە دەستبەجێ ئەم سەرسامییەی گۆڕا بۆ بەدڵاچوونی ئەم بەرنامەو ڕێبازەو بۆچوونەکانی خۆی لە کۆڕە زانستییەکاندا، لەشێوەی موحازەرەیەك بەناونیشانی (وەکیەکیی و لەیەکچوونی کۆرپەلەزانی لەگەڵ ئەوەی لە قورئان و سوننەتدا باسکراوە)، پێشکەشکرد.

دکتۆر(عبدالله نصیف) سەرۆکی پێشووی زانکۆی (مەلیك عبدالعزیز)و ئەمینداری گشتی رابیتەی ئیسلامی، بەم وتانە پرۆفیسۆر (کیپ ل. مور)ی ناساند، تاکو موحازەرەکەی پێشکەشبکات:

پێشکەشکاری کۆڕی ئەمڕۆ مامۆستا (کیث مور)ە، مامۆستای زانستی توێکاری و کۆرپەلەزانییە لە زانکۆی تۆرنتۆ (Toronto) لە کەنەدا، ئەم زانایە بە هۆی زۆریی هەوڵەکانی لەم زانستەدا، لە چەندین زانکۆی جیهاندا کراوە بە مامۆستا، لەوانە زانکۆی (تویناباك) لەخۆرئاوای کەنەدا، کە بۆماوەی (١١) ساڵە لەوێیە، سەرۆکایەتی چەندین کۆمەڵەی نێودەوڵەتی کردووە، بۆ نموونە، کۆمەڵەی زاناکانی توێکاری و کۆرپەلەزانی لەکەنەداو ئەمریکاو ئەنجومەنی یەکێتی زیندەزانستەکانی تر، هەروەها بە ئەندام هەڵبژێردرا لە کۆمەڵەی پزیشکی مەلەکی کەنەداو لە ئەکادیمیای نێودەوڵەتی خانەزانی، یەکێتی ئەمریکا بۆپزیشکانی توێکاری، هەروەها ئەندامە لە یەکێتی هەردوو ئەمریکا لە بەشی توێکاریدا. ئەم کەڵە زانایە دانەری چەندین پەرتووکە، هەندێکیان لە بواری توێکاری کلینکی و کۆرپەلەزانیدایە، لەوانە هەشت پەرتووکی هەیە، کە بەسەرچاوەیەك بۆ قوتابیانی کۆلێژە پزیشکییەکانی جیهان دادەنرێن و بۆ (شەش) زمان وەرگێردراون: (ئیتاڵی – ئەڵمانی – پورتوگالی – ئیسپانی - یۆنانی - چینی).

لە پاشدا پرۆفیسۆر (مور) بەمشێوەیە، دەستی بە وتەکانی کرد:

«It has been a great pleasure for me to help clarify statements in the Qur`an about human development. It is clear to me that these statements must have come to Muhammad from God, or Allah, because most of this knowledge was not discovered until many centuries later. This proves to me that Muhammad must have been a messenger of God, or Allah."

"من زۆر بەختەوەرم، کە بەشداریی ڕوونکردنەوەی ئەوئایەتە قورئانیی و فەرموودانە دەکەم، کە باس لە گەشەکردنی مرۆڤ دەکەن، من زۆر لام ڕوونەو بێگومانم، کە ئەم بەڵگانە لە لایەن خودای پەروەرگارەوە بۆ (موحەممەد) هاتوون، چونکە زۆربەی ئەو زانیارییانە لەم دواییانەدا نەبێت نەزانرابوون، ئەمەش دەیسەلمێنێت، کە دەبێت (موحەممەد) پێغەمبەری خودا بێت».

بەدوایدا مامۆستا (عبدالمجید الزنداني) گوتی:

تێڕامێنە لە وتەی ئەم مامۆستا گەورەیە، کە لە بە ناوبانگترینی زاناکانی کۆرپەلەزانییە لە جیهاندا, کاتێك لە بواری پسپۆڕییەکەی خۆیدا لە ئایەتە قورئانییەکانی کۆڵییەوە، گوتی: هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە، موحەممەد پێغەمبەری خودایە.

کاتێك پرۆفیسۆر (کیث مور)، (العلقة- زەروو)ی ناو ئەستێڵەکانی بینی و بەراوردی کرد لەگەڵ کۆرپەلە لە قۆناغی (علقة)دا، لێکچونێکی پراوپری لە نێوانیاندا بینی. بۆیە لە پاشدا گوتی: کۆرپەلە لە قۆناغی (علقة)دا بە تەواوەتی لە (زەروو)دەچێت، پاشان وێنەیەکی زەرووی هێنا، کە لە گۆم و ئەستێڵەکاندا دەژی و لە تەنیشت وێنەی کۆرپەلەیەکەوە، کە لە قۆناغی (علقة) بوو داینا، هەردوو وێنەکەی خستە تەنیشت یەك و لەچەندین کۆنگرەدا پیشانی پزیشکەکانی دەدا.




-هەروەها (علقة) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای خوێنی مەییو دێت. پرۆفیسۆر مور باسی ئەوەی کرد، کە کۆرپەڵە لە قۆناغی (علقة)دا خوێن لە دەمارە خوێنینەکانیدا بەندبووە، چونکە سوڕی خوێن لە نێوان کۆرپەلەو وێلاشدا تەواو نەبووە، بۆیە شێوەی کۆرپەلەکە لەخوێنی مەییو دەچێت.

هەروەها لە زمانی عەرەبیدا (علقة) بە واتای هەڵواسراو دێت، ڕوونی کردووە، کە کۆرپەلە لەم قۆناغەشدا لە بۆشایی منداڵدانا هەڵواسراوە. هەر بەو جۆرە وشەی (العلقة) هەموو وەسفەکانی کۆرپەلە لەو قۆناغەدا لە خۆدەگرێت.

لێرەدا دەپرسین ئایا کێ ئەم زانیارییانەی بە موحەممەد (صلی الله علیه وسلم) دا؟

پاشان پرۆفیسۆر (کیث مور) باسی (مضغة)ی کرد، کە بە واتای شتی جوراو دێت، پارچەیەك قوڕە سوورەی پاکی هێناو بە دەمی خۆی تۆزێکی جوو, لەگەڵ وێنەی کۆرپەلەی لەم قۆناغەدا بەراوردی کردن و گتی : کۆرپەلە کتومت لە (مضغة) واتە شتی جوراو دەچێت.

لەو کاتەدا هەندێك لە ڕۆژنامەکانی کەنەدا زۆرێك لەوتەکانی پرۆفیسۆر (کیپ مور)یان بڵاوکردەوە، لە ئەنجامدا (کیپ مور) سێ ئەڵقەی لە تەلەفزیۆنی کەنەدیدا سەبارەت بە لێکچوونی زانیارییەکانی (١٤٠٠) ساڵەی قورئان و زانستەکانی سەردەم پێشکەش کرد.




لەو بەرنامە تەلەفزیۆنییەدا ئەم پرسیارەی بەرەو ڕوو کرایەوە:

- مامۆستا مور ئەمەی دەیڵێیت ئەوە دەگەیەنێت،کە تۆ باوەڕت هێنابێت بەوەی قورئان وتەی خوایە؟

ڕاشکاوانە گوتی: من هیچ قورسییەك نابینم لە پەسەندکردنی ئەم باوەڕهێنانە.

ئنجا پێی گوترا: تۆ چۆن باوەڕ بە (موحەممەد) دەهێنیت لە کاتێکدا، کە تۆ باوەڕت بە (مەسیح) هەیە؟ لەوەڵامدا گوتی: من باوەڕم وایە هەردووکیان دەرچووی یەك قوتابخانەن.

بەم شێوەیە زاناکانی جیهان لەم سەردەمەدا, دەیسەلمێنن ئەم پەرتووکە بەزانستی خودایی دابەزیوە. هەروەك پەروەردگار دەفەرموێت: (لكن الله يشهد بما أنزل اليك أنزلة بعلمة )( سورة النساء، ١٦٦)، بەوەش دەسەلمێت، (موحەممەد) (صلی الله علیه وسلم) پێغەمبەری خودایە.

بۆ بینینی وتەکانی ئەم زانایە بە ڤیدیۆیی سەیری ئەم لینکانە بکە:

http://www.youtube.com/watch?v=sg5aVgwN_2E

http://www.youtube.com/watch?v=hihpKrcBvrg

نووسینی: م. سەعیدی نوورسی
وەرگێڕانی: م. فارووق ڕەسوڵ یەحیا



Mohamad the prophet of Allah

# موعجیزاتی ئەحمەدی

**بۆچی:** هەموو موعجیزاتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە وێنەی حوكمە شەرعییە پێویستەكانی تر، بە گرنگییەكی زۆرتر و، هەموویان بە تەواتور و لە ڕێگای جیاجیاوە نەگێڕراونەتەوە؟

**وەڵام:** لەبەر ئەوەیە كە زۆرینەی خەڵكی، زۆربەی كاتەكان، پێویستییەكی زۆریان بە حوكمە شەرعییەكان هەیە، كەواتە ئەم حوكمە شەرعییانە سەبارەت بەوان «فەرزی عەین»ن[1]. چونكە ئەم حوكمانە پەیوەندییان بە هەموو كەسێكەوە هەیە. بەڵام مرۆڤ لە هەموو كاتێكدا پێویستیی بە موعجیزات نییە. خۆ ئەگەر واش دابنێین كە پێویستیان بە بیستنی موعجیزات ببێت، ئەوا گەر یەك جار ئەو موعجیزانە ببیسترێن سەروزیادە و، پێویست ناكات هەموو كەسێك بیانبیستێت. واتە «فەرزی كیفایەت»ن[2]، كەواتە ئەوەندە بەسە كە هەندێ كەس ئەو موعجیزانە بزانن.

هەر لەبەر ئەمەیە كە هەندێ جار دەبینیت ڕووداوی موعجیزەیەك چەندین ئەوەندەی حوكمێكی شەرعی و بە چەشنێكی بەهێزتر و بێ گومانتر چەسپاوە، كەچی یەك كەس یان دوان ڕیوایەتیان كردووە. بەڵام ئەوانەی حوكمە شەرعییەكەیان ڕیوایەت كردووە دەگەنە دە كەس، كاتی وا هەیە بیستیش.

## بنچینەی چوارەم

بەشێك لەو ڕووداوانەی كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەواڵی داوە لە ئایندەدا دێنەدی، چەند ڕووداوێكی هەمەكی(كُلّي)ن و، لە چەند كاتێكی جیاجیادا دووپات دەبنەوە. واتە هیچ كام لەوانە ڕووداوێكی تاك و هەندەكی(جُزئي) نییە. كەواتە جاری وا دەبێت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) چەند حاڵەتێكی هەندێ لەو ڕووداوانە ڕوون دەكاتەوە، چونكە ئەم چەشنە ڕووداوە هەمەكییانە، چەندین ڕووی زۆریان هەیە و، لە هەر جارێكدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) یەكێك لەو ڕووانە باس دەكات. بەڵام گەر ئەو كەسەی كە فەرموودەكە دەگێڕێتەوە لە یەك شوێندا ئەو هەموو ڕووانە كۆ بكاتەوە، ئەوا بە ڕواڵەت پێچەوانەی واقیع دەردەكەوێت.

بۆ نموونە: گەلێ ڕیوایەتی جیاجیا سەبارەت بە «مەهدی»یەوە هەیە، بە چەشنێك كە درێژەپێدان و ڕوونكردنەوەكانیان جیا جیا و جۆراوجۆرن. پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) كاتێ كە باسی «مەهدی» دەكات پشت بە سرووش دەبەستێ. ئەم باسكردنەش بۆ ئەوەیە كە هێزی مەعنەویی ئەهلی ئیمان لە هەموو سەردەمێكدا بپارێزێت و، لە بەردەم ئەو ڕووداوە سامناكانەدا - كە دێنە ڕێیان - نائومێدی سەریان تێنەكات و، نەتەوەی ئیسلام بە پەیوەندییەكی توندوتۆڵی مەعنەوی بە زنجیرەی نوورانیی ئالی بەیتەوە ببەستێتەوە (هەروەك لە وتەی بیست و چوارەمدا ئەمەمان چەسپاندووە). هەر لەبەر ئەوەشە كە خەڵكی هەموو سەردەمێك جۆرە (مەهدی)یەك، بەڵكو چەندین (مەهدی)یان، وەك ئەوەی لە ئاخر زەماندا دێت، لە ئالی بەیتدا بە خۆیانەوە دیوە، بە ڕادەیەك كە بەشێكی زۆری وەسفەكانی مەهدییی گەورەی ئاخر زەمانیان لە خەلیفە مەهدیی عەبباسیدا بینیوە، كە ئەویش لە ئالی بەیت بوو.

بەم جۆرە، وەسفەكانی ئەوانەی پێش مەهدیی گەورە هاتوون و دێن و، لە سەردەمەكانی خۆیاندا نوێنەری مەهدیی گەورەن (وەك خەلیفە و ئەقتابە مەهدییەكان) لەگەڵ وەسفەكانی «مەهدیی گەورە»دا تێكەڵ بە یەكتر بوون. ئا لێرەوە ئیختیلاف لە ڕیوایەتەكاندا دروست بووە.

## بنچینەی پێنجەم

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەوەی

خوای گەورە فێری نەکردایە هیچی لە غەیب نەدەزانی، چونکە: «لا یعلم الغیب الاّ الله». (واتە: خوا نەبێت کەس غەیب نازانێت). کەواتە خوای گەورە چی فێری پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەکات ئەویش هەر ئەوە بە خەڵکی ڕادەگەیەنێت.

جا لەبەر ئەوەی خوای گەورە دانا و میهرەبانە، ئەوا دانست و میهربانییە فراوانەکەی داخوازی ئەوەن کە زۆربەی شتانی غەیبی بشاردرێنەوە و ئاشکرا نەکرێن، چونکە زۆربەی ڕووداوەکانی ئەم ژیانەی دنیا دڵخۆشکەر نین، زانینی ئەو شتانەش لە پێش ڕوودانیاندا، ئازاری زۆر بە دڵی مرۆڤ دەگەیەنن.

هەر لەبەر ئەم حیکمەتەیە کە مردن و ئەجەل لە زانستی مرۆڤ شاراراونەتەوە، و هەر بەلاّ و گیروگرفتێکیش دێنە ڕێی، پەردەی غەیبیان بەسەردا دادراوەتەوە.

یەکێك لە داخوازییەکانی ئەم دانست و میهرەبانییەی پەروەردگار ئەوەیە کە: هەرچی موسیبەت و ڕووداوی ناخۆش لە دوای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بەسەر ئالی بەیت و هاوەڵانیدا دێن، خواوەند پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) لە یەك بە یەکیان ئاگادار نەکاتەوە، بەڵکو - لەبەر چەند حیکمەتێك - پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی خۆی (صلی الله علیه وسلم)تەنها لە چەند ڕووداوێکی گرنگ و دوور لە ئازاری دوارۆژی نەتەوەکەی ئاگادار کردووەتەوە، تاکو ئەو بەزەییە گەورە و فراوانەی کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بەرامبەر نەتەوەکەی و ئال بەیت و هاوەڵەکانی هەیەتی، زامدار نەبێت.. هەروەك چەند مزگێنییەکی خۆشیشی پێ داوە.

خواوەند هەندێك لەم هەواڵانەی بە پوختی و هەندێکی تریشیانی بە دوور و درێژی بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ڕاگەیاندووە[٣].

ئنجا هەر شتێك کە خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی خۆی (صلی الله علیه وسلم) ڕاگەیاندووە، ئەویش گەیاندوویەتی بە نەتەوەکەی خۆی. پاشان زانا ڕاستگۆ و دادگەرەکانی زانستی فەرموودە، بە چەند ڕیوایەتێکی صەحیح و دەماودەم، بە ئێمەیان گەیاندووە. ئەو زانایانەی کە تابڵێی لەخواترس بوون و زۆر لەوە دوورتر بوون کە بەر ئەو هەڕەشەیەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بکەون کە دەفەرموێ: «مَن کذبَ عليّ متعمداً فلیتبوأ مقعده من النار»[٤]، ئەوانەی کە لە ترسی سزای ئەم ئایەتە پیرۆزە هەمیشە هەڵدەهاتن:

(فَمَنْ اَظْلَمُ مِمَّنْ کَذَبَ عَلَی اللهِ)[٥]؟!

**بنچینەی شەشەم**

حاڵەت و ئەوسافی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە شێوەی مێژوودا باس کراون. زۆربەی ئەو حاڵەت و ئەوسافانەش تەنها لایەنی مرۆڤێتیی ئەویان دەرخستووە. چونکە کەسێتیی مەعنەویی زاتی پیرۆزی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و ماهییەتی بەرز و نوورانیی ئەو بە ڕادەیەکی وایە کە هەرچی لە کتێبەکانی ژیان و مێژووی ئەحواڵ و وەسفی ئەودا نووسراون، هەرگیز ناگەنە ئەو پلە بەرز و بڵندەی کە لە ڕاستیدا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەیەتی..

ئەوەتا هەرچی ڕۆژ هەیە، بەپێی دەستووری: «السبب کالفاعل» هەر لە سەرەتای پێغەمبەرێتییەوە تا ئێستا، بە ئەندازەی پەرستشی نەتەوەکەی پاداشتی پەرستش و بەندایەتی دەخرێتە سەر لاپەڕەی کەماڵی ئەو پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلّم).. ئنجا هەروەك سرووی میهرەبانیی بێ کۆتایی خواوەند بە شێوە و توانایەکی بێ کۆتایی دەوری پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەدات، هەر بەو جۆرەش هەرچی ڕۆژە، لە ملیۆنها کەسی نەتەوە لە ژمارەبەدەرەکەیەوە نزا و دوعای لە ژمارەبەدەری پێ دەگات.

کەواتە هەرچی بەسەرهات و حاڵەتی مرۆڤێتیی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەیە و، کتێبەکانی مێژوو باسیان کردوون، هەرگیز ناگەنە ماهییەتی تەواوەتی و ڕاستیی کەماڵاتی ئەو پێغەمبەرە پیرۆزەی (صلی الله علیه وسلم) کە بەرێزترین ئەنجام و پێگەیشتووترین بەروبوومی بوونەوەرانە و، ڕاگەیەنەری فەرمانەکانی بەدیهێنەری بوونەوەرە و خۆشەویستی پەروەردگاری هەموو جیهانەکانە!

لە کوێ ئەم کەسێتییە پیرۆز و بەرزەی کە هەریەك لە جبریل و میکائیل لە غەزای بەدردا هاوەڵی ئەمینی بوون، بەو حاڵەتە ئاشکرایانەی ژیانی دەردەکەوێت کە تەنها لایەنی مرۆڤێتیی ئەو دەردەخەن، وەك ئەو ڕووداوەی کە بەسەر پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) هات لەگەڵ ئەو خاوەن ئەسپەی کە ئەسپەکەی بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فرۆشت و دوایی ئینکاریی ئەوەی کرد پێی فرۆشتبێت و، داوای شایەتی لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کرد و، لەو کاتەدا حەزرەتی خوزەیمەی هاوەڵی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هاتە پێشەوە و شایەتیی بۆ دا[٦]. بەڵا، لە کوێ ئەو کەسێتییە پیرۆزە لە چەشنی ئەم ڕووداوە دەردەکەوێت؟

جا بۆ ئەوەی ئەو کەسەی وەسفە مرۆڤانە و ئاساییەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەبیستێت، نەکەوێتە هەڵەوە، ئەوا دەبێ هەمیشە سەر بەرز بکاتەوە و بۆ ماهییەتی بەرزی پێغەمبەرێتیی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بڕوانێت و، سەیری کەسێتیی مەعنەوی و نوورانی و بەرزی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بکات، کە لە چڵەپۆپەی پلەی بەرزی پێغەمبەرێتیدایە. دەنا - خوا نەخواستە - یان بێئەدەبیی بەرامبەر دەنوێنێت، یان دەکەوێتە ناو وەهم و گومانەوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە، سەرنج لەم نموونەیەی خوارەوە بدە: (وا دابنێین کە) ناوکە خورمایەك لە ژێر خاکدا نێژرا و، لە پاشاندا بوو بە دارخورمایەك کە هەردەم لە گەشەکردن و نەشونمادا بوو.. یان هێلکە تاوسێك پاش ئەوەی گەرمیی ئاراستە کرا، جووجکە تاوسێکی لێ هاتە دەرەوە، کە هەتا گەورە بوایە و نەشونمای بکردایە، بەو نەخشونیگارانەی کە قەڵەمی توانستی خواوەند تیایدا کێشابوون، جوانتر دەبوو..

چەندین سیفەت و حاڵەتی تایبەت هەن کە هی ئەو دەنکە خورما و هێلکە تاوسەن و، هەر یەك لەم دوانە چەندین ماددەی ناسك و وردیان تێدایە.. هەر بەو چەشنە، دارخورما و تاوسەکەش چەندین سیفەتی بەرز و چۆنێتی و باروودۆخی ئەوتۆیان هەیە، کە لە چاو هی ناوکە خورما و هێلکەکەدا زۆر بەرز و بڵند و جیاوازن.

جا هەرکاتێ کە وەسفی ناوکە خورما و هێلکە تاوسەکە لەگەڵ وەسفی دارخورما و تاوسەکەدا دەکرێن و بە یەکەوە دەبەسترێنەوە، دەبێ ژیریی مرۆڤ سەر لە ناوکە خورماکەوە بەرز بکاتەوە و سەیری دارخورماکە بکات و، لە هێلکە تاوسەکەشەوە سەر بەرز بکاتەوە و بۆ تاوسەکە بڕوانێت، بۆ ئەوەی مرۆڤ ئەو وەسفانەی دەیانبیستێت وەریان بگرێت و لە ژیرییدا جێیان بکاتەوە. دەنا ئەگەر کەسێك بڵێت: هەزار «باتمان» خورمام لە مشتێك ناوکە خورما چنی، یان بڵێت: ئەم هێلکەیە شای باڵندەکانە، ئەوا یەکسەر ژیری بە درۆی دەخاتەوە.

«مرۆڤێتی»ی پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) وەك دەنکە خورما و هێلکەکەی ناو نموونەکە وایە.. ئەو ماهییەتەش کە بەهۆی «پێغەمبەرێتی»یەکەوە پرشنگ دەداتەوە، وەك درەختی تووبا و باڵندەی بەهەشت هەمیشە لە گەشە کردن و بەرزبوونەوەدایە.

کەواتە ئەو کاتەی کە بیر لەو هەرایە

دەکەینـەوە لە بازار لەگەڵ دەشـتەکییەکەدا ڕووی دا، دەبێ چاوی ئەندێشەمان بەرز بکەینەوە و، تەسەووری ئەو زاتە نوورانییە بکەین کە سواری ڕەفرەف(بوراق) بووە و بەرەو: «قاب قوسين أو أدنى» ڕۆشتووە و، جیبریلی لە ڕێگادا بەجێ هێشتووە. دەنا «دەروونی بەدخواز» یان بێئەدەبیی لە بەرامبەرەوە دەکات و ئەوەندە دادەبەزێتە خوارەوە کە ڕێز و ئیحتیرامی کەم بکاتەوە، یان بە تەواوی پێی دەخلیسکێت و وای لێ دێت تەسدیقی نەکات.

## ئاماژەی ڕەوانی پێنجەم

ئەم ئاماژەیە تایبەتە بە چەند ڕووداوێکی وەهاوە کە پەیوەندییان بە چەند شتێکی غەیبییەوە هەیە. وا لێرەدا چەند نموونەیەکیان لێ باس دەکەین:

### نموونەی یەکەم:

✿ لە وتار(خوتبە)ێکدا کە کۆمەڵێک لە هاوەڵە بەڕێزەکان ئامادە و گوێ بیستی بوون و، ئەم وتارەش بە جۆرێکی صەحیح و موتەواتیر پێمان گەیشتووە، پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) فەرموویەتی: «إنّ ابني هذا سيّدٌ ولعلّ اللّه أن يُصلحَ به بين فئتين من المسلمين»[٧] لە ڕیوایەتێکی تردا: «عظیمتین».

ئەوەبوو پاش تێپەڕبوونی چل ساڵ، دوو سوپای گەورەی ئیسلام لە بەرامبەر یەک ڕاوەستان. بەڵام حەزرەتی حەسەن لەگەڵ معاویەدا - خوایان لێ ڕازی بێت - ڕێککەوت و سوڵحی کرد. بەم سوڵحەش تەسدیقی موعجیزە غەیبییەکەی باپیری بەڕێزی خۆی صلى الله علیه وسلم کرد.

### نموونەی دووەم:

✿ بە نەقڵی صەحیح پێمان گەیشتووە و بۆمان چەسپاوە، کە پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم بە حەزرەتی عەلیی فەرمووە: «ستقاتلُ الناكثين والقاسطين والمارقين»[٨]. بەمەش هەواڵی جەنگی «جەمەل» و، «صِفین» و، «خەواریج»ی پێ داوە.

✿ جارێکی تر پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) حەزرەتی عەلی و حەزرەتی زوبەیری بینی یەکتریان خۆش دەویست. بە زوبەیری فەرموو: «لتقاتلنّه وأنتَ ظالمٌ له»[٩].

✿ هەروەها بە خێزانەکانی خۆی فەرموو: «كيف بإحداكن تنبحُ عليها كلابُ الحوأب»[١٠]. «يقتل عن يمينها وعن يسارها قتلى كثيرة»[١١].

ئەوەبوو لە پاش سی ساڵ لە جەنگی «جەمەل»دا کە لە نێوان حەزرەتی عەلی لە لایەکەوە و حەزرەتی عائیشە و تەلحە و زوبەیردا - خوایان لێ ڕازی بێت - لە لاکەی ترەوە ڕووی دا و... لە جەنگی «صِفین» کە لە نێوان حەزرەتی عەلی و معاویەدا ڕووی دا و... لە جەنگی «حەروراو» و «نەهرەوان»دا کە لە نێوان حەزرەتی عەلی - خوای لێ ڕازی بێت - و خەواریجەکاندا ڕووی دا، هەموو ئەم فەرموودە صەحیحانە هاتنەدی.

✿ پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم)هەواڵی بە حەزرەتی عەلی داوە و پێی فەرمووە: «ئەو کەسەی کە دەتکوژێت، دەکێشێت بە سەرتدا و بە خوێنی سەرت ریشت تەڕ دەکات»[١٢]. حەزرەتی عەلیش - خوای لێ ڕازی بێت - ئەو کەسەی دەناسی کە «عەبدوڕڕەحمانی کوڕی مولجیمی خاریجی» بوو.

✿ هەروەها هەواڵی «ذو الثدية» (واتە خاوەن مەمك)ی ڕاگەیاندووە و نیشانەیەکی جیاکەرەوەی ئەویشی باس کردووە و، هەواڵی داوە کە لە کوژراوەکانی خەواریج دەبێت. لە ڕاستیشدا وابوو لە ناو کوژراوەکانیاندا بوو. ئەو نیشانەیەش کە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) باسی کردبوو، ئەوە بوو کە فەرمووبووی: «پیاوێکی ڕەش پێستە و یەکێك لە قۆڵەکانی وەك مەمکی ئافرەت وایە»[١٣]. لە پاشان حەزرەتی عەلی ئەمەی کرد بە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە خۆی لەسەر حەقە و، موعجیزەکەی پێغەمبەریشی (صلى الله علیه وسلم) ئاشکرا کرد.

✿ هەروەها پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) هەواڵی داوە - وەك ئوم سەلەمە دەیگێڕێتەوە - کە حەزرەتی حسەین - خوای لێ ڕازی بێت - لە «الطف» واتە لە «کەربەلا»دا دەکوژرێت[١٤]. ئەوە بوو پاش پەنجا ساڵ ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە ڕووی دا و، هەواڵە غەیبییەکەی پێغەمبەریش (صلى الله علیه وسلم) هاتەدی.

✿ هەروەها پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) چەند جارێك فەرموویەتی: «إن أهل بيتي سيلقون بعدي من أمتي قتلاً وتشريداً»[١٥]. هەروەهاش بوو کە هەواڵی لێ دا.

**لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتەپێش کە ئەمەیە:**

دەڵێن حەزرەتی عەلی - خوای لێ ڕازی بێت - لەبەر ئەوەی خزمی نزیکی پێغەمبەرە (صلى الله علیه وسلم) و، خاوەنی ئازایەتییەکی کەم وێنە و زانستێکی زۆر بووە، شایانتر بوو بکرێت بە جێنشینی پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم)، ئەدی بۆچی (لە جێنشینیدا) پێش نەخرا؟

**بۆچی:** لە سەردەمی ئەودا حاڵی موسڵمانان شلەژا و تێکچوو؟

**وەڵام:** یەکێك لە قوتبە گەورەکانی ئالی بەیت فەرموویەتی: پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) ئاواتەخوازی ئەوە بوو کە حەزرەتی عەلی جێنشینی بێت، بەڵام لە غەیبەوە ئاگادار کراوەتەوە، کە ویستی خوای گەورە شتێکی تری غەیری ئاواتەکەی ئەوە. ئیتر پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) لەبەر ویستی خوای گەورە، وازی لەو ئاواتەی خۆی هێنا.

وا (لە خوارەوەدا) یەکێك لەو حیکمەتە زۆرانەی ویستی خوای گەورە کە لەم کارەدا هەیە، باس دەکەین:

کاتێ پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) کۆچی دوایی کرد، هاوەڵەکانی زیاتر پێویستیان بە یەکێتی و پشتگیریی یەکتر هەبوو. ئیمامی عەلییش - خوای لێ ڕازی بێت - چەند ڕەوشتێکی هەبوو، وەك: تەقلید نەکردنی کەس و شوێن پێ هەڵنەگرتنی خەڵك و، زوهدێکی زۆر و، ئازایەتییەکی بێ وێنە و، پێویستینەبوونی بە هیچ کەسێك..

جا ئەگەر بهاتایە و ئیمامی عەلی - کە ئەم ڕەوشت و سیفەتانەی هەیە - لەو کاتەدا ببوایە بە جێنشین، ئەوا ئەم ڕەوشتانەی، دەماری موناقەسەی لای گەلێ کەس و لەناو زۆر دەستە و تیرەدا دەجووڵاند و، بەم جۆرە دووبەرەکی و ناکۆکی لەناو موسڵماناندا پەیدا دەبوو، بە وێنەی ئەو ئاشووب و ڕووداوانەی کە دوایی لە سەردەمی خەلافەتەکەیدا ڕوویان دا.

یەکێکیش لە هۆکارەکانی دواکەوتنی جێنشینیی ئیمامی عەلی - خوای لێ ڕازی بێت - ئەمەیە: لەو کاتەدا کە ئەوی تێدا بوو بە جێنشین، نەتەوەی ئیسلام چەندین نەتەوە و کۆمەڵی جۆراوجۆر بوون و هەریەکەشیان تۆوی دووبەرەکیی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، وەك پێغەمبەریش (صلى الله علیه وسلم) هەواڵی دابوو، دەگەیشتنە حەفتا و سێ بەشی جیاجیا[١٦]..

ئا لەم کاتەدا کە گەردەلوولی ئاشووب و فیتنە لە هەموو لایەکەوە بەسەر نەتەوەی ئیسلامدا هەڵیکردبوو، موسڵمانان پێویستیان بە کەسێتییەکی گەورە و بەرزی وەها بوو کە خاوەنی چەندین سیفەتی وەك: هەیبەت و، ئازایەتیی زۆر و، فیراسەتی ڕاست بێت و، خاوەنی نەسەبێکی ڕەسەن و لە ئالی بەیت و نەوەی هاشم بێت. بۆ ئەوەی بتوانێت لە بەردەم ئەو هەموو فیتنە و ئاشووبانەدا خۆی پێ ڕاگیر بکرێت..

جا ئەم جۆرە کەسێتییە تەنها لە ئیمامی عەلیدا - خوای لێ ڕازی بێت - هاتبووە دی. ئەوەبوو توانیی لە بەردەم ئەو هەموو گەردەلوولانەدا خۆی ڕابگرێت. پێشتریش پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) هەواڵی ئەوەی

پێ دابوو کە: هەروەك خۆی (واتە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە پێناوی نازڵ بوونی قورئاندا لەگەڵ دوژمنانیدا کەوتووەتە جەنگەوە، ئەویش (واتە ئیمامی عەلی) لە پێناوی تەئویلی قورئاندا لەگەڵ دوژمنانیدا دەکەوێتە جەنگەوە[١٧].

پاشان ئەگەر ئیمامی عەلی نەبوایە، ئەوا دەستەڵاتداریی دنیا، ئەمەوییەکانی - بە تەواوی - لە رێی راست دەترازاند و لە خشتەی دەبردن. بەڵام کە ئیمامی عەلی و ئالی بەیتیان لە بەرامبەری خۆیانەوە دەبینی، ئەوانیش هەوڵیان دەدا بگەنە ئاستیان و هاوشانی پلە و پایەیان بن، تاکو ئەو رێزەی لە لایەن نەتەوەی ئیسلامەوە دەستیان کەوتبوو، لە دەستی نەدەن. ئەوەبوو زۆربەی سەرۆکەکانی دەوڵەتی ئەمەوی ناچار بوون کە شوێنکەوتووانی خۆیان هەڵبنێن و هانیان بدەن بۆ پاراستنی راستییەکانی ئیمان و ئەحکامەکانی قورئان و ئیسلام، هەرچەندەش بۆ خۆیان هیچ کارێکیان لەم رووەوە ئەنجام نەدا! لەبەر ئەوە، لە ژێر سایەی دەوڵەتەکەیاندا سەدان هەزار لە زانا لێکۆڵەرەکان و موجتەهیدان و ئەولیا و پیاوچاکان و لێبراوان بۆ ئایینی خوا، پەیدا بوون و گەشەیان کرد. کەواتە ئەگەر چەند کەماڵات و صەلاحەت و ئایینداریەك نەبوایە کە لە ئالی بەیتدا هەبوون، ئەوا ئەمەوییەکان پێیان دەترازا و، بە تەواوی لە رێی راست لایان دەدا، هەروەك لە کۆتایی حوکمڕانیی ئەوان و عەبباسییەکاندا رووی دا.

**پەراوێزەکان**

(١) «فەرزی عەین»: بەو حوکمە شەرعیيانە دەوترێت کە لەسەر هەموو موسڵمانێکی باڵغی عاقل فەرزە جێبەجێیان بکات.

(٢) «فەرزی کیفایەت»: بەو جۆرە حوکمە شەرعیيانە دەوترێت کە ئەگەر هەندێ کەس لە کۆمەڵدا جێبەجێیان بکەن، وەك ئەوە وایە کە هەموو کۆمەڵ جێبەجێیان کردبێت و لە ئەستۆیان لادەچێت.

(٣) بەڵگە لەسەر ئەوەی کە خواوەند بە (تەواوی) پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) ئاگادار نەکردووەتەوە لەوەی کە حەزرەتی عائیشە - خوای لێ رازی بێت - بەشداریی جەنگی «الجمل» دەکات، ئەوەیە کە بە خێزانەکانی فەرموو: «دەبێ کامتان بێت کە سەگەکانی «حەوئەب» پیایدا بوەڕن»؟ واتە لەو جەنگەدا بەشداری بکات. ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو خۆشەویستییە زۆر بەهێزەی کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەرامبەر بە حەزرەتی عائیشە هەیبوو، زامدار نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا دوای خواوەند (بە پوختی) پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) لەمە ئاگادار کردوە. چونکە بە حەزرەتی عەلیی فەرموو: «ارفق بها وبلّغها مأمنها». واتە: لەگەڵیدا نەرمونیان بە و بیگەیەنەرە شوێنی ئەمین و بێ وەیی خۆی. (دانەر)

(٤) حديث صحيح متواتر. واتە: ئەوەی بە ئەنقەست درۆ بە دەمەوە هەڵببەستێت، با جێگایەك بۆ خۆی لە ئاگری دۆزەخدا ساز بکات. (واتە: بۆی سازکراوە و دەرواتە ناوی).

(٥) (الزمر:٣٢) واتە: کێ لەوە ستەمکارترە کە درۆ بە دەم خواوە هەڵببەستێت؟

(٦) صحيح. رواه أبو داود والنسائي وابن ماجه وأحمد.

(٧) حديث صحيح رواه البخاري والترمذي والنسائي وأحمد والطيالسي. واتە: ئەم کورەم - حەسەن - سەروەرە و، لەوانەیە خواوەند بیکات بە هۆی سوڵحی نێوان دوو کۆمەڵی موسڵمان.

(٨) رواه الحاكم والبزار والطبراني في الأوسط. واتە: جەنگ لەگەڵ پەیمانشکێنان و ناحەقرەوان و دەرچوواندا دەکەیت.

(٩) أخرجه الحاكم ٣/٤١٢ بڕوانە: (شرح الشفا لعلي القاري ١/٦٨٦- ٦٨٧). واتە: لەگەڵ عەلیدا دەجەنگێت و لەمەشدا ستەمی لێ دەکەیت.

(١٠) حديث صحيح رواه أحمد وابن حبان والحاكم وأبو يعلى والبزار وابن أبي شيبة.

(١١) حديث صحيح رواه البزار. واتای هەردوو فەرموودەکە بە یەکەوە: «دەبێ حاڵی ئەو یەکەتان چۆن بێت کە سەگەلی حەوئەب (گوندێکە لەسەر رێی مەدینە - بەسرەدا) لێی دەوەڕن و، لە راست و چەپیەوە کوشتارێکی زۆر دەکرێت»!

(١٢) حديث صحيح رواه الطبراني والحاكم.

(١٣) حديث صحيح رواه البخاري ومسلم.

(١٤) حديث صحيح رواه الإمام أحمد والطبراني. وانظر كذلك: (صحيح الجامع الصغير ٢١٧).

(١٥) بڕوانە: (علي القاري ١/٦٨٥)، (الخفاجي ٣/١٨١)، وثبت في الحديث الصحيح الذي بمعناه ما رواه الطبراني في الكبير. انظر: (صحيح الجامع الصغير وزيادته ٢٥٥٨). واتە: ئەهلی بەیتی من دوای خۆم لەسەر دەستی نەتەوەکەم کوشتار و دەربەدەرییان دێتە رێ.

(١٦) هەموو ئەو فەرموودانەی کە لە بارەی دابەشبوونی نەتەوەی ئیسلامەوە بۆ حەفتا و سێ دەستە و کۆمەڵ دەدوێن، هەموویان «صەحیح»ن.

(١٧) حديث صحيح رواه الإمام أحمد.

## دەفرەکان داپۆشن و



## دەمی کوندە ئاوەکانیش ببەستن

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (( غطوا الإناء وأوكئوا السقاء، فإن في السنة ليلة ينزل فيها وباء، لا يمر بإناء ليس عليه غطاء، أو سقاء ليس عليه وكاء، إلا نزل فيه من ذلك الوباء)) رواه مسلم.

واتە: دەفرەکان داپۆشن و دەمی کوندە ئاوەکان ببەستن، چونکە لە ساڵدا شەوێك هەیە پەتا تیایدا دادەبەزێت، بەهەر دەفرێکدا تێپەڕێت، کە دانەپۆشراوە، یان کوندە ئاوێك کە نەبەستراوە، ئەوە ئەم پەتایە دەچێتەناویەوە))

زانستی پزیشکی سەلماندویەتین کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) یەکەم مرۆڤە بەرنامەو رێسای داناوە بۆ پارێزگاری تەندروستی مرۆڤ و پاراستنی لە پەتاو نەخۆشییە درمەکان.

دەرکەوتووە کە نەخۆشییە درمەکان لە وەرزێکی دیاریکراوی ساڵدا بڵاودەبنەوە، هەندێکیشیان لە هەموو ساڵێکدا دەردەکەون، بە پێی یاسایەکی وردو رێکوپێك، کە تا ئێستا هۆکارەکارەکانی نەزانراون... نموونەی ئەوانەش: سورێژەو ئیفلیجی منداڵ لە مانگەکانی سێبتەمبەرو ئۆکتۆبەردا زۆر دەبن، گرانەتاش لە هاویندا، هەروەها کۆلێراو ئاوڵەش لەو پەتایانەن، کە چەند ساڵ جارێك دەردەکەون. ئەمەش لێکدانەوەیەکی زانستییە بۆ فەرموودەکەی پێغەمبەری ئازیز (صلى الله عليه وسلم)، کە دەفەرموێت: (إن في السنة ليلة ينزل فيها وباء)، (لە ساڵدا شەوێك هەیە پەتا تیایدا دادەبەزێت)، واتە پەتای وەرزیی، کە لە کاتێکی دیاریکراودا دەردەکەوێت.

سەرچاوە/ کتێبی « الإعجاز العلمي في الإسلام والسنة النبوية » محمد كامل عبد الصمد.

بەرزان ئەبوبکر



# بە خورما چارەسەری خۆت بکە!

خورما بە ئینسـکلۆپیدیایەکی خۆراکیی تـەواو دادەنرێـت، خوای گەورە بـۆ ئێمەی مرۆڤـی فەراهەمهێنـاوە! بۆئـەوەی بیر لە سـوودەکانی ئەم بەرهەمە نایـاب و ناوازەیە بکەینەوە، وەك خۆراك، چارەسەر، دەرمان...

لەم وتارەدا ئەم پرسـیارە دەخەینەڕوو: بۆچـی پێغەمبـەری ئازیز (صلـی الله علیه وسـلم) زۆربـەی کات لەمانگـی ڕەمەزانـی پیرۆزدا بەربانگی بە خورما کردووەتەوە؟

هەموو ئـەو کارانـەی ئـەم پێغەمبەرە ئازیـزە (صلـی اللـه علیه وسـلم) ئەنجامی داون، حیکمەتـی گەورەیـان تێدایە، کەواتە بێگومان لێرەدا پەیوەندییەك لە نێوان ڕۆژوو خورمادا هەیە، لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە پەیوەندیی لە نێوان خورماو شیفای هەندێك نەخۆشـیدا هەیە، چونکە پێغەمبەری ئازیز (صلی الله علیه وسـلم) لـە هەموو کاتەکانی ساڵدا خورمای خواردووە..

لەبەرئـەوە، دەبینـین خواردنـی چەند دەنکە خورمایەك لە هەر ڕۆژێکدا سوودێکی زۆری تێدایە، بە تایبەت لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا، داواکارین لە خوای میهرەبان هەموو ڕۆژوەکانمان لێ قبوڵ بکات، لە ئاگری دۆزەخ بمانپارێزێت. ئێسـتاش چەند نەخۆشییەك دەخەینـە ڕوو کـە بـە خورمـا چارەسـەر دەکرێن:

**١- خورما چارەسەرە بۆ ژەهراویبوون:**

ڕۆژانـە خواردنی برێکـی کەم لە خورما یارمەتی جەسـتە دەدات بۆ ڕزگـار بوون لە بەشـێك لەو ژەهرەی، کە لەخانەکانی لەشدا کۆبووەتەوە، وەکو کانزا قورسـەکان، بۆ وێنە قورقوشم.

لەم سـەردەمەدا ئـەم ژەهراویبوونە زۆر بووە، بە هۆی پیسبوونێکی زۆری ئاوو هەواو ئەو خواردنانەی دەیانخۆین.

لێرەدا سوودێکی زۆر لە خورمادا هەیە، لە چارەسەرکردنی ژەهراویبوون بە قورقوشم..

ئـەو هەوایەی هەڵیدەمژیـن بە ماددەی



قورقوشم پیسبووە، بە هۆی دەرچوونی بڕێکی زۆر لە ئۆکسیدەکانی قورقوشم لە دووکەڵی ئۆتۆمبێل‌و کارگەکانەوە.

**٢- خورما چارەسەرە بۆ تێکچوونی ڕیخۆڵە:**

خورما چارەسەری تێکچوونی ریخۆڵەکان دەکات، هەروەها یارمەتی ریخۆڵە دەدات لە جێبەجێکردنی کارەکانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك، جگە لەوەش یارمەتی دەدات لەسەر دامەزراندنی بەکتریای سوودبەخش بۆ ریخۆڵەکان. لەبەرئەوە خورما یارمەتیدەرە لە چارەسەرکردنی قەبزی بە شێوەیەکی باش، ماسولکەکانی ریخۆڵە گرژ دەکاتەوە ریشاڵەکانیشی چالاکدەکات، دەگونجێت نەخۆش سوودێکی زۆرباش وەربگرێت لە شەربەتی خورما بۆ چارەسەری قەبزی،



بە مەرجێك بەم شێوەیە بەکاریبهێنێت: خوساندنی چەند دنکە خورمایەك لە شەوداو خواردنی لەبەیانیاندا وەکو شەربەتێکی رەوان.

**٣- خورما چارەسەری گرفتە سێکسییەکان دەکات:**

دەگونجێت شەربەتی خورما بەکاربهێنرێت بۆ چارەسەری دڵی لاواز، هەروەها دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ چارەسەری لاوازی سێکسی، ئەگەر خورما لەگەڵ هەنگوین‌و شیردا تێکەڵاو بکرێت، دەبێتە خواردنەوەیەکی چالاك‌و کاریگەر، بۆ چارەسەری گرفتە سێکسییەکان لای هەردوو رەگەز.

**٤- خورما ئاستی وزەو توانای لەش بەرز دەکاتەوە:**

خواردنەوەی شەربەتی خورمای خوسێنراو لە ئاودا، جەستە بە شێوەیەکی گشتی بەهێز دەکات‌و ئاستی تواناو وزەی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە..

هەروەها ئەوانەی بە ساڵاچوون دەتوانن بەکاریبهێنن بۆ بەهێزبوونیان و رزگاربوونیان لەو ژەهرە کەڵەکەبووانەی بە درێژایی ژیانیان لە ناو خانەکانیاندا کۆبووەتەوە.

**٥- خورما چارەسەری گرفتە دەروونییەکان دەکات:**



پێکهاتەی خورما ڕێژەیەکی زۆری لە کانزاو خوێ و ڤیتامیناتی تێدایە، کە کاردەکەنە سەر شێوەی کارکردنی مۆخ و پڕکردنەوەی کەموکوڕیی توخمە سەرەکییەکانی خۆراك، کەلە لەشدا روودەدات.

ئەمەش دەبێتە هۆی جێگیربوونی باری دەروونی لە لای مرۆڤ، کەواتە ڕۆژانە خواردنی بڕێکی کەم لە خورما بەشێوەیەکی ڕێکوپێك‌و بە پێی بەرنامەیەکی خۆراکی، کاردەکاتە سەر حاڵەتی دەروونی مرۆڤ و وای لێدەکات ببێتە خاوەنی دەروونێکی ئارام‌و جێگیر.

**٦- خورما چارەسەری کێشی زیاد دەکات:**

پێکهاتەی خورما، بە توخمە خۆراکییەکان دەوڵەمەندە، ئەمەش وادەکات توانای بەرگری‌و برسێتی هەبێت، کاتێك زانیمان هۆکاری سەرەکیی قەڵەوی برێتییە لە هەستکردن بە برسێتی بە شێوەیەکی هەمیشەیی‌و بەردەوام حەزکردن لە خواردن، هەروەها بەکارهێنانی ڕێژەیەکی زۆر لە چەوری و شەکر لەکاتی خواردندا، ئەوا چارەسەر برێتییە لەخواردنی چەند دنکە خورمایەك لە کاتی برسێتیدا، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ هەستکردن بە نەمانی برسێتی‌و هەستکردن بە تێربوون، خواردنی ئەم دنکە خورمایانە بەرگری لەشت زیاددەکەن و بری شەکری پێویست پێدەدەن، هەروەها خورما هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی جوڵەی ریخۆڵەو هەستنەکردن بە برسێتی دوای کەمکردنەوەی ڕێژەیەکی زۆر لە هەستکردن بە برسێتی، کە ئەنجامەکەی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی خواردنە، هەر بۆیە پێغەمبەری ئازیز (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (لايجوع أهل بيت عندهم التمر)! رواه مسلم..واتە: ((ئەو ماڵەی خورمای تێدا بێت، هیچ کات برسی نابن))! لێرەدا دەبینین خورما چارەسەرە بۆ کێشی زیادە.

**٧- خورما چارەسەری تێکچوونی جگەر دەکات:**

خورما چارەسەری جگەر دەکات و لە ژەهراویبوون رزگاری دەکات، بە تایبەت کاتێك هاورێك بوو لەگەڵ بەربانگکردنەوە بە خورما، باشترین‌و نایابترین دەرمانی سروشتییە بۆ چاکسازی‌و پاککردنەوەی جگەر لە ژەهرە کەڵەکەبووەکان تێیدا.

**٨- خورما چارەسەری تێکچوونی هەناسەدان دەکات:**

هەروەکو چۆن خواردنەوەی شەربەتی خورما دەبێتە هۆی چارەسەری هەوکردنی قورگ و زۆرێك لە جۆرەکانی تاو لووت ئاوکردن‌و هەڵامەت، ئەمرۆ توێژەرەوان جەختدەکەنەوە، ئەگەر خورما بە شێوەیەکی ڕێکوپێك‌و بە بەرنامە بەکاربهێنرێت، دەبێتە چارەسەری هەوکردنی درێژخایەنی سییەکان.



**٩- خورما چارەسەری کلۆربوونی ددانەکان دەکات:**

لە پێکهاتەی خورمادا ڤیتامین لە جۆری(A,B1,B2)هەن، هەروەها ماددەی فلوری تێدایە، کە دەبێتە بەرگرییەك بۆ بەهێز کردنی ددانەکان‌و پاراستنیان لە کلۆربوون، جگە لەوانەش پێکهاتەی خورما ژمارەیەك کانزای لەخۆ گرتووە، گرنگترینیان (بورون، کالسیوم، کوبالت، مس، فلور، ئاسن، مەگنیسیوم، پۆتاسیۆم، فۆسفۆرو سۆدیۆم‌و تۆتیا)ن

**١٠- خورما چارەسەری شێرپەنجە دەکات!**

پێکهاتەی خورما توخمی سیلینیومی تێدایە، کە بەرگری لە تووشبوون بە شێرپەنجە دەکات، بۆ ئەم مەبەستە خواردنی خورما پێویستە بە بەرنامەیەکی ڕێکوپێك بێت، هەموو ڕۆژێك حەوت دنك خورما، یان زیاتر بخورێت، ئەمەش سوودی هەیە

له پاراستنی مرۆڤ له جۆرەها شێرپەنجەی جیاواز، هەروەها ئەم خواردنە کاریگەری زیاتری دەبێت، ئەگەر هاوکات ئەم نزایانەی لەگەڵدا بخوێنرێت:

(بسم الله الذي لايضر مع اسمه شئ في الارض ولا في السماء وهو السميع العليم) واته:(بە ناوی ئەو خودایەی لەگەڵ ناوهێنانیدا هیچ شتێك زیانت پێناگەیەنێت، نە لە زەوی و نە لە ئاسمانەکان، بەڕاستی خودای گەورە بیسەرو دانایە).

### ١١- خورما لە دایکبوون ئاسان دەکات!

ماسولکەی منداڵدان لە قۆناغی ژانگرتن و منداڵبووندا، زۆرتر پێویستی بە شەکری سروشتی هەیە، وەکو خۆراکێك بۆ ئەم ماسولکە برپندارە، خورماش ماددەیەکی نەرم و ڕەوانەو خۆراکێکی پێویستە بۆ ئافرەتی دووگیان پێش لە دایکبوونی منداڵەکەی، بۆ پاککردنەوەی کۆڵۆن و ئاسانکردنی کرداری لە دایکبوون، لەبەرئەوە خورما کاریگەری لە سەر ماسولکەکانی منداڵدان هەیەو چالاکیان دەکاتو جوڵەیان ڕێکدەخات، ئەمەش دەبێتەئاسانکردنی کرداری لە دایکبوون، لێرەدا ئیعجازی زانستی ئەم ئایەتە پیرۆزەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لەگەڵ خاتوو مەریەم (سەلامی خودای لێبێت) دەدوێت و دەفەرمووێت: (وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُسَاقِطْ عَلَيْكِ رُطَباً جَنِيّاً) «مريم: ٢٥».

واته: (ئەو دارخورمایەش (کە پاڵت پێوەداوە) کەمێك ڕایوەشێنە خورمای گەییوت بە سەردا دەبارێنێت).

### ١٢- خورما منداڵ نارام دەکاتەوە:

خورما پێکهاتووە لە شەکرێکی سروشتی، بە ئاسانیو خێرایی دەمژرێتو هەرسدەکرێت، لەبەرئەوە خواردنێکی ئاسوودەبەخشو هێورکەرەوەیە بۆ گەدەو ڕیخۆڵەی منداڵان، هەروەها دەتوانرێت سوود لە شەربەتی خورما وەربگیرێت، ئەگەر لەگەڵ شیر تێکەڵاو بکرێت، خواردنەوەیەکی بەهێزی لێ دەردەچێت چ بۆ منداڵو چ بۆ گەورە.

دەکرێت ئەم گیراوەیە لە بری ماددەیەکی هێورکەرەوە بۆ پووکی منداڵ بەکاربهێنرێت، لەکاتی هەڵاوسانی ددانەکانیدا، جگەلەوەی پووکی هێور دەکاتەوە، یارمەتی زوو دەرهاتنی ددانەکانیشی دەدات.



### ١٣- خورما چارەسەری سکچوونی منداڵان دەکات!

تێکەڵەی خورماو هەنگوینو دروستکراوێك وەکو ماددەیەکی هەویری دەبێتە هۆی چارەسەری سکچوونی منداڵان، هەروەها چارەسەری سکچوونی خوێنی دەکات (ئەو سکچوونەی خوێنی پێوەیە) بەمەرجێك لانی کەم لە ڕۆژێکدا سێ جار ئەو تێکەڵەیەی پێبدرێت.

### ١٤- خورما خواردنە بۆ منداڵانی تازە لە دایکبوو!

لێرەدا پێویستە بیر لە دیاریی پێغەمبەری ئازیز (صلی الله علیه وسلم) بۆ مرۆڤایەتی بکەینەوە، لە گۆشکردنی(تحنيك)ی منداڵ بە خورمای جوراو،کە لە دوای لە دایکبوونی برێکی کەمی پێبدرێت.

زانستی نوێ سەلماندوویەتی منداڵی تازە لە دایکبوو پێویستە شتێکی پێبدرێت لەئاوو شەکر، بۆ یارمەتیدانی بە خۆراك، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی بەرگریی پێویست لە دژی نەخۆشییەکان.

کە زانیمان بری ئەو شەکرەی لە خورمادا هەیە، لە ئاسانترین جۆرەکانی ئەو شەکرانەیە، کە دەمژرێنو هەرسدەکرێن، ئەمەش گونجاو دەبێت لەگەڵ منداڵی تازە لەدایکبوو لە کاتی بوونیدا، پێویستە بجورێت، یان بخرێتە نێو ئاوێکی پاکەوە، تا خواردنی ئاسان بێت. ئەمەش ئەوەیە کە پێغەمبەری ئازیز (صلی الله علیه وسلم) جەختی لەسەر دەکاتەوە، پێش ئەوەی پزیشکەکان جەخت لەسەر ئەم خۆراکە بە سوودە بکەنەوە، چۆن پێشیان ناکەوێت پێغەمبەرێکە لەلایەن خودای ئەو پزیشکانەوە نێردراوە؟!

### لەکۆتاییدا:

بیربکەینەوە لەوەی پێغەمبەری ئازیز (صلی الله علیه وسلم) زۆربەی کات بە خورما بەربانگی کردووەتەوە، لەبەرئەوە زانایانی ڕۆژئاوای ئەمرۆ جەخت دەکەنەوە،کە ڕۆژووی کاریگەر پێویستە لەسەر ئاوو ماددەی شەکری سروشتی بێت، ئەو شەکرەش لەخورمادا هەیە بریتییە لەچاکترین جۆرەکانی شەکری سروشتی، بەم شێوەیە پێغەمبەری ئازیز (صلی الله علیه وسلم) بنچینەکانی ڕۆژووی کاریگەرمان فێر دەکات بەخواردنی خورماو ئاو، پێش ئەوەی بە چەندین سەدە ڕۆژئاوا ئەو ڕاستییە بدۆزێتەوە.



الأستاذ الدكتور سلامة عبد الهادي
عميد كلية علوم الطاقة جامعة جنوب الوادي ـ أسوان

# ڕۆڵی با لە جووڵاندن و بڵاوکردنەوەی هەورە باراناوییەکاندا ڕاستییە قورئانییەکان




وێنەی هەوری کەڵەکەبوو

**پوختەی لێکۆڵینەوەکە**

لە پەرتووکی هەقی پەروەردگاردا دوو ئایەت لە دوو سورەتی جیاوازدا لە «فاطر»و «الروم» دا هاتوون، باسی ئەوەدەکەن، کە خوای گەورە با دەنێرێت، ئەم بایە هەورەکان دەجولێنێت و بڵاویان دەکاتەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت :( اللَّهُ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَاباً فَيَبْسُطُهُ فِي السَّمَاء كَيْفَ يَشَاءُ وَيَجْعَلُهُ كِسَفاً فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ فَإِذَا أَصَابَ بِهِ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ) «الروم : ٤٨».

واتە: (خوا زاتێکە ئەو بایانە دەنێرێت، بۆ ئەوەی هەورەکان بجوولێنن، ئینجا ئەو هەورە خوا چۆن بیەوێت بە ئاسماندا بڵاوی دەکاتەوە، ئەو هەورە دەکاتە پارچەیەك لەسەر یەکترکۆیان دەکاتەوە، ئینجا دەبینی دلۆپ دلۆپی باران لەنێوانی هەورەکەوەدەبارێت، کاتێك خوا ئەو بارانە ببارێنێت بۆ وڵات ـ زەوی ـ هەر کام لە بەندەکانی کە بیەوێت، کوتوپڕ بەو بارانە دڵخۆش و شادمان دەبن. ( پوختەی تەفسیری قورئان. مەلا محمد مەلا صالح). هەروەها خوای گەورە لە سورەتی( فاطر)دا دەفەرموێت:( وَاللَّهُ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَاباً فَسُقْنَاهُ إِلَى بَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَحْيَيْنَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا كَذَلِكَ النُّشُورُ) «فاطر :٩». واتە: (خوا زاتێکە باکانی ناردووە، بۆ ئەوەی هەورەکان بگەڕێنێت و بڵاویانبکەنەوە, ئینجا ئەو هەورانە دەنێرین بۆ سەر وڵاتێکی مردوو، جا بارانی لێ دەبارێت و زە وی پێی زیندوو دەگەینەوە، لە پاش وشکبوون و مردنی، زیندووکردنەوەی مردووانیش لە قیامەتدا هەر بەو شێوەیەیە).(پوختەی تەفسیری قورئان. مەلا محمد مەلا صالح)

ئەم وشانە، کە لە تەفسیری دوو ئایەتەکەدا هاتوون مانای ئیعجازی زانستییان لە خۆگرتووە، ئەو کاتەش هەست بە ناوەڕۆکی زانستیی دوو ئایەتەکەی سەرەوەدەکەین، کە بە یاساکانی داینامیکی گەرمی هەوای شێدار، یان ئاویێتەکانی هەواو باراندا (١) بچینەوە، هەروەها ئاشنابوون بە کردەی تێربوونی هەوا بە هەڵمی ئاو (٢) لەکاتی تێپەڕبوونی بەسەر ڕووی ئاودا، ئەم کردەیەش بناغەی زۆربەی پرۆسەکانی هەواگۆڕکێ و ڕێگا نوێیەکانی خوێ لێلابردن و سازکردنی ئاوی دەریایە(تحلية المياه).

لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەبینین چۆن ئەم ئایەتە ئیعجازییانە ئاگادارماندەکەن، کە ناردن و جوڵەی با ڕۆڵی سەرەکیی دەگێڕێت، تا دەریاکان هەڵمی ئاویان لێ دەربچێت و هەوری بەبارانیان لێ پێکبێت، هەروەها چۆن ئایەتەکان بە وردترین وشەو گوزارشت باس لەو مانا زانستییە ئیعجازییانە دەکەن.

**پێشەکی:**

زەریاکان ئاویان سوێرەو نزیکەی ٤/٣ ی ڕووی گۆی زەوی دادەپۆشن، واتە نزیکەی ٣٦١ ملیون کیلۆمەتر چوارگۆشە، لە هەندێك جێگەدا دووری قوڵایی ئەم ئاوانە دەگەنەزیاتر لە ١١٥٢١مەتر (دەمی ماریا لە زەریای ئارام)،لە کاتێکدا ڕێژەی خوێ لە ئاوی زەریاکاندا دەگاتە (٣٥ )بەش لە هەزار، لە ئاوی دەریاکانیشدا ٣١ـ ٣٨ بەش لە هەزار پێکدەهێنێت، خوێکان لە قوڵاییەدوورەکانی نێو زەریاکاندا دەبنە هۆی پاراستنی ئاو لە خراپبوون، چونکە ئاو لە قوڵاییەکاندا بۆ ماوەی درێژ خایان بە وەستاویی دەمێنێتەوە، ئەم ڕێژەبەرزەی خوێش لە زەریاکاندا نەبووایە، کە چڕییەکەی بەشێوەی پلەبەند لە ڕووی ئاوەوە بۆ قوڵاییەکەی زیاد دەکات، ئەوا ئاوی دەریاکان خراپدەبوون، بەم شێوەیە خوای گەورە بە خوێکان دەریاکان لە بۆنکردن و خراپبوون دەپارێزێت، ئەگەر نا بەو ملیونەها ساڵەی کە لە تەمەنی زەوی تێپەری کردووە، یان ئەو ماوەیەی، کە لە تەمەنی زەوی ماوە، ئاوی دەریاکان خراپ و بۆگەن دەبوون.

خوای کردگار دەریا سوێرەکانی کردووە بە عەمباری هەمیشەیی بۆ ئاوی شیرینی پێویست بۆ مرۆڤەکان و هەموو زیندەوەرانی سەر ڕووی زەوی، چونکە ناکرێت و ناتوانرێت ئاوی شیرین بۆ ماوەی درێژخایان هەڵبگیرێت، واتە بەم شێوەیە نەبووایە، کە باسمان کرد، ئەوا ئاو بۆگەنی دەکردو بەکتیریاو مشەخۆرە جۆراو جۆرەکان ئاویان خراپ دەکرد.

**پرۆسەکانی تێربوونی هەوا بە هەڵمی ئاو:**

بەپێی بیردۆزە تازەکانی داینامیکای گەرمی، لەکاتی تێپەڕبوونی هەوای وشك بەسەر ڕووی ئاوە سوێرەکاندا (شێوەی ژمارە(١)، هەوا وشکەکە ئاوەکان دەخرۆشێنێت و دەیانجولێنێت، تاکو برێك لە هەڵمی ئاوی شیرینیان لێ دەربچێت، ئەو هەڵمەش سەر ڕووی ئاو دەکەوێت و هەوا وشکەکە بەسەر ئاوەکەدا تێپەردەبێت بە هەڵمەکە تەر دەبێت و پر ئاو و شێدار دەبێت و پێی دەگوترێت بای بە هەڵم تێربوو، یان پێی دەگوترێت شێ،

شێ بریتییە لە هەڵمی ئاوی شیرین. کاتێکیش هەوا بە هەڵمی ئاو تێردەبێت، دەگاتە پلەیەك لە هاوسەنگیی، کە پێی دەگوترێت (هاوسەنگیی داینامیکی)، ئیتر ئەو کاتە هەوا توانای هەڵگرتنی چەندێکی تر لە هەڵمی نامێنێت، بەشێوەیەك لەو حاڵەتە هاوسەنگییەدا ڕێژەی ئەوەی لە دەریا بە هەڵم دەبێت بەرامبەر دەبێت بە ڕێژەی ئەو هەڵمەی لە هەوادا چڕ دەبێتەوە، بۆنموونە لەشێوەی(١)دا هەوا وشکەکە بەئاراستەی تیرەکە بەسەر ئاوەکەدا تێپەردەبێت و ئاوەکە دەخرۆشێنێت و هەڵمی ئاوی لێ دەردەچێت، تاوەکو هەوای دەرەوەی سەر ڕووی ئاوەکەدەگاتە حاڵەتی بە ئاو تێربوون(شێداریی). لە نەخشەی شێوەی ژمارە(٢)شدا تیرەکە ئاراستەی تێربوونی هەوایە بە هەڵمی ئاو، تاوەکو دەگاتە ڕێژەی ١٠٠٪ لە شێ، ئەو کاتەش ڕووی دەریا ئیتر توانای دەرکردنی بڕێکی تری هەڵمی ئاوی نامێنێت. بێگومان هەڵێکی تر بۆ دووبارەبوونەوەی ئەم کردارە نەدەبوو، ئەگەر بایەکی وشکی تازە تێنەپەڕێت، تا ئاوەکە بجوڵێنێت و بڕێکی تر لە هەڵمی ئاوی لێ دەربچێت.




شێوەی ژمارە(١)




شێوەی ژمارە(٢)

## پێکهاتنی هەور:

لە کاتی ئەو سوڕەدا، کە زانایان بە (سووڕی ئاولە زەویدا) ناوی دەبەن، تیشکی خۆر دەریا سوێرەکان دادەگرێت، هەڵمی ئاوی شیرینیش بەهۆی باوە سەر ڕووی دەریا دەکەوێت، ئەو کاتە ئەو چینەهەوا وشکەی بەر ڕووی دەریا دەکەوێت پێشوازی لەهەڵمە سەرئاوکەوتووەکە دەکات و ڕێژەو بڕێکی دیاریکراو لە هەڵمە سەر ئاو کەوتووەکە وەردەگرێت، هەتا هەواکە دەگاتە رادەی بە ئاو تێربوون یان بە ئاو پڕبوون یان هەڵم، یان حاڵەتی هاوسەنگی داینامیکی، ئەو حاڵەتەی، کە بڕی هەڵمی سەر ئاو کەوتوو لە ڕووی ئاو، یان زەریا سوێرەکان بەرامبەر دەبێت بە بڕی چڕبوونەوەی هەڵمی ئاو لە هەوای سەر ڕووی دەریاکاندا، لە پلەی بە ئاو تێربوونی هەواشدا توانای هەوا بۆ مژینی بڕی هەڵمی ئاو زیاد دەکات بە زیادبوونی پلەی گەرما، هەر بۆیە لەکاتی درەخشانی تیشکی خۆردا بەهەڵمبوون زیاد دەکات.

کاتێك بە فەرمانی خوای پەروەردگار با بەسەر ڕووی زەریاکاندا دەگەرێت، ئەوکات با ئەو چینە لە هەوای بە هەڵم تێربووی سەر ڕووی دەریاکان لادەبات و لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرێت، لەبەرئەوەی چڕیی هەوای بە هەڵم تێربوو کەمترە لە چڕیی هەوای وشك(٣)، بۆیە هەوا بە هەڵم تێربووەکە بە هۆی کاریگەری باوە سەردەکەوێت بۆ چینە بەرزەکانی هەوا، کە لەوێش پلەکانی گەرما کەم دەبێتەوە، لەو بەرزاییانەشدا هەڵمی ئاو چڕدەبێتەوە(٤)، ولە شێوەی دڵۆپە دڵۆپەی ئاودا کۆدەبێتەوە و هەوری بە باران لەنێوان زەوی و ئاسماندا دروستدەکات، کاتێکیش با بۆ ماوەیەکی فراوان پاڵ بەچینەهەوا تێر ئاوبووەکانەوە بەسەر پانتایی دەریا و زەریاکاندا دەنێت، بە هۆکاری با هەوای وشك جێی هەوا شێدارەکەدەگرێتەوە، لێرەدا بۆ جارێکی تر ڕووی دەریا و زەریاکان بەهۆی ئەو هەوا وشکەوە بەگەر دەکەونەوەو بڕێکی زۆری تر لە ئاو لە شێوەی هەڵمدا لێدەردەچێت و بەوەش ئەو هەوایەی بەر ڕووی دەریاکان دەکەوێت جارێکی تر شێدارو پڕ ئاو دەبێتەوە، تا بۆ جارێکی تر بە حاڵەتی هاوسەنگی داینامیکی دەگاتەوە، ئەم هەڵمەش بەهۆی کاری باوە دووبارە بەرزدەبێتەوەو بەوشێوەیە بەردەوام هەور دروست دەبێت و سووری ئاو لە زەویدا جارلە دوای جار دووبارەدەبێتەوە، ئەم هەڵمەش بەهۆی جوڵانی بەردەوامی باوە هەورە بارانییە قورسەکان دروستدەکات و دەبێتەهۆی بارانبارین، لە هەموو جارێکدا هەوا ڕووی دەریاکان دەخرۆشێنێت تاوەکو هەورەباراناوییەکان دروستبن، بڕی ئەو هەڵمەش، کە ساڵانە هەوا لە دەریاکانی هەڵدەگرێت بە بڕی ٣٦١٠٠٠ کم$^3$ دەخەمڵێنرێت، بڕی هەڵمی ئاو کە بەرگەهەوا لە هەر کاتێکدا عەمباری دەکات، ساڵانە بە ١٣٥٠٠٠ کم$^3$ دەخەمڵێنرێت، بەڵام بڕی هەڵمی عەمبارەکراو لە دەریاو زەریاکاندا بە بڕی ١٤٠٠٠٠٠٠٠ کم$^3$ دەخەمڵێنرێت.




ئەم شێوەیە سووڕی دروستبوونی باران لە زەریاکاندا ڕووندەکاتەوە




وێنەی ئەو هەورانەی، هەڵمی ئاویان هەڵگرتووە

## فەرهەنگ:

لە فەرهەنگیشدا وشەی (تثیر) بەو واتایە هاتووە، کە ئایەتە پیرۆزەکە هێناویەتی، ئەوەتا خوای گەورە لە بارەی نیشانەی مانگاکەی بەنی ئیسرائیلەوەدەفەرموێت:( تثیر الارض و لاتسقي الحرث)، لە فەرهەنگدا وشەی (أثار الارض): بە مانای کێڵانی زەوی هاتووە، کێڵانیش واتە جوڵاندنی زەوی، کە کردارێکیشە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە.

**ئایەتەپیرۆزەکان:** هەر دوو وشەی (تثیر سحابا) لە دوو ئایەتی پیرۆزدا دووبارەبوونەتەوە: یەکەم:(الله الذی یرسل الریاح فتثیر سحابا) ( الروم / ٤٨) .. دووەمیش : ( الله الذی أرسل الریاح فتثیر سحابا) (فاطر / ٩) ... لەم باسەشماندا ڕوونبووەوە ،کە دروستبوونی هەورە باراناوییەکان لە ئەنجامی کرداری جوڵاندن و خرۆشاندنی بەردەوامی زەریاو دەریا ئاوە سوێرەکانەوە دەبێت، ئەم کردارەش بە لابردنی چینی هەوای بە هەڵم تێربووی سەر ڕووی ئاو دەست پێدەکات، بۆیەدەریاکان ناچار دەبن بڕێکی تر لە ئاوی شیرین لە شێوەی هەڵمی ئاودا دەربکەن، کە ئەویش سەردەکەوێت و بەهۆیەوە هەوا پڕ ئاو دەبێت و بەو شێوەیە بایەکی تر دێت و ئەم جوڵاندن و خرۆشانەی ئاو بەردەوام دەبێت، ئەگەر وامادانا، مەترێکی چوارگۆشە لە ڕۆژێکدا لە بەر تیشکی خۆردا دەکرێت لانی کەم یەك کیلۆگرامی لێ ببێتە هەڵم. ئەوکاتەدەکرێت هەموو ئەوەی ڕۆژانە، کە با لەگەڵ خۆی هەڵیدەگرێت بەهۆی جوڵانی بەردەوامی دەریاو زەریاکانەوە بگاتە ملیۆنەها تەن.

## پاڵپشتی فەرهەنگی:

لە زمانی عەرەبیدا کاتێك با لەسەر زەوییەکی بیابانی هەڵدەکات، دەگوترێت با تۆزی لە زەوی هەستاندو بڵاویکردەوە.

## ڕووەکانی ئیعجاز(پووختەی لێکۆڵینەوەکە):

ئایا کێ لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (صلی الله علیه و سلم) ئەم ڕاستییەی سەرەوەی دەزانی؟ کێ دەیزانی خوای گەورە با دەنێرێت و هەورەکان بڵاودەکاتەوە؟ واتە ئاوی شیرین لە ئاوی سوێری دەریاکان دروستدەکات!!، کێ دەیزانی ئەو ئاوە شیرینەی باران، کە لە ئاسمان دێتەخوارەوە لە ئاوی سوێری دەریاکان دروستدەبێت؟ کێ دەیزانی با بەم شێوەیەی لەم باسەماندا ڕوونمان کردەوە ڕۆڵ و کاریگەری لە دروستبوونی هەورەباراناوییەکاندا هەیە؟ کەواتە پاك و بێگەردیی بۆ خوای زانای کاربەجێ، کە چۆن لە ئایەتەکانیدا ئەم ڕاستییە زانستییانەمان بۆ ڕووندەکاتەوە.

م. جەمال موحەممەد ئەمین

# باران
# شەوو ڕۆژ دەبارێت



پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد ( درودی خوای لێبێت ) ئەو کەسایەتیە گەورەیە، کە لە لایەن خواوە بۆ سەرجەمی مرۆڤەکان نێردراوە و تا ڕۆژی دوایی دوا پێغەمبەری خوایە بۆسەرجەمی مرۆڤایەتی،بۆیە سەرچاوەی هەموو فەرموودە و فەرمایشتەکانی لە خواوەیە و سروشتی خواییە و هەردەم دەبێت ڕاست دەرچێت (و ماینطق عن الهوى ان هو الا وحی یوحی).

زۆرن ئەو فەرموودانەی پێغەمبەری ئیسلام، کە لەم سەردەمەدا شایەتی لە سەر ڕاستیی پێغەمبەرایەتیی ئەو کەسایەتیە گەورەیە دەدەن، لە نێو ئەو فەرموودانەدا فەرموودەیەك هەیە، کە زۆر سەرسورهێنەو باس لە باران دەکات، کەس ناتوانێت ئەو پێشبینیە بکات ئەگەر لە لایەن خوای بەدیهێنەوە نەنێردرابێت، بەڵام لە پێشدا با لەڕووی زانستییەوە تیشکێك بخەینە سەر باران.

لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا ئەستێرەناسەکان ئاژانسی باوەڕپێکراوی هەواڵەکانی کەشناسی بوون. ئەوان وایان دانابوو، کە باران بەهۆی بوونی هەندێك ئەستێرە لە باری دیاریکراودا، کە بە بورج ناوزەد کرابوون دەبارێت و هەندێکیان وای بۆدەچوون کە باران بڕێوییە و لە لایەن خواوەندەوە بۆ مرۆڤ دەنێرڕێت، بەڵام هەر بە هاتنی پێغەمبەری خۆشەویستمان ئەو بیروبۆچوونانەی ڕەتکردەوەو بیرکردنەوەی زانستی لە مێشکیاندا چاندو ڕوونی کردەوە، کە باران و هەورەگرمە و هەورە بروسکە و خۆر و مانگ گیران و ئەوانی تر هەموویان بەڵگەن لە سەر دەسەڵات و گەورەیی خوای باڵادەست و هەموو دیاردە سروشتییەکان بە پێی فەرمانی خوای بەدیهێنەریان بەڕێوەدەچن .

لە شارستانێتی گریکەکاندا خەڵکی بارانیان بە تووڕەبوون و خەشمی خوا دادەنا، کە ئەوەش ئەفسانەیەکی تری ئەو کاتەی ئەوروپا بووە، بۆ ئەوەش پەیکەری تایبەتیان داتاشیوە.

### تێڕوانینی زاناکانی ئەمڕۆ بۆ باران:

هەموو زاناکانی ئەم سەردەمە جەخت لەوە دەکەنەوە، کە باران دیاردەیەکی سروشتی زۆر ڕیکوپێك و ئاڵۆزە و بۆ دروستبوونی هەر دڵۆپێکی باران چەندین یاسای فیزیایی ئاڵۆز ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام ئەوەی ئێستا نوێ بێت ئەوەیە، کە بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە دەرکەوتووە، باران بە شێوەی بەردەوام لە شوێنە جیاجیاکانی سەر زەویدا دەبارێت، بە پێی ئەو مانگە دەستکردانە و بە پێی قسەی زاناکان بەردەوام ئاسمانی زەوی داپۆشراوە بە هەور و لە هەموو چرکەیەکدا هەورە بروسکە ڕوودات، کە ئەویش بەڵگەی باران بارینە، بۆیە بەردەوام باران لە سەر ڕووی زەوی دەبارێت !!

بەشەکانی گۆی زەوی ئاڵوگۆڕی چوار وەرزەکان دەکەن، کاتێك لە نیوەی باکوری زەوی هاوین دەبێت لە نیوەی باشوری زستان دەبێت و هەروەها ..... واتە هیچ کاتێك نامێنێتەوە، کە لە ناوچە جیاجیاکانی سەر ڕووی زەوی بارانی تێدا نەبارێت، هەروەها زۆربەی ئەو بارانانەش دەچنە نێو دەریاکانەوە، ئەمانەش ڕاستیی زانستیین .

دەبا بزانین پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد( درودی خوای لێبێت ) لەو

بارەیـەوە چی دەفەرموێت : (ما من ساعة من ليل ولا نهار إلا السماء تمطر فيها يصرفه الله حيث يشاء) «رواه الحاكم».

ئەم فەرموودەیە جەخت لە راستییەکی زانستی دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە هیچ کاتێك نییە بە درێژایی شەوو رۆژ بارانی تێدا نەبارێت، ئەمرۆمانگە دەستکردەکانیش بە روونی ئەو راستییە زانستییەیان دەرخستووە !!

خوای گەورە دەفەرموێت : (وَهُوَ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ وَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً طَهُورًا (٤٨) لِنُحْيِيَ بِهِ بَلْدَةً مَيْتًا وَنُسْقِيَهُ مِمَّا خَلَقْنَا أَنْعَامًا وَأَنَاسِيَّ كَثِيرًا (٤٩) وَلَقَدْ صَرَّفْنَاهُ بَيْنَهُمْ لِيَذَّكَّرُوا فَأَبَى أَكْثَرُ النَّاسِ إِلَّا كُفُورًا) «الفرقان: ٤٨-٥٠».

لە راڤەی بەغەویدا هاتووە ( ولقد صرفناة بينهم ) بە مانای باران دێت، کە ئاڵوگۆڕی پێدەکات لە نێوان ناوچەکاندا.

ئیبن ئیسحاق و ئیبن جەریح و موقاتل و ئیبن مەسعود هەموو دەڵێن : هیچ ساڵێك لە ساڵێکی تر بە باران تر نابێت، بەڵام خوای گەورە ئەو رۆزییەی دابەشکردوە، کە لە ئاسماندایە، لەم ولاتە برێك دەبارێنێت و لەوی تر برێکی تر و هەرکات ویستی لەمیان دەبرێت و دەیدات بە لایەکی تر، ئەگەر گوناح و تاوان لەو شوێنەدا زۆر بوو.

پێغەمبەر( درودی خوای لێبێت) لە ژینگەیەکی بیاباناویدا دەژیا و نە مانگی دەستکرد و نە کامێرای وێنەگرتن و نە هەواڵنامەی کەشناسی لە لابووە، هەروەها هیچ هۆکارێك بۆ پێشبینیکردن لە بارانبارین نەبووە، خۆ دەیتوانی قسەیەکی وا بکات، کە نەتەوەکەی پێی قایل بن، بەڵام چۆن قسە لە رووداوێك یان دیاردەیەك دەکات، کە بە سەدان ساڵ دوای خۆی دەدۆزرێتەوە، ئەگەر ئەوە وەحی خوایی نەبێت, ئەگەر ئەوە نەبێت ئەو چ پێویستی بەوەیە، کە باس لە دیاردەیەك بکات کە لەم سەردەمە و لە داهاتوودا دەدۆزرێنەوە .

با بزانین رووەکانی ئیعجاز لەو فەرموودەیەی پێشوودا کامانەن :

١- فەرموودەکە لە چەند وشەیەکی کورت و پاراودا باس لە راستییەکی زانستی دەکات: (ما من ساعة من ليل ولا نهار إلا السماء تمطر فيها يصرفه الله حيث يشاء) سەرنجبدەن، کە چۆن ئەو پێغەمبەرە مەزنە راشکاوانە هەواڵێك دەدات کە پاش ١٤ سەدە زیاتر بە شێوەی پراکتیکی بۆ مرۆڤ دەردەکەوێت هەواڵدانەکەش لە کوێدا دەبێت لە ژینگەیەکی بیاباناوی وشك و برنگدا و لە ناو گەلێکی دوور لە زانست و تەکنیکدا !!!

٢- پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت ) دەربارەی پرسێکی زۆر گرنگ قسە دەکات کە راستییەکی زانستییە دەربارەی باران و ئاوی سەر رووی زەوی، وەك دەفەرموێت ( يصرفه الله حيث يشاء ) واتە خوای گەورە بۆ هەر شوێنێك بیەوێت دەیبات, سەیر لێرەدا ئەوەیە، کە ئەمرۆ چەندین سەرچاوەی زانستی گەورە هەن، باس لە سیستمێکی ورد دەکەن بۆ خولی ئاو لە سروشتدا و زاناکان جەخت لە جێگیری بری باران دەکەن لە سروشتدا، هەروەها ئەو ئاوانەش دابەش دەبن بە سەر رووبار و دەریا و دەریاچەکان و بە سوێر و شیرینیانەو و بەشێکیشی دەگاتە قوڵایی زەوی و دەبێتە ئاوی ژێر زەوی .

٣- رووەکی تری ئیعجازی تری فەرموودەکە، ئەوەیە کە کەسێك نەبووە بتوانێت بەرپەرچی موحەمەد(درودی خوای لێبێت) بداتەوە نە لە سەردەمی خۆیدا، کە پێی بڵێن باران چییە و کوا باران خۆ ئێمە لە ژینگەیەکی بیاباناوی وشکداین و تۆ چیت داوە لەو باسی بارانبارینە، نە لەم سەردەمەدا کە ناحەزی هێجگار زۆرە ئەمەش هەمووی بەڵگەی ئیعجازی فەرموودەکەیە .

٤- ئیعجازێکی دیکەی فەرموودەکە ئەوەیە، کە خوای گەورە ئەو فەرموودەیەی پاراستووە و بێدەستکاری وەك خۆی ماوەتەوە، هەرچەندە بەدرێژایی سەدان ساڵ پێچەوانەی راستییەکانی ئەو سەردەمانەبووە، لەو ماوە زۆر دوور و درێژەی کە بە سەریدا تێپەڕیوە موسڵمانان ئەم فەرموودەیەیان پاراستووە و لە راستگۆیی پێغەمبەرەکەیان دڵنیابوون.

٥- پرسیارێك بۆ ئەوانەی، کە نکوڵی لە پێغەمبەرایەتیی موحەمەد (درودی خوای لێبێت) دەکەن و دەڵێن ئەو قورئانی داناوە تا ناوبانگ ودەسەڵات پەیدا بکات، ئەگەر وایە بۆچی باس لە راستییەکی زانستی دەکات، کە بۆ سەردەمانێك لەوانەیە هیچی نەگەیاندبێت ؟ بۆ باسی شتی تایبەتی خۆی نەکردوە، ئەگەر ناوبانگ و خۆدەرخستنی ویستبێت ؟؟



# مێخی شاخ و کێوەکان

زانایان تازە ئەوەیان بۆ ئاشکرابووە، کە هەموو شاخ و کێوێکی سەر رووی ئەم زەوییە ڕەگ و بێخێکی وەك مێخی هەیە کە بە ناو قوڵایی زەویدا چەندین کیلۆمەتر ڕۆچووە، لە کاتێکدا ئەم ڕاستییە زانستییە، لە سەردەمی هاتنە خوارەوەی قورئانی پیرۆزدا، هیچ کەسێك نەك نەیدەزانی، بەڵکو هەر بۆیشی نەدەچوو.. بەڵام ئەم قورئانە پیرۆزە ئاماژەی بۆ کردووە، کاتێك دەفەرموێت: (وَالْجِبَالَ أَوْتَادًا) «النبأ: ٧»، واتە: (ئاخۆ کێوەکانیشمان وەك مێخ بۆ دانەکوتاون؟!)

بۆیە دەپرسین: ئایا کێ ئەم زانیارییەی بە پێغەمبەری ئازیزمان (صلى الله عليه وسلم) ڕاگەیاندووە؟



وەرگێڕانی: م. جەلال ڕەحمان

# لە سوودەکانی ئاو نەخواردنەوە لە ڕۆژوودا

